## ئەنفالی هەڵەبجە
## ئەنفالی هەڵەبجە دۆسیّیەکی لەبیرکراو .

ئەگەر لێبوردەیی بۆپێکەوە ژیانوئاشتیو ئارامی مرۆڤ بێ، لەسایەیدا دیموکراسی گەشە بکاو مرۆڤ لە بری چەواشە بوونو سەرکوێربوون، دەرگای شەفافیەت و پێکەوە ژیانی بەرووداو بکرێتەوە، ئەوا لە لۆجیکی بەعسدا واتای لێبوردن و تێگەیشتن لێی تەواو پێچەوانە بوو..! گەرەکمە لێرەدا دیویکی تری مەرگدۆستانەی بەعس باسبکەم، لایەنێک کە نەدەبوو هیچ پەیوەندی بەمەرگەوە هەبێت، ئەو چەمکەی بەعس ئەتکی کردو لە عێراقدا بەتەواوی متمانەی لەدەستدا ئەو لێبوردنە گشتییە بوو کە ئەوئاوارانەی نەگەرتەوە کە بەپروپاگەندەی سیخورەکانی بەعس گەرابوونەوە .

لەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا کە دیداری قوربانیەکان دەیخوێنتەوە بە رونی ئەوە دەبینیت کە لێبوردن وەک بۆسە، وەک تەڵەیەکی ترسناک بووەتە هۆکاری کۆزەکردنی قوربانی و ریگایەک بۆ چەواشەکردن و چوونەوە ناو هۆڵەکانی ئەشکەنجەدان و لەوەش خراپتر مەرگی دەستەجەمعی، لەکاتێکدا هەموو تاوانی ئەوخەڵکە هەرئەوەندە بوو کورد بوون، بەزەبری هێزو چەکی ترسناک لە شارو لە ماڵەکانی خۆیان دەرپەرێندرا بوون. لە دوای بەیانی کۆتایی هاتنی ئەنفالیش ئەوانەی بەعس لێبوردنی بۆ راگەیاندبوون، هەمان ئەوخەڵکانە بوون کە چ لەپەلامارەکانی ئەنفالدا یان لەکیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا بەناچاری چووبوونە ولاتانی ئێرانو تورکیاو بە زەحمەتێکی زۆر رزگاریان ببوو، دواتریش بەبانگەوازی لێبوردنی گشتی یاخود بە پروپاگەندی سیخورەکانی دەوڵەت هاتوونەتەوە بەنیازی چونەوە سەرماڵ وحاڵی خۆیان، لەسەرسنورەکان خۆیان داوەتە دەست ئەو لیژنانەوە کە بەحساب بۆ پێشوازی ئاوارەکان راوەستابوون. کەچی ئەو خەڵکە لێقەوماوە لەرقو تورەیی بەعس رزگاریان نەبوو، بەڵکو راستەوخۆ بوونە قوربانی فیلێکی تری رژێم لە ژێرپەردەو بە ناوی لێبوردنەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئاخۆ ئەگەر تیرۆروسەرکوتی دەوڵەت نەبێ خەڵکی سڤیل بۆ ئاوارەی ولاتانی دەرو دراوسێ دەبی؟! ئایا بە راست خەڵکی مەدەنی چ دەسەلاتێکی لە هەلایسانی جەنگ وکوشتاردا هەیە ؟ بەتایبەتیش لەسایەی دەوڵەتێکی پۆلیسی وتۆتالیتاریدا ؟

لە عێراقدا دەیان ریگاو دەروازەی دۆزەخ کراوەبوون، بەلام لە قسەی شایەتحاڵەکانی ئەنفالی هەڵەبجەدا دەروازیەکی تردەبینین بۆ چوونە ناودۆزخەوە، مرۆڤانێک کە بەنیازی ئەوەی بچنەوە سەرماڵ وحالی خۆیان کەچی دەبرێنە دۆزەخی نوگرەسەلمان و بەگەرمای بیابان هەڵیان دەقرچێنن چیانشینەکانی بناری چیای شنروێ و بالامبۆ بەئاوی سویری بیابان دەکوژن لانی کەم رایاندەهێنن چۆن لەگەڵ دۆخی ستەمکاریدا هەڵبکەن . لێبوردنی گشتی و ئەنفال وگازباران لەعێراقی سەروەختی بەعسدا هەموویان یەک واتایان هەبوو ئەویش مەرگدۆستی و ئاشنابوون و راهاتن بوو بەمەرگ لێبوردن ئەو چەمکەی دواجار ئەویش بەئەنفالەوە متمانەی خۆی لەدەستدا .

ئەنفالی هەڵەبجە دۆسێیەکە تەواومایەی تێرامانە، وردبوونەوە لەجۆرەستەمکارییەکی تر کە هەڵوەستەی لەسەرنەکراوە چونکە ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان نەک هەرلەسەر ئاستی جیهان بگرە لەسەرئاستی ناوخۆش کەم کەس لەسەری وەستاوەو ئاگای لەو دۆسێیەیە، لەوەش مەترسیدار تر خودی هەڵەبجەییەکان زۆر لێی بێخەم و بێباکن ! لەکاتێکدا هەڵەبجەییەکانیش وەک گەرمیانیەکان، وەک بادینانیەکان ئەنفالکراون، براون بۆ تۆپزاوا، براون بۆ نوگرەسەلمان، تەرمی 52 کەسی خەڵکی شاری هەڵەبجە لە دەرەوەی حەوشەی قەلای

نوگرەسەلمان لە ژێرلمی وشک وگەرمی بیابانـدا بەبێ بێرێزییەکی زۆرەوە شاردراونەتەوەو هێشتا روفاتەکانیان نەگەڕێندراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆریشیان هێشتا بێسەروشوێنن و چارەنوسیان وەک هەموو ئەنفالکراوەکانی تر نادیارە.

هەڵەبجەییەکان هەربەگازی کیمیایی نەخنکێنراون، ئەوانیش وەک سێوسێنانیەکان و وەکو خەڵکی گۆپتەپەو عەسکەر، دوای ئەوەی کیمیابارانکراون وکۆمەڵکوژییان لەسۆنگەی گازی کیمیاوییەوە لێکرا، ئینجا خەڵکەکەی گیراون وئەنفالکراون، ئەنفالی هەڵەبجەیەکان دۆسێیەکی تەواو جیاوازەو هەردەچێتە خانەی تاوانی جینۆسایدەوە وەلێ بێباکی و خەمساردی وبێدیقەتی کورد ئەویشی بەفەرامۆشی سپاردووە.

هەلبەجەییەکان بەسێ شێوازی جیاواز گیران وبێسەروشوێنکراون کەدەشێت بەسێ قۆناغی جیاوازپۆلێنیان بکەین :

**قۆناغی یەکەم** : رێکەوتی 9ی ئابی 1988 رێک رۆژێک دوای وەستانی جەنگی ئێران عێراق بووە کە ژمارەیان 1152 کەس بووە لەناویاندا سێکەس لە شایەتحاڵەکان ( عەلی عارف، عومەرمحەمەد سوبحان، مامۆستا محەمەد) کە دواتر لەنوگرەسەلمان ئازادکراون لەم کتێبەدا لەناودیدارەکاندا وردەکاری بەسەرهاتی خۆیان و ئەو خەڵکە دەگێڕنەوە ئەو ژمارەیە هەموویان پێکەوە لە کەمپی سەریاسەوە هاتوونەتەوە بۆسەرسنوری تەوێڵەو لەوێ لیژنەیەکی سوپای عێراق بەحساب پێشوازی لێکردوون و پێیانراگەیاندوون کەوا دەتانبەینەوە بۆ هەڵەبجە، بەڵام هەر لەتەوێڵەوە چواردوورییان دەگرن و لیژنەیەک لەپیاوانی ئەمن دەیانبەن بەرەو عەربەت و لەوێشەوە یەکسەر بۆدائیرەی ئەمنی سلێمانی و ماوەی هەفتەیەک لە تەوارییەکەی سلێمانی رایاندەگرن وئەشکەنجەیان دەدەن ودوای هەفتەیەک ڕەوانەی قەڵای نوگرەسەلمانیان دەکەن.

**قۆناغی دووهەم:** ئەوانە بوون کە لە لێبووردنە گشتیەکەی ئەیلولی 1988 دادەگەرێنەوە بۆسەرسنور ژمارەیان 22 خانەوادە بوون لەوانە ( خێزانێکی 12 کەسی ماڵی عەبدوڵا بەڵخەیی و ماڵی پیاوێکی تر بەناوی فەریق و ماڵی میکایل وماڵی باوکی و کوڕوکچەکانی حوسێن شا) ئەوانە هەموویان خەڵکی بەڵخەی هەورامان و ماڵی پیاوێکی تریش بەناوی (سلێمان) ئەوانیش خەڵکی سەرگەتی هەورامان بوون.

) بەڵام چەند رۆژێک دوادەکەون واتا ئەوکاتەی ئەوان دەکەونە رێ ماوەی لێبووردنی گشتی کۆتایی هاتووە، لەوێ لیژنەی پێشوازی لە ئاوارە ئێرانیەکان کە پێکهاتبوون لە یەکەیەکی سوپای فەیلەقی یەک و لیژنەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر کە شێخ جەعفەربەرزنجی سەرپەرشتی دەکردن و هەرخۆشی سەرۆکی لیژنەی پێشوازیکردنەکە بووە، بەهەمان شێوە سواری سەیارەی سەربازییان دەکەن و دەیانهێنن بۆ دائیرەی ئەمنی سلێمانی و ماوەی سێ رۆژ لەتەوارییەکەی گەرەکی چوارباخی سلێمانی رایاندەگرن ودواتر رەوانەی تۆپزاوایان دەکەن . ئەوانە کەمینەیەکیان نەبێت کە بەهۆی ئەوەی کەسێکی نزیکیان لەجەنگی قادسیەدا کوژرابوون ئازادکران کەبەپەنجەی دەستێک تەواوناکەن کەسی تریان نەبینرانەوەو هەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە .

**قۆناغی سێهەم** : ئەوکەسانە بوون کە لە نێوان مانگەکانی 10و 11ی ساڵی 1988 لەرێگاکانی تەوێڵەوسونێی لای قەڵاتدزی وشوێنی ترەوە گەراونەتەوە ئەوانەش هەتا ئێستا بەبێ سۆراغ ماونەتەوەو چارەنوسیان نادیارە . لەوخەڵکانەی گەرانەوە هەندێکیان بەرێکەوت خۆیان گەیاندبووە قەڵاتدزێ و سەنگەسەرو دەربازییان ببوو، کوڕێکی

گوندی هاواری ناوچەی هەورامان ( فەلاح مراد خان) کە ئێستا پیاوێکی رۆشنبیرو چالاکێکی وریای رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە زیاد لەجارێک چیرۆکی بەرێکەوت دەربازبوونی خۆی و خانەوادەکەی بۆگێڕاومەتەوە کە چۆن لەئێرانەوە هاتوونەتەوەو چۆن دەربازیان بووە، هەموو ئەو جەخت دەکاتەوە کە هێڵی جیابوونەوەی مەرگ وژیان لەچارەنوسی ئێمەدا تەنها (نیوکاتژمێر) بوو، ئەگەر ئەوەندە چاوەروانمان بکردایە ئەوا دەبوو وەک ئەوخەڵکەی تر خۆمان بخستایەتە بەرچارەنوسێکی نادیارەوەو چاوڕێی ئیڤای سەربازی بین ونەزانین بۆکوێمان دەبەن، بەڵام ئێمە گوێمان بەوقسانە نەدا کە دەیانگووت بەسەیارەی مەدەنی مەرۆن چونکە لە سەیتەرەکانی حکومەت دەتانگرن .

جێگەی ئاماژەیە هەموویان بەپروپاگەندەی سیخورەکانی عێراق گەراونەتەوە گوایە لێبوردن هەیەو هەڵەبجە ئاوەدان دەکرێتەوەو دەچنەوە سەرماڵ وحاڵی خۆتان، دەبێت ئەوەش بلێین کە زۆرێک لەوانە دانیشتووی هەڵەبجە بوون، بەڵام لە بنەرەتدا خەڵکی هەورامان بوون جا چ خەڵکی گوندەکانی بەڵخەوسەرگەت و هاوار بوون یان خەڵکی تەوێڵەو بیارەو شوێنەکانی تر .

ئەگەر ئەوە حاڵی خراپی ئاوارە گەڕاوەکانی ناو زیندانەکانی نوگرەسەلمان بووبێت ئەوا دوای بەربونیشیان فرێدانیان لە ئۆردوگاکانی باینجان وگردەچاڵ جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، هەرلەراستیدا ئۆردوگاکان زیندان و دۆزەخێکی راستەقینە بوون، ئەوانەشی کە بەحساب سەلامەت دەرچون و زوو نیشتەجێی ناو ئۆردوگاکان بوون حالیان زۆر لەوانی تر باشتر نەبوو هەرلە بەرایدا وەکو گاڵتەجاریەو شەڕێکی سایکۆلۆژی، لەگەڵ ئەو خەڵکە شکستخواردووە، هەر بۆ پەندی دەوران هەندێک لەو ئۆردوگایانەی بەئەدەبیاتی بەعسەوە ناو نابوون، وەکو ( ئۆردوگای نەسرو صمود، شۆرشو برایەتی، لەدوای کیمیابارانی هەڵەبجەشەوە ئەو ئۆردوگایەی لەشارەزوور دروستی کرد ناوی هەڵەبجە صدامیەی لێنا !). ئەمەش گرێیەکی سایکۆلۆژی لای ئەو خەڵکە دروستکردبوو کە قوربانی سیاسەتەکانی بەعس بوون،

نەلەئێران و نەلە نیشتمان هیچ شتێک لەپێشوازیی ئەو کەسانەدا نەمابوو کە تازە بەلێبوردنی گشتی دەگەڕانەوە، یاخود لەزیندانەکانی نوگرەسەلمان رزگاریان دەبوو ئەو شوێنەی بۆ ئەوان دیاریکرا بوو لێی بحەسێنەوە لە زەوییەکی رەقەن بەولاوە هیچی تر نەبوو. تاکە دیوارێکی تێدا نەبوو لەبنی بحەسێنەوە هاتنەوەی ئەو خەڵکە بۆ نیشتمان هیچ بەهایەکی نەبوو، عەلی عارف دەڵێت ئۆردوگای چی بردیانین بۆ گردەچاڵ هیچ شتێکیان پێنەداین، لەوناوە بەرەڵایان دەکردیت. دەستبەسەرکردنی ئەو خەڵکە لەنوگرەسەلمان و لەباشترین حاڵەتیشدا کە لە نوگرەسەلمان بەربوون و گەرانەوە لە تەوارییەکەی سلیمانییەوە یەکی پارچە وەرەقەیەکیان پیدا بوون بچن بۆ ئۆردوگای باینجا ! .

دواتر لەوێش نەیاندەهێشت بحەوێنەوە جارێکی تر بردیانە ئۆردوگای گردەچاڵ بەڵام بێ سەرپەناو بێ خانووبەرە، ئەوەش بە ئاشکرا ئەو راستییەی دەگەیاند کەوا دەسەڵاتدارانی عێراق و بریاربەدەست و نەخشە دانەرانی ئەنفال ژیان و مردنی ئەوخەڵکەیان وەک یەک تەماشاکردووە .

ئیتر خەڵک لەوە تێگەیشتن شتێک نیە بەناوی لێبوردنەوەو ئەوەی هەیە چارەنوسێکی رەش چاوەروانێتی ئەو خەڵکەی کە لە 16ی ئازار بەگازی کیمیایی پەلاماردرابوون و ئەوەی لەمەرگ رزگاری ببوو بەناچاری بەرەو ئێران رۆیشتبوون وئاوارەیی نەک هەر خەنی نەکردبوون بەڵکو بەتەواوی شیرازەی تێکدابوون،ئەوان پێویستیان بەدەروازەیەک بوو تروسکاییان بداتیو ئارامییان بۆ

بگێـڕێتەوە، بەڵام ئەوە هەرچـاوەڕوانییەکی بێهـودە بـوو، هەرگیـز ئەو ئـارامییە نەهـاتەدی بەئێستاشـەوە کەچـــی ســـەرەرای ئەو هەمـــوو شکســـتەش لە گەرانەوەیانـــدا گـــورزێکی قورســـیان خـــوارد، پاســەوانانی نوگرەســەلمان و تەواریـیەکەی ئەمنـی سـلێمانی بەردەوام ئەو قسـەیەیان بەگوێـدا دەدان. کەئێـوە بەکرێگیـراوی ئێرانـی و تاوانبـارن‌و هەقـی خۆتانە هەموو شتێکتان دەرهەق بکرێت.

ئەمـانەو بەرەڵاکردنـی دەیـان‌و سـەدان خەفـیو جاسووسـی نەفسـنزم‌و موختارودەمراسـتی ڕژێـم لەنـاو ئۆردوگاکانـدا کاریـان دەکـردو راپۆرتیـان دەنوســـیو کێشـــەی کـــۆمەڵایەتیو تۆمەتیـــان دروســـتدەکرد، خەڵکیـــان بەگـــرتن دەداو کێشـــە شەخسیەکانیشیان تیکەڵ بەکێشەی سیاسی دەکردو گرفتو گێچەڵیان بۆخەڵک دەنایەوە، لەسایەی ئەو هەلومەرجەدا بەعس بەچنگ‌ونینۆک تێدەکۆشا متمانە لەنێـو خەڵکدا بکـوژێو لە نـاخی هەرتاکێکدا لەمە ترسی جاسوسو پیاوە نەفس نزمەکان خافڵ نەبێ، ڕژێم دەیویست کەسایەتی مرۆڤی کورد بگۆڕێ بەشـتێکی تـر، گۆڕانێـک نەک هەر لەمـرۆڤ، بەڵکـو لەئـاژەڵیش نەچێت. ڕژێم بەجدی کاری لەسەرئەوە دەکـرد ئەوانەی گەراونەتەوە تەمبـێ بـبن‌و ببـنە جـێگەی متمانەوبـاوەری حـزبو هاوکـاری دەزگـا ئەمنـیو سـیخوریەکانی بـکەن، تاهیـدی هیـدی لەکوردبـوونی خۆیـان پەشـیمانبن‌و ناسـنامەیان بگـۆڕنە سـەرعەب، ئەم راسـتیە لە قسـەکانی عەلـی حەســەن مەجیـد دا بە روونـی دەردەکەوێـت، کە لەکۆبوونەوەیەکیدا دەڵێت: "ئەمـانە نـابێ لە ڕووی ئەرکو مافەوە بە یەک چاو تەماشا بکرێن لەگەڵ عێراقیەکانی دیکەدا، تاوەکو بە تەواویی نیاز پاکی و ڕەفتـــاری ڕاســـتەقینەی خۆیـــان دیـــاری نەکەن‌و نەیسەلمێنن کە هەر هاوکارییەکیان لەگەڵ تێکدەراندا کۆتایی پێهاتوەو لەو هاوچەشنانەیان دڵسۆزترین بۆ عێـــراق کەوا ســـوودیان لەبڕیـــاری لێبـــووردن وەرگرتـووە( ).زینـدانیەکان، ئەگەرچـی بەبڕیـاری لیبـــوردنە گشـــتیەکەی ســـاڵی 1989 بەربـــوون‌و هـــاتنەوە بـــۆ کوردســـتان، بەڵام ژیانیـــان هـــیچ گۆرانکـارییەکی وای بەخـۆیە نەبینـی کە لە دبسو نوگرەســـەلمان باشـــتربێت، لەراســـتیدا وشـــەی "نیشـــتەجێبوونەوەی لێبوردراوەکـــان" ڕەنـــگە تەواو چەواشـەکەربێت، چـوونکە هەمـوو ئەوەی کە تـازە گەیشـــتووەکان‌و تـــازە بەربووەکـــان لەدوای لێبوردنەکانەوە لەحوکوومەتی بەعسیان وەردەگرت پارچە کاغەزێک بوو کەناونیشانی پارچە زەوییەکی تێدابوو ( ئەوەش پەیوەست بوو بەڕەفتاری باشـەوە ). مـافی کـارکردن‌و کۆبـوۆنی خواردنیشـیان نەبـوو، تەنـانەت منداڵەکانیشـیان مـافی خوێنـدنیان نەبـوو، ( مادام خەڵکی هەڵەبجەی برۆرە دەرەوە، ئێوە بۆمبن بـا پێمانـدانەتەقنەوە) ئەم قسە هەست رووشـێنەرە بەرێوەبەرێکی بەعسی بە خوێندکارێکی هەڵەبجەیی ووتبـوو کە تـازە لە ئێـران گەرابـوونەوە( ) ئەوەی لێرەدا مـایەی تێڕامـانە ئەوەیە ئەو خەڵـکەی بەعس ئەنفـالی کـــردن‌و بەودەردەی بـــردن، بەســـەربازە هەڵاتووەکانیشـەوە خەڵکی مەدەنیو بێچەک بـوون، ئەوخەڵکـانە بـوون بەپێـی دابو نەریتـی خۆیـان ئـارەزووی سەربەسـتیان دەکـرد، دەنـا خەڵکـانێکی بێـوەییو لاشـەڕبوون، ئەوعەشـاماتەی بەردەسـتی ئەفسـەرە پلەدارەکان کەوتن، زۆربەیـان ژن‌و منداڵ بـوون، تاوانیشـیان ئەوە بـوو ئـارەزوی مانەوەیـان لەزیدی خۆیان دەکرد، دەنا نەک بەکرێگیراوی ئێران" تەنـانەت پێشـمەرگەش نەبـوون" کەچـی تاسـەر ئەمەیان بۆ نەچووە سەر، چونکە ئارەزوویان لەگەڵ لـــۆژیکی بەعـــس ناتەبـــا بـــوو، بەزەبـــری هێزلەگونـدەکانیان وەدەرنـران‌و بەدەسـتی بەتـاڵ راپێچکـران‌و نەیـانتوانی بەڕەنگـار ببـنەوە، ئەوانەی نەیـــانتوانی دەربـــازبن، بەمنـــداڵانی ساواشـــەوە لەگوندەکانیانـــدا بەئاســـانی پـــۆل پـــۆل تەسـلیمی بکوژەکانیـــان دەبـــوون‌و دەبـــرانە کەمپەکـــانی

کۆکردنەوە،لەوێش چاوەڕوانی لێبوردن بوون، نەک کوشتن چونکە بێتاوان بوون، کاتێکیش بریاری بەکۆمەڵکوشتنیان دەرچوو، ئەوان بەئاسانی ملیانداو چوونە گۆڕەکانەوە، وەکو ئەوەی بریاری کوشتنیان تەواو بێ‌و پێویست بە راچەنین نەکات..؟!!

ئەوانەی لەلۆجیکی بەعسدا تاوانباربوون، هیچ کات شایانی لێبوردن نەبوون، ئەوانەشی لێبوردنی بۆدەرکردبوون، ئەو کوردانە بوون کەبەعس لەراگەیاندنەکانیدا بە ئاشکراو بێشەرمانە بەخیانەتکارو بەکرێگیراوی ئێران ناوی دەبردن، ئەو لێبوردنەش تەنها چاوبەستەکێ‌و سیاسەتێکی چەواشەکارانە بوو، دەنا ئەوخەڵکانەی کەلەئاوارەیی گەڕانەوە وێرای ئەوەی لەژێر بۆمبارانو کەش‌و هەوایەکی ساردی زستاندا بەدەستی بەتاڵ‌و شکستێکی گەورەوە نیشتمانیان بەجیهێشت بوو، خەڵکانێکی لێقەوماو بوون‌و زۆربەیان بەتایبەتی هەڵەبجەییەکان بەسەر هەواری خاڵیدا گەڕابوونەوە، بەدەگمەن هەڵەبجەییەکت دەستدەکەوێت کەسێک یان زیاتری خێزانەکەی بەچەکی کیمیاوی گیانی لەدەست نەدابێ!! ئیدی لەگەڕانەوەیاندا بەتایبەتی ئەگەر لەسایەی لێبوردنێکی گشتیدابێ پێویستیان بەدەستگیرۆیی‌و هاوکاری بوو ، چ جای ئەوەی بکرێنە هاولاتی پلەدوو! بەدیویکیتردا ئەوان پێویستیان بەوە بوو داوای لێبوردنیان لێبکرێت نەک بێن‌و داوای لێبوردن لەڕژێمێکی تۆتالیتار بکەن کەسەروماڵی بەتالانبردبوون‌و ماڵ‌وحاڵی شێواندبوون‌و بەچەکی قەدەغەکراو لێی دابوون، لەراستیدا ئەوان پێویستیان بەوەبوو حکومەت داوای لێبوردنیان لێبکات و قەرەبووی مادی‌و مەعنەویان بکاتەوە، کەچی ئەوانەی لەسەرسنورەکانەوە بەبریاری لێبوردنەکان گەڕانەوە، ئەگەر بەخت یاوەری بووبێ‌و نەکوژرابێ، هەرگیز نەبوونە هاولاتیەکی ئاسایی ئەم ولاتەو تا ئەمڕۆش بە قورسی باجەکەی دەدەن.

هەوڵی پاکتاوکردن‌و سرینەوەی ناسنامەی گەلی کورد پلانێک بوو چ لەشەڕداو چ لە ئاشتیدا لەخەیاڵی بەعسدا کارابوو، لە شەڕدا رەشەکوژی دەکردو سڵی لەکۆمەڵکوژی نەدەکردەوە، چ لەگەڵ پێشمەرگەو چ لەگەڵ سڤیلدا چەکی قەدەغەکراوی بەکاردەهێناو تاوانی دە کرد، لۆژیکی بەعس وەکو هەرسیستمێکی تۆتالیتار لۆژیکی مل پێکەچکردن بوو، نیازی وەها سیستمێکی سیاسیش لەوە ناترازێ مرۆڤ لەبوونەوەرێکی هۆشمەندەوە بگۆڕێتە سەربوونەوەرێکی دەستەپاچەو ملکەچ، تاکێکی ئامادە بۆ کوشتن‌و خۆبەکوشتدان، بونەوەرێک خاوەنی هیچ پێناسەو شوناسێکی یاسایی‌و ئەخلاقی نەبێت، ئەوخوازیاری کۆمەڵگەیەک بوو تەنها فەرمان جێبەجێبکات، تاکێکی کۆمەڵایەتی دەویست ئامادەبێت هەرشوناسێک‌و ماهییەتێک وەرگرێ کەبەعس لێی دەخوازێ یان پێی دەبەخشێ، ئەمەش داهێنانی خودی بەعس نەبوو بەڵکو مەرجعی بیری شۆڤێنی عەرەبی بوو کە خودی بەعسی بەرهەمهێنابوو، هەربۆیەشە لەسەرەتاوە لەئەفسەرو دەرەجەدارە شۆڤێنیزمەکانی سوپاو ئەمن‌و موخابەراتەوە دەستی پێکرد، ئایە کەس هەیە ئەفسەرێکی پایەبڵند بدۆزێتەوە لەناو ساپادا مافی ئەوەی هەبووبێ خۆی ماهیەت‌و شوناسی خۆی بدۆزێتەوە؟ من وەڵامم دەدەمەوەو دەڵێم بێگومان نەخێر ..لەپێشەوە ئەوکەسانەی بەناوی پیرۆزی نیشتمان‌و پیرۆزی نەتەوەی عەرەبەوە لەهەموو بەهایەکی یاسایی‌و ئەخلاقی بەتاڵکردەوە، هەموو ئازادیەکی لێسەندنەوە، مەرجی سەرکەوتنیان بۆ پۆستەباڵاکان پەیوەستبوو بەداماڵینی هەموو ئەوبەها ئینسانیانەوە، بێگومان سەرکەوتنی سیستمی سیاسی بەعس لەوێوە دەستپێدەکات، بێدەنگی لەبەرانبەر دلرەقیدا، بۆیە کاتێک دەبینین یان دەبیستین حیکایەتەکانی ئەنفال لێوانن لەتراژیدیاو پێشیلکاری مافی مرۆڤ، دەبێت بزانین کە بەرپرسانی سوپاو ئەمن‌و موخابەرات

لەپێشــەوە ئــازادی خۆیــان تێکشــکاندووە، بــۆیە تێکشکاندنی مرۆڤەکانی تریان بەلاوە ئاسایی بوو، ئیدی لەپەلاماردانی ئەو خەڵکە لێقەوماوەشدا هیچ مەرجێکی یاسایی‌و ئینسانی نەمابوو ئەوان پێوەی پابەندبن‌و سڵی لێبکەنەوە، هەروەکو هیچ پێوانەیەکی یاسای‌و ئەخلاقیش نەمابوو ئەوان پێوەی پابەندبن‌و پێش بەو هەموو پێشیلکاریە بگرن.

هەربۆیەشە تاونی ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە نەبوونە مایەی هەڵوەستەی ئەفسەرو پلەدارەکانی بەعس!؟ لەبەرئەوەی دەرەجەدار مافی ئەوەی نەمابوو بیرلەژیانی خۆی بکاتەوە چ جای ئەوانی دی؟! ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی بەعس کۆڵەوارترین کەسانێک بوون لەبارەی هوشیاری مافەکانی مرۆڤ‌و مافی گشتییەوە، ئەوان لەسەرمافەکانی مرۆڤ و بەهای دیموکراسی هیچیان نەدەزانی‌و شارەزایی تاوانە نیودەوڵەتیەکانیان نەبوون، ڕەنگە باشترین نمونە ئەو قسەیە بێت کەسوڵتان هاشمی وەزیری بەرگری لەکاتی دادگایی کردنیاندا وەکو داکۆکی لەخۆی ووتی: ( ئەگەر کاتی خۆی بمانزانیبایە یاسایەک هەیە وەکو ئەویاسایەی ئێوە ئێستا ئێمەی پێمحاکەمە دەکەن، ئەو کاتە ئێمە بەشداری تاوانەکەمان نەدەکرد، شتێکی ترمان دەکرد، هەرچەند ئەم قسەیە ناکاتە برائەتی سولتان چونکە ( القانون لا یحمی المغفلین). و تەنانەت نەیوت پەشیمانم بەڵکو سور بوو لەسەر ئازایەتی و دلێری خۆی کە ئەوکاتە ئەنجامی داوە.) ئەوەی لە ڕەفتاری ئەفسەرو دەرەجەدارەکانی بەعسدا ڕەنگدەداتەوە واتای لێبوردن نیە، بەڵکو ئایدۆلۆجیای بەعسە، بەعسیش خاڵی بوو لەهەرواتایەکی لێبوردەیی، لەشەڕدا ئەو ئەفسەرە نەشارەزایانەی بەردەدایە گیانی سڤیل‌ولەئاشتی‌و گفتوگۆکانیشدا، تەنانەت لەلێبوردنە گشتییەکانیشدا بۆدەرفەتی تۆلەسەندنەوە دەگەڕاو پلانی دادەنا،

ڕژێمێک هەمیشە لەبۆسەدا بوو، دەرفەتەکانی دەقۆستەوەو خاڵی لە هەرچارەسەرێکی تەندروستو ئاشتیخوازانە، دەهاتە مەیدان‌و مەرگدۆستانە کاری دەکرد، دەنا چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی کورد چارەسەری کێشەی عێراقیشە بۆ سیستمێکی سیاسی ئەگەر بەرژەوەندی عێراقی بوێت،کەچی بەعس خاڵی لەهەر لۆجیکێکی تەندروست بەپلان‌وبەرنامەی داڕێژراوەوە نەیارەکانی خۆی پاکتاودەکرد، خەونی زیندووی نەتەوەیەکی لەگۆڕدەناو خەونە فاشیانەکەی خۆی جێبە جێدەکرد، خەونی پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد لەعێراقدا یەکێک بوو لەنیازە ئاشکراکانی دەوڵەت بەگشتی‌و حزبی بەعس بەتایبەتی، بۆیە هەمیشە لە پشت گفتوگۆکان‌و لێبوردنەگشتیەکانەوە، بەشێوەیەک لەشێوازەکان گەرموگورتر بۆسەرخستنی پرۆژە شۆڤێنیەکانی دەکەوتە کارو پلانی جینۆسایدکردن‌و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی کوردی دادەنا.

# دیدارەکان



## عەلی عارف ئەحمەد

**ئەو رۆژەی کە لێبوردنە گشتیەکە دەرچوو، براکەی من لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستدا.**

شوێن – هەڵەبجەی شەهیدان
کات – ٥ی ئێوارە
ریکەوتی – ٢٤ی نیسانی ٢٠١٤
دیمانە : عومەرمحەمەد
هاوکاران : هێمن عەبدوڵا- سمکۆ سابیر

رۆژێک زەنگێکی نەناسراوم بۆهات، کە وەڵامم دایەوە پێشئەوەی خۆی بناسێنێت باسی ئەنفالکردنی هەڵەبجەییەکان وگۆڤاری ئەنفالستانی بۆکردم، لەدوای ئەو تەلەفۆنەوە ماوەی ساڵێک زیاتر بێئەوەی چاومان بەیەکتری بکەوێت پەیوەندیمان بەردەوام بوو، ئەو پیاوە بەردەوام لەخەمی ناساندنی دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجەییەکاندا بوو، هەردوکمان لەسەر ئەوە هاوخەم بووین کە هەڵەبجە جگەلە کیمیباران ئەنفالیشکراوە کەچی لەبری ئەوەی ئەم تاوانە بەجیهان بناسێندرێت هێشتا نەک لەناوخۆی کوردستان بگرە لەناو خۆی هەڵەبجەییەکانیشدا وەک پێویست نەناسێندراوە . عەلی عارفیش وەک فەرید عەبدوڵا دەمێک بوو پەیمانم پێدا بوو، بەڵام بەهۆی سەرقاڵی و نەبوونی کاتەوە دیدارەکانیان دواکەوتبوون خۆشبەختان لەماوەیەکی کەمتر لە مانگێکدا نەک هەر ئەو دوو بەرێزە بەڵکو زیاتر لەچواردیمانەم لەگەڵ هەڵەبجەییەکاندا سازکرد، ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە دیداری منە لەگەڵ ئەنفالکراوێکی هەڵەبجە بەهیوام تەمومژ لەسەر دۆسێیەکی گرنگ لابەرین .

ببورە دیدارەکەمان زۆردواکەوت خۆت دەزانی لەمێژە بەنیازبووین من و تۆدیدارێک دەربارەی ئەنفالی هەڵەبجەییەکان سازبکەین من داوای لێبوردن دەکەم ئەو داوایەشم بۆ تۆنیە بە تەنیا بەڵکو بۆئەوەیە کە تەنانەت گۆڤاری ئەنفالستانیش وەک پێویست گرنگی بە دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجە نەداوە بەهەرحاڵ ئەودەرفەتەمان بۆ نەرەخساو دواکەوت بۆ ئێستا زۆر بەخێربێیت .

راستە سوپاس هەڵبەت منیش ئاگام لەوەزعی تۆهەیەو کۆمەڵێک هۆکار هەیە .

بەڵی هەرئەو خوشکەمان لەودایکەمانە ئێستا ئەویش لە سویدە .
**ناوی چییە ؟**
ناوی نەسرینە .
**ئەی دایکی خۆت ناوی چییە ؟**
ئامینە حسێن ئەحمەد
**ئەی خوشک وبراکانی خۆت ناویان چییە ؟**
ئەنوەر، عـزەت، فەرحەت، سـامان و خـۆم، مرییەم، عصمەت، عالییە) ئەنوەری برام کە ئەوە براگەورەمـان بـوو کە ئەو لەنوگرەسـەلمان مـردووەو ئێسـتاش روفـاتەکەی هەروا لەوێـیە . سـامان ئەو هەربەرپرۆسـەی ئەنفـال نەکەوت، عـزەت و فەرحەت و مرییەم.
**چەند کەستان بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن ؟**
تەنهـا دوخشـکم و بـرایەکم بەر پرۆسـەی ئەنفال نەکەوتین ئەوان ماڵی خۆیان جیابوو. ئەوان لەگەڵ ئێمەدا نەبوون بۆیە بەرنەکەوتن .

چەند کەستان بێسەروشوێنە ؟
تەنهـا ئەوبـرایەم کـاک ئەنـوەر تەمەنـی 24 سـاڵ بـوو واتە موالیـدی 1964 بـوولەوێ وەفاتی کردولە نوگرەسەلمان ناشتمان .
بـابگەرێینەوە بـۆ هەڵەبـجە بێگومـان تـۆ یادەوەریـت لەهەڵەبجـە هەیە خۆشـترین یادەوەریت کە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە ؟
جا ئەوەی کە نمەکگیری خاک و وڵاتی خۆی بێـت هەمـوو رۆژێکـی هەر یـادەوەرییە مـن چەندین شـوێن گەراوم لە خواری عێراق، لە ئێران شـوێنی خۆشـی وەک هەڵەبجـە نەیـان هەژاندووم، من ناتوانم دەستنیشـانی سـاتێکی تایبەتت بۆبکەم لە یادەوەرییەکانم . هەموویم بەلاوە جـوان و خـۆش بـووە، هەڵەبجـە

**زۆرسوپاس کەواتە فەرموو بادەست پێبکەین و سەرەتاش بالە ناوی خۆتەوە دەستپێبکەین ؟ ئەگەر بکرێت ناوی سیانیت بلێیت ؟**
ناوم عەلی عارف ئەحمەدە .
ساڵی چەند لەدایکبووی
1971/12/27
**پێشـتر لەکـام گونـد بـوون پێشـئەوەی بێنە هەڵەبجە ؟**
ئـێمە لەگونـدێک بـووین لە خـوار شـاری هەڵەبجەوە .
**واتا تۆ لەگوندی زەمەقی لەدایکبوویت ؟**
نانا من بۆخۆم لە هەبجە لەدایکبووم . تەنها بۆماوەیەک ماڵی باوکم چوونەتە ئەوی
**بەر لەکیمیابـارانی هەڵەبجـە بەچیـیەوە سەرقاڵ بوون و خۆتان بەچی دەژیاند؟**
مـن ئەو کـاتە خوێنـدکاربووم لەسـەرەتایی و لەناوەنـدیش هەرلێـرە بـووم هەتـا سـاڵی کیمیابارانەکەی 1988 .
**سەرچاوەی بژیویتان چی بوو ؟**
دوکانمـان هەبـوو، کـاری نانەوایمـان دەکـرد بەوە دەژیاین .
**خانەوادەکەتان چەند سەرخێزان بوون ؟**
ئێمە چوار براو چوار خوشـک بووین، بـاوکم دوو خێزانـی هەبـوو، خوشـکێکمان لە خێزانەکەی تری باوکمە .
**لەیەک کاتدا دوخێزانی هەبوو یان لەیەکێکیان جیابووەتەوە ئینجا ژنی دووهەمی هێناوە ؟**
نانـا یەکەمیـان لێـی جیـابووە ئینجـا دایکمـی هێناوە ئێمە لە ژنی دووهەمین .
**خێزانی یەکەمی ناوی چی بوو ؟**
پیرۆز ئەحمەد حەمە اغا.
**وتت لەو یەک خوشکمان هەیە هەرئەوە ؟**

من بیستوومە پێش تاوانی کانی ئاشقانیش لە ساڵی 1974 جارێکی ترلە هەڵەبجە بەهۆی بۆمبی قەدەغەکراوەوە بەناپاڵم لێدراوەوکۆمەڵکوژییەکی تربووە لەهەڵەبجە ؟

بەڵێ ئەوکاتە من منداڵ بووم، بەڵام بیرم دێت تەیارە دەهات بۆردومانی دەکرد.

ژمارەی قوربانیەکانی ئەو بۆردومانەی ساڵی 1974 چەند کەس بوون ؟

بەداخەوە ژمارەیان نازانم . چونکە من ئەو کاتە منداڵ بووم .

ئەی کەس بۆی نەگێراویتەوەو باسی بکات ؟

باباسیان دەکرد کە تەیارەهاتووەو بۆردومانی کردووەو ناپاڵمەکان ئەوەندە قورس وبەهێزبوون ئاوی لەزەوی دەرهێناوەو وێرانکارییان خستووەتەوە .

کێ بۆی دەگێرایتەوە ؟

من خۆم بەبیرم دێت لە یادەوەریمدا دێتەوە . بەڵام وەک کێ بۆی گێڕاوەمەتەوە زۆرکەس باسیان دەکرد.

تۆبەشداری خۆپیشاندانەکانی ساڵی 1987ت دەکرد ؟

بەڵێ من بە کردەوە بەشداریم کردووە .

ژمارەی ئەوانەی وادەلێی زیندە بەچالکران چەند کەس بوون ؟

راستی بەوردی ژمارەیان نازانم، بەڵام ئەوە بووەو هەتا خزمی خۆشمانیان تێدایە. هەندێکیان هەر بەسەر دەمناسین .

کێ بوون ئەوانەی تۆ دەتناسین یان خزمەکانت وا لەو کۆمەڵکوژییەدابوون ؟

حاجی سەید سەمەد هەبوو، ئەوە لەگەرەکی خۆمان بوو، کاک عەبدوالقادر بوو، عوسمانی خاوەر، دوای ئەوەی بریندار بوون لەخەستەخانە دەریانیانکردو بەبەرچاوی سروشتیکی زۆرجوانی هەیە، ئاوهەواو کەشێکی تایبەتی خۆی هەیە .

پێش کیمیاباران هەڵەبجە لە چ دۆخێکدا بوو، ئارام بوو یاخود کاریگەری هەلومەرجی شەڕی بەسەرەوە بوو؟

نەخێر ئارام نەبوو پێش کیمیابارانیش هەڵەبجە لەدۆخێکی خەراپدا بوو، حکومەت هەمیشە لە بۆسەدا بوو بۆ ئەم شارە .

چی دەکرد والەبۆسەدا بوو چی دەرهەقی هەڵەبجەییەکان دەکرد ؟

لەپێشەوە دێهاتەکانی دەوروبەری داگرت، ئەوەش کاریگەرییەکی دەرونی و ئابوری زۆری لەسەر خەڵکی ناوچەکە هەبوو، خەلکی هەڵەبجە هەم وەک سەیرانگا ئەو گوندانەی بەکار دەهێناو هەم وەک سەرچاوەی ئابوری سودی لێدەبینی . ئیتر خەڵک هەمیشە دەیویست لە زوڵم وستەمکاری بەعس رزگاری بێت، خۆپیشاندانیان دەکردو سەرکوت دەکرانەوە.دەنگی نارەزاییەتیەکانی کپ دەکرانەوە .

پێش کیمیبارانی هەڵەبجە لێرە خۆپیشاندان دەکرا ؟

بەڵێ ئەی چۆن لەخۆپیشاندانێکدا پێش کیمیاباران لە 13ی ئایاری ساڵی 1987 خۆپیشاندانێک کرا کۆمەڵێک خەڵک لەدەشتی بامۆک گوندێکی قەراغ هەڵەبجەیە بەزیندوویی زیندە بەچاڵاکران .

کەواتە پێش رۆژی تاوانەگەورەکەی کیمیبارانی هەڵەبجە کۆمەڵکوژییەکی تر بووە لەم شارەدا ؟

بەڵێ بەڵی . ئەو کۆمەڵکوژییە ساڵی 1987 بوو .

لەدەمی هەڵەبجەییەکانەوە بزانم ئەو رقە تایبەتە چی بوو ؟
وەڵاهی هەر جموجۆڵی خەڵک و پێشمەرگە بوو، شارەکە لەسەر سنور بوو، خەڵک بەدوای ئازادیدا دەگەڕا، ئەوانە زیاتر هۆکاربوون .
ئەو رۆژەی کە هەڵەبجە لەلایەن پێشمەرگەوە رزگارکراو پێشمەرگە هاتنە ناوە خەڵکی هەڵەبجە پێشوازییان لێکردن و پێیانخۆش بوویان بە پێچەوانەوە .؟ چاوەروانی کاردانەوەی توندی عێراق و مەینەتیان دەکرد ؟
من ئەوکاتە تەمەنم 17 ساڵان بوو خوێندکاری پۆلی چوارەمی ناوەندی پەیمانگەی ئیسلامی بووم، چاک بیرمدێ کە ئەو رۆژەی کیمیابارانەکەی هەڵەبجە کرا تاقیکردنەوەمان هەبوو، هەتا بەیانیەکەشی سەعیم دەکرد، بەڵام هەرلە ئێوارەوە وەزعەکە نائاسایی بوو، هەرزۆریش نائاسایی بوو، بەڵام من چونکە سەرقاڵی سەعی کردن بووم، زۆر گوێم بەو حاڵەتانە نەدەدا، چونکە بەنیازبووم ئەو ساڵە پلەیەکی زۆر باش بهێنم بەڵام بەداخەوە ئەو تاوانە گەورەیەکراو هەمووو شتێک تێکچوو، بەیانیەکەی هەرکە مەکتەب کرایەوە دایکم زۆر بەنارەحەت ئێمەی پەلکێشکرد بردینی بۆماڵی خاڵۆم چونکە ئەوان ژێرخانێکی گەورەیان هەبوو، خەڵکیش لەترسی بۆردومانی ئێران خۆیان خزاندبووە ژێرخانەکانەوە.
بۆچی ئێران بۆردومانی دەکرد ؟
بەڵی ئێران بۆردومانی ناوشاری هەڵەبجەی دەکرد، ناوشار پڕبوو لە هێزی پێشمەرگە، خەڵکەوە لەدەشتی بامۆک زیندە بەچاڵیانکردن.
بەڵگە هەیە کە زیندە بەچاڵکراون ؟ یاخود دوای گوللەبارانکردن و کوشتنیان بەکۆمەڵ ژێرخۆڵدراون ؟
وەڵاهی ئەوەیان نازانم بەڵام بەبرینداری وبەزیندویی لەخەستەخانە دەریانکردوون، لەوێ ئیتر نازانم چۆن بووە. بلێم بەچاو بینراون نازانم بەڵام مادام بەزیندویی براونەتە ئەوێ واتا زیندە بەچاڵکراون .
ساڵی 1988 کاتی کیمیابارانەکە چەند رۆژ بەدەست پێشمەرگەوە بوو ئینجا کیمیابارانکرا؟
تاوانەکە سەرەتای بەهاری ساڵی 1988 بوو، پێش مانگێک ئێمە دەمانزانی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگە هەیە، حکومەتیش نیازی خراپ بوو بەرامبەر ئەم شارە چونکە پێشتر دەیویست ئەم شارە بەتەواوی رابگوێزێ .
وەکو چۆن سەید سادقی راگواست پێیش سەید سادق نیازی هەڵەبجەش وا لێبکات، ئەوکاتە بەراستی خەڵک ماندووببوو دەیانویست هەناسەیەکی ئازادی هەڵمژن پێشمەرگەش لەگەشەسەندندا بوو، یەکیان گرتبوو بەرەی کوردستانیان پێکهێنابوو، ئەوان دەیانتوانی شاری هەڵەبجە کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام پیلانەکانی حکومەت لەهی ئەوان بەهێزتربوو، ئەوان چەکی سادەوساکاریان پێبوو، حکومەت چەکی پێشکەوتووی هەبوو، سوپاپڕچەک بوو.
بۆچی نیازی بوو هەڵەبجەش والێبکات هەندێک باس لەوە دەکەن حکومەتی عێراق رقی تایبەتی لە هەڵەبجە بوو من دەمەوێ

سەیارەیان هەبوو لەرێگەی سەید سادقەوە دەربازبوون .
ماڵێک هەیە تۆ بیناناسیت و لەو رێگەیەوە بەناو سوپای عێراقدا دەرچوبێت ؟
بەڵی زۆرهەیە بۆنمونە ماڵی کاک تۆفیق باوکی حەسەن و حوسێنیان پێدەگووت .
حکومەتی عێراقی رێگەی دەربازبوونی خەڵکی نەدەگرت ؟
نەخێر رێگرنەبوو چونکە ئەو بۆخۆشی سەری لێشێوابوو .
کەواتە رێگا بەرەو عەربەت وسلێمانی کراوە بوو تاکە رێگر تۆپبارانی ئێران بوو ؟
بەڵی هەر ئەوە بوو .
ئەی بەرەو ئێران ئەو رێگایانەش کراوە بوون ؟
لەبەرئەوەی حکومەتی عێراقی تەواوسەری لێشێوا بوو تەواو بێئومێد بوو، ئیتر چەکی کیمیایی بەکارهێنا .
پێش بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی خەڵک نەیدەتوانی دەربچێت ؟
نەخێر پێش کیمیاباران کەس راینەدەکرد چونکە سنورەکان ئاڵۆز بوون، هەموو وەزعەکە زۆر ئاڵۆزبوو، خەڵک هیچی لێ رون نەبوو، هەموو خەڵک خۆیان لە ژێر زەمینەکاندا شاردبووە.
ئەی چاوەروانی کاردانەوەی توندی بەعستان نەدەکرد ؟
بەڵی پیاوو ژنی بەتەمەن دەیانگووت بەخوا بەخوا هەڵەبجەش وێران دەکرێ، بەڵام ئەم بۆچوون و ئەم قسەیە چۆن بڵاوبووەوە من تێنەدەگەیشتم .
یەکەم کاردانەوەی حکومەت چی بوو هەریەکسەر بەکیمیایی وەڵامی دایەوە ؟
حکومەتی عێراقیش سەربازێکی زۆری لەسنورەکەو چواردەوری هەڵەبجە دامەزراند بوو، دیاربوو پلانەکە زۆر گەورە بوو، قسەیەکی وا هەبوو کە قائیدی فیرقەکە ئەم ناوچەیەی بە ئێران فرۆشتووە.
باشە ئەگەر هەڵەبجە لەلایەن ئێران و پێشمەرگەوە گیرابوو، مادام پێشمەرگەو پاسداری تێدا بوو بۆچی ئێران بۆردومانی ناوشاری هەڵەبجەی دەکرد؟
پاسدارانی ئێران تەنها ناوچەی زەڵمیان گرتبوو، چواردەوری سنورەکانی گرتبوو هێزی پێشمەرگەش لەناوشار بوو.
بەڵام تۆ وتت بۆمبارانی هەڵەبجەی دەکرد ؟
بەڵی تۆپبارانی ناو هەڵەبجەی دەکرد، بەڵام کوێی هەڵەبجە ئەوشوێنانەی سەربازو بنکەو بارەگای حکومەتی تێدا بوو.
چۆن خەڵک بیری لە راکردن و خۆ دەربازکردن نەدەکردەوە ؟
خەڵک سەری لێشێوابوو، ئەی ویست بەرەو سیروان رابکات، بۆئەوەی بەرەو سلێمانی بڕوات ئێران بەهەموو شێوەیەک بۆمبارانی گردی گۆی دەکرد، چونکە هێزەکانی سوپای عێراق لەوێ مۆڵیان خواردبوو، لەبەرئەوە خەڵک نەیدەتوانی لەناو ئەو ئاگربارانەوە بڕوات بۆیە ئەوەی لێرەوە دەرچووە موجازەفەی بە گیانی خۆیەوە کردووە. ئەو خەڵکەی تریش لێرە لەناو ژێرخانەکاندا مابوونەوە چاوەروانی ئەوە بوون کە بارودۆخەکە ئارام بێتەوەوراکەن .
تۆکەست پێشک دێت لە رێگەی سیروانەوە بەناو ئەو تۆپبارانەدا رزگاری بوبێت ؟
بەڵێ هەیە خەڵک زۆر رۆیشتن خەڵکی ئەو گەڕەکەی خۆمان هەندێک کەس لەوانەی

وەک پێشتر باسم کرد دایکم ئێمەی بردە ناو ئەو ژێر زەمینەی ماڵی خاڵۆمەوە، لەوێ ماینەوە هەتا ئێوارە کاتێک هاتینە دەرەوە هەروا نیوکاتژمێرێک رۆژی مابوو، کە لەهەڵەبجە دەرچووین و بەپێ بەرەو سنورەکان بەرێکەوتین .

هەڵەبجە کیمیابارانکرابوو کە لە شار دەرچوون .؟

بەڵَی تەواو ببوو

ئەندامانی خانەوادەکەتان بەسەلامەتی دەرچوون یان کەستان شەهید بوو ؟

ئیمە لەخۆمان کەس شەهید نەبوو تەنها ئامۆزایەکی باوکم شەهید بوو ناوی رەحمان بوو.

ئیتر بۆکوێ چوون ؟

لە پێشەوە بەرەو چاوگ و باوەکۆچەک و دواتریش بەرەو چیاکان و بۆ سازان و سەرسنورەکان رۆیشتین، ئینجا لۆری ئێرانی هات سواریان کردین رۆیشتین بۆ ئێران .

ئیتر لە ئێران چۆن گوزەرانتان ؟

هەر کە ئێوارە لەسەر سنورەوە باریان کردین هەتا بەرەبەیان ئێمە بەرێوەبووین بێ ئەوەی بزانین بۆکوێمان دەبەن، کە دابەزین شوێنێک بوو پایەگای تێدا بوو، پێیان دەگوت کەنگاوەر، خەڵکی ئەو شارە هەمووی ماندوو لەرێگا زۆر شەتەک بووین دنیا زۆر ساردبوو، لەوێ ئیتر ئەوەی کەنەتناسیوە دەبێت برات، دەبێتە دراوسێت . لێقەومانێک بوو دەتگووت رۆژی حەشرە، کەس بەکەش نەبوو، ژن هەبوو منداڵەکەی ئاوبردبووی، منداڵ هەبوو لەدایکوباوکی وونببوو، من بەچاوی خۆم بینیم لە ناوچەی سازان لەپێشەوە کە زانی ئیتر هەڵەبجە بەدەست پێشمەرگەو پاسدارەوەیە فرۆکەکان هاتن بەیان و بانگەوازییان فرێدایە خوارەوە راستی من هیچم بەردەست نەکەوت، بەڵام دوایی خەڵک دەیانگووت هیچ نەبووە هەر وەرەقە بووە بۆئەوەی ئاراستەی باوەربگرێت .

**خەڵک چی هەبوو بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیاوی ؟**

هیچ هەرئەوەندە دەهاتن ئاویان دەهێناو پەرۆی تەریان دەهێنا دەیانگووت نەکا حاڵەتێکی وا روبدات کیمیایی بەکار بهێنێ رێک قسەکەیان هاتەدی و ئەوەی پێشبینی دەکرا بە زیادەوە کرا .

**ئەی کەخەلک پێشبینی کیمیابارانی دەکرد بۆچی چووبونە ژێرزەمینەکان ؟ مەگەر نەیاندەزانی کیمیایی دادەبەزێتە ژێرزەمینەکانەوە بۆیان ؟**

خەڵک دەیگوت کیمیایی بەکار دەهێنی بەڵام خۆنەیاندەزانی کیمیایی چۆنە و چۆن خەڵک دەکوژێ هیچ ئەزموونێکی پێشتر نەبوو بۆ وەها حاڵەتێک .

**کاتی بۆردومانەکەت لەبیرە ؟**

بەڵێ رێک دەوری کاتژمێر 11ی پێش نیوەرۆ بوو بۆمبارانێکی زۆر سەخت بوو، پێشتریش ئێرانیەکان زۆر بەچڕی وبەقورسی بۆمبارانی هەڵەبجەیان دەکرد، لەراستیدا خەڵکێک هەبوون پێش کیمیابارانەکە بە بۆمبارانی ئێران شەهید ببوون . ئەوە راستیە.

**ئێوەچیتان کرد چۆن بیرتان دەکردەوە بۆ خۆ رزگارکردن ؟**

ئێمە ماوەی بیست رۆژ لە کەنگاوەر لەناو مەکتەبێکدا ماینەوە، خانەوادەکەمان تەواو شپرزە ببووین خوشک و برایەکمان ونببوون دەبوو چارەنوسیان بزانین، هەتا یەکمان گرتەوە زۆری پێچوو، بەداخەوە دەیڵێم لەوێش ئەنفالم بەچاوی خۆم بینی .

چۆن ؟

حکومەتی ئێران بردمانی بۆ ئۆردوگای کرمان جەهەنەمێک بوو بۆخۆی بەگەڵ نوگرە سەلمان هیچ جیاوازییەکیان نەبوو تەنانەت ئاوهەواکەشیان وەکویەک وابوو، بەجەختەوە دەیڵێم کرمان و نوگرەسەلمان رێک وەک یەکوابوون. ئەوە ئۆردوگای ئەفغانییەکان بووئێمەیان بۆبردبوولەوێ نیشتەجێ کراین و ئێمە لەوێ بە قاچاغی رامانکردو هاتینەوە بۆ سەریاس .

ببورە مادام وەک نوگرەسەلمان ناوی دەبەیت کەمێک باسی کرمانم بۆ بکە ناخۆشییەکانی چی بوون ؟

جارێ ئێمە لەوێ ئاوارە بووین زمانمان نەدەزانی، لێقەوماوبووین دوربووین لەهەر هەواڵێکی کەسوکارمان بێبەش بووین، ئاوهەوایەکی زۆر ناخۆش رێک وەک خوارووی عێراق بیابان بوو، تەپوتۆزوگەرم، ئۆردوگایەکی زۆر بێخزمەتگوزاری بوو هیچی تێدانەبوو، بۆیە ئێمە بەناچاری رامانکردو بەقاچاغی هاتینەوە بۆ ئۆردوگای سەریاس .

**بەلام ئەم قسانە پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە دەڵێن ئێرانیەکان پشتیوانی کوردو هەڵەبجەییەکان بوون ؟**

کەمپەکانی تر باشتر بوون، دەکرا لەسەریاس یان لە کامێران دامان بنێن بەلام

دایکێک مەمکی خستبووە دەمی منداڵەکەیەوەو گیانی دەرچووبوو.

**ناوی ئەو ژنەت نەزانی ؟**

نەخێر بەداخەوە .

چیت بینی کە زۆر کاریگەربێت و هەتا ئێستا لەبیرت ناچێتەوە ؟

خەڵک وپاسدار وەک لیژنە دار تەرمیان لەسەر یەک هەڵچنیبوو .

تۆ چەند کۆمەڵە تەرمی ئاوات بینی ؟

من بەدرێژایی ئەو رێگای سازانە تەرمم بینیوە. خەڵکم دەبینی گیان ئەدا، خەڵکم دەبینی تەپاوتل ئەکەوت، هەتا باوکی مامۆستا عەبدولحەمیدم بینی کەق لەدەمی دەهاتە دەرەوە. بائەوەش بڵێم ئەو سنورەی ئێمەی لێوە رۆیشتین کەمترین خەڵکی لێمردبوون، چونکە کوشتارەکە بەزۆری لای عەنەبی گرتبوو.

کەواتە ناوچەی سازانیش کە راگەیاندنی کوردی و جیهانی باسی ناکەن خەڵکێکی زۆرلەوێ بەرکەوتن و لەو رێگەیە شەهیدبوون ؟

بەڵێ من پێت دەڵێم بەچاوی خۆم بینیم خەڵک هەبوو کیمیایی کاری تێکردبوو، پێدەکەنی، هەبوو دەگریا، خەڵک هەبوو پێستی سوتابوو، خەڵک هەبوو ئاوسابوو، دەمردن دەتلانەوە .

وەک بزانی چەند جۆرگاز لە هەڵەبجە بەکار هاتبوون .

من ئەوەیان نازانم ئەوەی بینیومە ئەوە باس دەکەم جۆری گازەکان چی بوون ئەوە نازانم .

چەند لەئێران مانەوە ؟

راگەیانــدن و پروپاگەنــدانەی ســیخورەکانی بەعـــــس زۆرکاریگەرییـــــان هەبـــــوو بۆگەڕانەوەمــان . ئیــێ خــۆئێمە بەچــاودێری ئێرانیەکان و بەفەرمی دەهێنرایـنەوەوبەفەرمی لەلایەن دەزگـــا ڕەســـمییەکانی حکـــومەتی عێراقەوە وەردەگیراینەوە.

کەواتە ئێـــــوە بەلێبـــــوردنی گشـــــتی نەهـــاتوونەتەوە بەڵکـــو بە پروپاگەنـــدەی لێبوردنی گشتی هاتوونەتەوە .

پێت دەڵـێم ئەو دەنگۆیانەیـان بڵاودەکـردەوە حکومەت هەڵەبجە ئاوەدان دەکاتەوەو هەموو کەس دەتـوانێ بێـتەوە، لە ڕۆژی 1988/8/8 ئاگربەســت بــوو جەنگــی ئێــران و عێــراق وەســتا، ئـێمە لە 8/9 هــاتینەوە، مـن یەکێـک بـــووم لەوانەی بە نیـــازی ئەوە هـــاتمەوە بەشــداری تاقیکردنەوەکـانی دەورەی دووەم بـکەم، خوێنـدنەکەم تەواوبـکەمو ئیمتیحـان بدەمەوە، خولیـای تەواوکردنـی خوێنـدنەکەم بـــــووم. بەڵام خەونەکەم نەهـــــاتەدی و بەرپرۆسەکە کەوتم .

کەواتە ئێـــوە چـــــاوەروانی دەرچـــــونی لێبـــــوردنێکی گشـــــتیتان نەکـــــردووەو بەپروپاگەندەیەکی ناراست هاتوونەتەوە ؟

ئــاخر خــۆئێمە تاوانبــار نەبــووین هــیچ تاوانێکمـــان نەکردبـــوو هەتـــا چـــاوەروانی ئەوەبین لێبوردنی گشتیمان بۆدەربکات، ئێمە جەمـاوەربووین خەڵکـی مەدەنـی بـووین، نە چەکداربووین نەپێشمەرگەی هیچ لایەنێکیش بـــووین . بەڵـــێ هەڵەبجەیـــی بـــووین، بەڵام خەڵکی شـاربووین خـۆ پێشـمەرگە نەبـووین هەتـا قاچـاغ بـین لەحکومەت . لێرەدا دەبێت بپرسین ئەگەر ئێران دەیزانی ئەنفال دەکرێین بـۆ دەینـاردینەوە، ئەگەر بمانزانیبـایە ئەنفـال بردنمان بۆ کرمان ڕێک وەکو ئەنفالکردنمان وابوو .

ئۆردوگای کرمان چەند کەسیان بۆ بردبوو ؟

بەخـوا بە تەواوی نـازانم بەڵام زۆر بـووین . ئیتر ئۆردوگایەک بوو .

وتـــت ئیتـــر دوای ئەوەی لەوێ راتـــانکرد هاتنەوە بۆ سەریاس ؟

بەڵی هاتینەوە بۆ سـەریاس هەڵبەت بەقاچـاغ هـــاتینەوە وەزعێکـــی زۆر نـــاخۆش بـــوو دیســـانەوە وەکـــو ئەوە بـــوو کە کیمیابـــاران کرابینەوە، بەردەوام لە ئۆردوگـای سـەریاس لە پرســـەدا بـــووین، خەڵــک هەبـــوو بەتەواوی خـانەوادەکەی تێـداچووبوو، هەبـوو هیچـی لەبارەی کەسوکارەکەیەوە نەدەزانـی، هەبـوو دایکـی ونببـوو، ئیتـر وەزعێکـی زۆر نـاخۆش بوو.

ئێوە چەند مانەوە لەوێ ؟

ئـــێمە لەکیمیابـــارانەکەوە کە هـــاتین هەتـــا گەڕاینەوە چوارمانگمان پێچوو.

ئەی دوایی بەلێبوردنی گشتی گەڕانەوە ؟

لەدوای چوارمـانگەکە حزبـی بەعـس لەرێـگە بەکرێگیراوەکـــانی خـــۆیەوە پروپاگەنـــدەیان بڵاودەکـــردەوە کە لێبـــوردنەو هەڵەبـــجە ئـــاوەدان دەکـــرێتەوەو خەڵـــک دەچێـــتەوە بۆسەرماڵ وحاڵی خۆی .

ئەوە قەتاعەت بەخش بوو خەڵک دەهـاتنەوە بەوپروپاگەندانە ؟

زۆرکاریگەر بوو، خەڵک بەوقسانە تێکەوت .

هەرئەوەش وای لەئێوەکرد بگەرێنەوە ؟

بەڵـــێ ئـــێمەش هەم ئەو پروپاگەنـــدانەو هەم خۆشەویستیمان بۆ خـاک و وڵاتـی خۆمـان و هەم بەرژەوەنــــــدییەکانی خۆمــــــان کە لە هەڵەبجـە بەجێمـان هێشـتبوون. ئەرێـوەڵا ئەو

بـــۆعەربەت ولەوێشـــەوە بردیـــانین بـــۆ تەوارییەکەی سلێمانی.

**ببورە پرسـیارێک کە دەبـوو زوتـربیکەم ؟ ئەوبەرپرسەی لە تەوێلە وەریگرتن نەتانزانی ناوی چی بوو ؟**

نـا نەخێـر چـۆن بیـزانین ؟ نەماندەناسـی. عەســـکەربوون بەڵام دوایـــی رادەســـتی تەوارییان کردین .

لە تەوارییەکەی سلێمانی چییان پێوتن ؟

لەوێش کە دایانبەزاندین ئەویش تراژیدیایەک بـوو نوگرەسـەلمانێک بـوو بۆخـۆی، ئەوێـش پربـــوو لە خەڵکـــی هەژاری گونـــدەکانی گەرمیـــان و فەرەداغ و دێهاتەکـــانی تـــر بەگشـتی، هەمـوو ئەو شـوێنانەی دەسـتیان پێیانگەیشـتبوو گرتبویـانن هێنابوویـانن لەوێ رایـانگرتبوون، دورلەروتـان تەنـانەت ئـاژەڵ وحەیوانەکانیشـــیان هێنـــابوون لەوێ لە ناوحەوشەی تەوارییەکە کۆیانکردبوونەوە.

**حەوشـەی تەوارییەکە ئەوەنـدە گەورە بـوو جـێگەی خەڵکێکـی زۆرو ئاژەڵەکانیشـیان ببێتەوە ؟**

حەوشـــەی تەواریـــیەکە ڤـــۆر گەورە بـــوو، تەنانەت ئێمەش ئەو کەلوپەلانەی لە ئێرانەوە هێنابوومـــانەوە هەموویـــان لەلایەکـــی ناوحەوشـــەی تەواریـــیەکە فرێـــدابوو، ئیتـــر ئەوەش رۆیـــی کەس نەیزانـــی چییـــانلێکرد بەهەرحاڵ ئێمەشیان کردە ناوتەوارییەکەوە.

**ببـورە دەتـوانی خەمڵـێکم بـدەیتێ لەسـەر ژمـــارەی ئەوکەســـانەی لەوکـــاتەدا لەتەوارییەکەی سلێمانی راگیرابوون ؟**

خەڵکێکـــی زۆر زۆری تێـــدا بـــوو، ئـــێمە هەموومـــان ئەو 1152 هەزاروســـەدوپەنجاو دووکەســە هەموومانیـان هێنـاو هەمـوو لەنـاو دەکراین بۆ دەهاتینەوە بەردەستی رژێمێکی وادڕندە ؟ خۆ خۆمان لێزیادە نەبوو .

چەندکەسـێک دەبـوون کە گەرانەوە بۆسـەر سنور ؟

ئـێمە ئەوانەی لەسەریاسـەوە پـێکەوە هـاتین ولەسەرســنوری تەوێــڵە گیــراین وبــراین بۆتەوارییەکەی سلێمانی ودواتریش بردیانین بۆ نوگرەسەلمان 1152 هەزاروسەدوپەنجاو دوو کەس بووین .

لەپێشەوە لەکوێ بەسوپای عێراقی گەیشتن ؟ ئەوان چییانکرد پێشوازییان لێتانکرد یاخود بەشێوەی خراپ مامەڵەیان لەتەکداکردن ؟

رۆژی 8/9/ 1988 بەســـەیارەی ئێرانـــی بەخۆمـــان و شـــتومەکەکانمانەوە هێنایـــانین بۆسەرســـنوری تەوێـــڵە لەوێ عێراقییەکـــان زۆر جـــوان پێشـــوازییان لێکـــردین ریزێـــک ســـەیارەی ســـەربازی وەســـتابوون، ســـواری سەیارەیانکردین و هاتین ئێمە وابەنیازبووین بمـانبەنەوە بـۆ هەڵەبـجە بەڵام کە هـاتین لە نزیـک تەویـڵە پێشـیان پێگـرتین نەیانهێشـت یەک کەس دابەزێ وبـــــــــــــــروا بەملاوئەولاداوخۆی بدزێتەوە، هێشتیانینەوە تادڕەنگ داهات، لەناوئەمنیەتێکی توندو تۆڵدا هێشـتیانینەوە تەنهـا یەک سـەعاتێک رۆژی مـــابوو. کەهـــاتینە گـــردی گۆســـەیرمانکرد ســـــەیارەکان بەرەوسەیدســــادق دەڕۆن نامـــانبەنەوە بـــۆهەڵەبجە، وتمـــان ئەوە بۆکوێمـــان دەبەن ووتیـــان دەتـــانبەین بـــۆ زەرایەن درۆیان لەگەڵ کردین.

**وتتان بۆکوێمان دەبەن ؟**

بەڵـی بەڵـێ هاورمانکردوتیـان دەتـانبەین بـۆ زەرایەن . بەڵام درۆیـــــانکرد بردیـــــانین

خۆتـان هەبـوو؟ چەنـد سـەرئاژەڵتان بـووە؟ زانیاری زۆر وردیان لێوەردەگرتین.
ببورە باپرسیارێک بکەم .
فەرموو .
**ئەوەی پرسـیارەکانی لە ئێـوە دەکـرد کـێ بووناویتان نەدەزانی ؟**
نەخێر
**نەتـان دەزانـی ئەمـنە یـان پۆلیسـە یـان ئیستخبارات بوو ؟**
بەڵی ئیستخبارات بوو.
جلەکانیـان چـۆن بـوو ؟ بەڵەکـی سـەربازی یاخود جلی مەدەنی ؟
جلـــــــی ســـــــەربازی تەواری وئەوانە لەکلاوسورەکان بوون . ( )
**کەواتە جلی نیزامییان لەبەردابوو ؟**
بەڵی بەڵی جلی نیزامی لەبەردابوو .
ووتت سوکایەتیەکی زۆمان پێکرا سوکایەتی وەک چی ؟
دەیـانگووت ئێـوە خـائینن و ئێـوە دەسـتی دەوڵەتـی ئێرانمـان گرتـووەو هێناومـانەتە سەرخاکی خۆمان ئینجا قسەی ساردوسوک ئەوەی کەدەرونـی ئینسـان پێـی ناخۆشـە ئەوەیان پێدەگووتین . بێجگە لەوقسەساردو سـوکانە چیتـر هەبـوو لێدان برسـی کـردن، ئەشـکەنجەدانیش هەبـوو ئەگەر بیانزانیبـایە یەکێک قسـەیەک دەکات و بۆنی نارەزایەتی دەربرینی لێدێت بۆنمونە هەر بتگوتایە ئەمە کەی وەزعە ئیتـــر دەیانگرتیـــت وایـــان لێدەکردیت جارێکی ترنەتوانی دەمبکەیتەوە. بـائەوەش بلـێم خەڵکـی ئەم هەڵەبجـەیە لە تەوارییەکەی سلێمانی مردووەو هەرئەوکاتە شـارەوانی سـلێمانی بـردی کـردی بەژێـر تەوارییەکە بوون و خەڵکی تریش زۆربوون . بەلام بـــائەوەش بلـــێم حکـــومەت دەگەڕا ئەوانەی کە شـــەهیدی قادسـیە یـان دیلـی ئێرانیـان هەبـوو، هەرلەوێ نـاوی دەنوسـین ئەوانەیـــان جیـــاکردەوەو نەبـــران بـــۆ نوگرەسەلمان.
**کەسـیانت دەناسـی لەوانەی بەو هـۆیەوە بەربووبن ؟**
بەڵی بەڵی یەکێک لەوانەی ماڵی مامەی خۆم بـوو بەنـاوی وەسمان ئەو دیلی ئێران بوو ماڵومنـــداڵەکەی لەگەڵ خۆمانـــدا بـــوون لەتەوارییەکە ئازادکران.
**هەرلەوێ لەتەوارییەکە ئازادکران ؟**
بەڵـی هەرلەوێ ئـازاد بـوون دوایـی کە ئێمە لەنوگرەسـەلمان بەربـووین چاومـان پێیـان کەوتەوە.
**هەڵسـوکەتی بەرپرسـانی تەواریـیەکە لەگەڵتاندا چۆن بوو ؟**
لەوێ ئەوەی پێی بلێی هەڵسوکەوتی مرۆڤانە نەبوو، ئەوەی ئیهانەو سوکایەتی کردن بوو پێیـانکردین، ئەوەی ناخۆشـی بـوو بینیمـان، ئەوەی بیانویسـتایەو بەعەقڵیانـدابهاتەیە بەو خەڵکەیان دەکرد.
**ماوەی چەند لەوێ هێڵرانەوە هۆی راگرتن و مانەوەتان نەزانی لەوێ ؟**
مـاوەی هەفـتەیەک هێلـراینەوە حکـومەت لە رێـگەی ئیسـتخباراتەوە زانیـاری زۆر وردی لەسـەر کۆکردبووینەوە، تەنـانەت ئەوەشیان دەزانی کە تۆ لەهەڵەبجە خانووی خۆت هەیە یـان کرێچیـت، ئینجـا کەوتـنە پرسـیارکردن لەخۆمـان زانیـاری زۆر وردیـان لەوخەڵـکە کـۆدەکردەوە، تەنـــانەت دەیانپرسـی تـۆ خـانووەکەت چەنـد ژوربـوو؟ زەوی وئـاوی

هەبوو ئەویش یەکێکیان هی شۆفێرەکە بوو، ئەوی تر بۆسەرکەوتنی ئێمە بوو، هیچ جۆرە رۆشناییەکی نەبوو تەنها لە ئەرزەوە یەک کونێکی تێدا بوو هەروا (10 سم) سانتیمەترێک دەبوو، ئەویش پێمـوابێ بۆمیزکردن بوو، بۆیە دەڵێم بۆ میزکردن لەبەرئەوەی کە کەوتینە رێ بەهیچ جۆرێک وەستان نەبوو تەنها ئەگەر خۆیان بیانویستایە ئەویش بۆ ئیسراحەت یان بۆ ئیشێکی خۆیان نەک بۆ ئێمە، ئیتر کەوتینەڕێ دنیا زۆر گەرمم بوو هاوین بوو.. ئاتوخوا بائەوەشم بیرنەچێت باباسی بکەم .

فەرموو .

ئەوکاتەی ئەوپاسانەیان هێنا، کەخەریکی سەرخستنی پیاوەکان وگەنجەکان بوون، لۆرییەک هات کۆمەڵێکی پانزەکەسیان بانگکرد بۆئەوەی ئەو شتومەکانەی لەناوحەوشەی تەوارییەکە بوون باریانبکەن منیشیان لەگەڵ ئەو پانزە گەنجە برد بۆ بارکردنی ئەوشەخەڵ وپەخەڵە دڵمخۆش بوو ووتم لەسەرچەنچەی ئەو لۆرییە دەبین نایەینەخوارەوە، کەکارەکەمان تەواو بوو چوینە سەرئەوچەنچەیە ووتیان ئەوە چی دەکەن لەوێ وەرنەخوارەوە وتمان فەرقی چییە بالێرە سواربین لێمان توڕە بوون بەسوکایەتی و قسەی ناشرین دایانبەزاندینەوە ووتیان وەرنەخوارە دیسان کردیانینە ناو ئەوپاسەموقەپەتانەوە.

**چەند کەس بوون خرانە ناو ئەوپاسەوە ؟**

ئێمە 18 کەس بووین خراینە پاسێکەوە. پاسەکان کەوتنەرێ ئاگامان لەدەرەوە نیە چونکە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو، حاڵەتێکی زۆرناخۆش بوو، رەتڵیک سەیارە خۆڵەوەو ئێستاش کەس نازانێ تەرمەکەی لەکوێیە .

ئیتر دوای ئەوە چیتان بەسەرهات ؟

دوای ئەوەی هەموو زانیارییەکانیان لێوەرگرتین پارەی ئێرانیەکانیان لێ سەندین ، تەنانەت ئەوەی پارەی عێراقیشی زۆر پێبوایە هەرلێیان دەسەند ئینجا رۆژێک هەمووخەڵکەکەیان بردە ناوحەوشەکەوە بینیمان، پاسیان هێناوە، دەستیانکرد بەجیاکردنەوەمان، لەپێشەوە پیاوەکانیان جیاکردەوە، ئینجا ژنەکان و دوایی کورەگەنجەکانیشیان جیاکردەوە. ئەمە هەرلەناو حەوشەی تەوارییەکەی سلێمانی لەپێشەوە ژن ومنداڵ و پیاوە پیرەکانیان سواری ئەو پاسە ریمە درێژانە کرد، هەتا ئەوانیان هەموو سەرنەخست و مەئمورو پۆلیس وپاسەوانیان بۆ دابین نەکردن، هیچ سەیارەیەکی تر نەهات، ئەوانیان تاوتۆێ کردو سەریانخستن وبۆهەرپاسێک مەئمورێکی خۆیانیان بەچەکەوە خستە ناو پاسەکەوە، ئیتر هیچ دەسەڵاتێک نەما پیاوژن جیاکرانەوەوئەوانیان خستە ناوئەوپاسانەوە، ئینجا دوای ئەوان پاسی تریان هێنا ئەم پاسانە جۆرێکی تربوون وەکو ریمە درێژەکان نەبوون، ئەو پاسانە بۆ پیاوەکان ئەوانەی تواناو گوڕیان مابوو لەگەڵ کوڕی گەنج خرانە ناو ئەوپاسانەوە.

**ببورە وتت ئەوپاسانە جۆرێکی تربوون ؟ چۆن بوون مەبەستت چییە لەوەی جۆرێکی تر بوون ؟**

ئەوانە سەیارەی سەربازی بوون، جۆرێک بوون نازانم چۆن وەسفیان بکەم هیچ پەنجەرەیەکیان نەبوو، تەنها دودەرگایان

**ئەوکونەی کەباست کرد لەکوێی پاسەکەدا بوو، لەسەر گاعیەکەی ئەویش منوای بۆدەچم هەر بۆ میزکردن بوو.**

**تۆ دڵنیا بوویت کە ئەوە بۆمیزکردنی بەندییەکان بووە، لەوبڕوایەدا نیت کە بۆئەوە بووبێت کە لەوێوە هەوایەک بێتە ژورەوە بۆئەوەی نەخنکێن ؟**

پێدەچێت بۆ ئەوەش بووبێت.

**دڵنیایت هیچ کونێکی تری تێدا نەبوو ؟**

هیچ هیچی تری تێدا نەبوو تەنها یەک پەنجەرە هەبوو لەنێوان ئێمەو سەربازەکەدا کە حەرەسمان بوو ئەویش بە شیشی ئەستور کە پێکەوە لەسەر یەک لەحیم کرابوون ئەویش بەستترابوو. لەو پەنجەرەیەوە مەئمورەکە ئەوەی پاسەوانمان بوو جاربەجار سەیرێکی دەکردین ئێمەش ئیشارەتمان بۆ دەکرد بۆ کوێییە ؟ ئەویش سەرێکی بادەدا دەیگوت نازانم .

**لەو پەنجەرەیەوە هیچیترتان نەدەبینی ؟**

با لەوێوە کیلۆمەترەکانمان دەبینی .

**مەبەستت کام کیلۆمەترانەیە ؟**

ئەوانەی لەسەر ڕێگا نوسرابوون بۆنمونە ئەوێ چەند کیلۆمەترە و بەغداچەند کیلۆمەتری ماوە .

**کەواتە لەوکونەوە دەتانزانی بەرەو کوێتان دەبەن ؟**

بەڵێ لەو تەنها پەنجەرەیەوە دەمانزانی بەرەوخواروی عێراقمان دەبەن بەڵام ژن ومنداڵەکان هەربە ئاشکراو بەپاسی ڕیم و مەنشەئە( ) بردیانن و خەڵک هەمووی سەیری کردبوون .

وەک سجن وابووکەوتنەرێ، ئێمە نازانین بەرەوکوێ دەڕوات . هەرلەناو حەوشەی تەوارییەکە هەندێک شوتیەکۆڵەی گەنیوی عەلۆکەیان هێنابوو دایانپێمان ئێمەش لەبرسان دەستمانکرد بەخواردنیان تومەس ئەم شوتیانە گەنی بوون و بۆرێگەی ئەنفال بوون، ئەوانەی ئەوشوتیانەمان خواردبوو وەزعمان زۆرخراپ بوو. لەبەرئەوە ناو ئەوپاسانە زۆر گەرم بوو ناچاربووین هەمووخۆمان روت وقوتکردەوە هیچ هەوایەک نەدەهاتە ژورەوە عارەق وەکو ئاو لەبەرمان دەرۆیشت، خەریکبوو ئەپیشاین، خەریک بوو هەناسەمان لێدەبرا.

**هیچ پەنجەرەوکونێک نەبوو هەوای لێبێتە ژورەوە ؟**

هیچ هیچ نەپەنجەرە نەدەرگا، یەک تاکە دەرگا بۆسەرکەوتن ئەویش قفڵێکی گەورەیان لێدابوو لەو دیوەوە.

**ڕەنگی پاسەکە چۆن بوو ؟**

ڕەنگی ئەوەی ئێمە سەوز بوو هەندێکی تر ئەوانەی لە پێشەوە بوون سپی بوون .

**تۆ دڵنیایی لەوە ئەوەی سواریانکردن پاس بوو یان شتێکی تری تایبەت بوو لە پاس دەچوو ؟**

پاس بوو کەپس کرابوو، بچوک بوو زۆریش گەورە نەبوو، وەکو ئەو هەژدەنەفەرییانەی لای خۆمان شتێکی ئاوابوو بەڵام کەپس کرابوو هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو.

**ئەی کوشنەکانی چۆن بوون ؟**

هیچ کوشنێکی تێدا نەبوو شتێکی سادەوساکار بوو.

**هەرتەختەشی تێدا نەبوو لەسەری دابنیشن ؟**

نەخێر نا هیچ هیچی تێدانەبوو .

خۆی نازانم ناوی چییە بەڵام کچی کاک فەخرەدینە براکەی کە بۆی گێڕامەوە ناوی بارامە ..

**بەڵێ بەداخەوە ئیتر دوای ئەوە چی رویدا ؟**

ئەو رۆژەی کە لە تەوارییەکەی سلێمانیەوە سەریان خستین بەدرێژایی ئەو رۆژە هەربەرێگاوەبووین، هەم لە ترساو هەم لەبرسا و هەم لەگەرمادا پێدەچێت هەندێک کەس هەر بێهۆش بووبن، من بۆخۆم یەکێک بووم لەوانە کاتێک بە هۆش خۆم هاتمەوە هات وهاواروقیژوهورِبوو، فەرتەنەیەک بوو، هەرمەپرسە وەزعێکی زۆر ترسناک وناخۆش بوو، کە پرسیارمکرد ووتیان ئەوە لەجادەی خۆڵ لایدا دەمانبەن دەمانکەن بەژێرخۆڵەوە .

**ئێوە ئەو هەستەتان لەلا دروست بوو کە ئیتردەتانکوژن ؟**

بەڵی هەموومان گەیشتینە ئەوبڕوایەی کە ئیتر رۆژمان تەواو بوو لێرە دەمانکوژن .

**دواتر ئەورێگا نخۆڵە بەکوێی گەیاندن ؟**

گەیاندینیە ناونوگرەسەلمان لەناوحەوشەکەی نوگرەسەلمان دایانگرتین و ئیتر رەزالەتی نوگرەسەلمان دەستی پێکرد.

پێشئەوەی باسی تراژیدیای نوگرەسەلمان بۆبکەیت دەمەوێ پرسیاری ئەوەت لێبکەم ؟ وتت ئێوە هەژدەکەس بوون **لەناو ئەوپاسەدا کێی ناسیاوی خۆت لەگەڵدا بوو؟**

هەموومان ناسیاوی یەکتری بووین برای خۆم و کوری مامەم و ئەو پوورزایەم ئائەمانە بووین بەیەکەوە .

**پاسەکە جێگەی کەسی دەگرت مەبەستم ئەوەیە هەرجێگەی ئەو هەژدە کەسە دەبووەوە ؟**

**مادام ئێوە دەتانزانی بەرەوکوێ دەڕوا کەی زانیتان بەرەو سەماوەو نوگرەسەلمان دەرِوات . ؟**

جاربەجار دەمانبینی ئەویش کە سەیارەکان بۆ ئیسراحەتی خۆیان یان بۆبەنزین تێکردن دەوەستا لەو پەنجەرەیەوە تابلۆی سەرجادەکەمان بەکەمی دەبینی.

**کەدەوەستان نەتان دەتوانی ئاوو خواردنێکی کەمیش بەدەست بهێنن ؟**

نەخێر هەندێکجار لەو وەستانانەدا مەئمورەکە دەهات دەیگوت چیتان پێویستە پارەکانتان دەرکەن شتتان بۆدەهێنین . وەکو میوەو ئاوو پسکیت و ئەوشتانە . بەڵام ئێستاش هەروا بۆمان دەهێنن ! هەرگیز چاومان بەهیچ نەکەوت ئێمە لەو وەزعێتە خراپەدابووین کە بۆم باسکردیت ناچاربووین باوەربکەین هەندێک پارەمان پێبوو ئەوەشیان لێمان سەند بێئەوەی هیچمان بۆ بێنن .

**پارەکانیشیان لێدەستاندن ؟**

بەڵێ پارەشیان لیدەستاندین و هیچیشیان بۆ نەدەهێنان . ئەمەش وەک ئیهانەیەک بوو . کاک بارام هەیە دوایی بۆی گێرامەوە کچێک هەبوو دایکی و باوکی لێرە بەکیمیایی شەهید بوون، لەرێگەی نوگرەسەلمان زۆر تیووی ببوو، داوای ئاوی کردبوو، بردبوویان بەحساب ئاوی بدەنێ ئێستاش کەمن قسە لەگەڵ تۆ دەکەم ئەوە 26 ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەرێ هەر ئەو بردنە بوو سۆراخی نیە.

**کچەکە ناوی چییە ؟**

ئەوەی تێکەڵکـــراینەوە دەگریـــا، هەشـــبوو پێدەکەنی لەخۆشیاندا تۆ ببینە، دایک وباوک وخوشک وبراو کوروکچ لەیەکجیابکرێنەوەو رۆژێک بەریگاوەبیت و نەزانـی چارەنوسـت چـی دەبێـت و داویـی بـگەنەوە یەکتـری و تێکەڵ بکرێنەوە خۆشـە، بەڵام کە ئەو دیمەنە سـامناکەت دەبینـیەوە لەترسـا هەرگریانمـان بۆدەمـایەوە دەبـوایە چیمـان بکـردایە ئەگەر نەگریاینـایە ؟ دەبـوو هەر بگـرین . لەوێ کە ئەفسەرێک هەبوو ناوی حەجاج بوو بۆخۆی سەرپەرشـــتی پرۆســـەی ریکخســـتن ودابەشـکردنی خەڵـکەکەی دەکـرد بەکێبـڵ وقـامچی وشـەلاق شـەلم کـوێرم ( )هـاتن بەوخەڵکـدا بەزەبـری لێـدان لە مـاوەیەکی زۆرکەمدا ئەو هەموو خەڵکەیان دابەشـی نـاو قاعەکانی نوگرەسەلمان کرد. یەکەم کەسـی هەڵەبجەیـــــی ئەو رۆژە لە ژێرقـــــامچی جەلادەکـــانی نوگرەســـەلماندا کە گیـــانی لەدەسـتدا کـاک ئەلاکەرەم هـاواری بـوو کە بەقـامچی خـودی حەجـاج گیـانی لەدەسـتدا، ئەلاکەرەم سـەید بـاوکی مامۆسـتا سـەلمانە کە ئێسـتا لەرێکخراوەکەمانـدا لەگەڵمانـدایە . ئەو لێـدان و سـوکایەتیە بـۆ چاوشـکاندن و تۆقانـدنی خەڵکـی ئەم شـارە بـوو، بـۆئەوە بـــووکەس بیـــرلەوە نەکـــاتەوە جـــوڵەیەک هەنگاوێک بنێت یان قسەیەک بکەن .

**ئەو رۆژە نازانی چ رۆژێک بوو ؟**

1988/8/21 بوو. ئەوە یەکەم رۆژی چوونە نوگرەسەلمان بوو.

**هەسـتتان کـرد هـیچ پاسـێک لەکـاروانەکە دابرابـێ و نەهێنرابـێ بـۆ نوگرەســـەلمان وسەرنشینەکانی ئێستا بێ سۆراخ مابنەوە ؟**

کورە من دەلێم ماوەی هەناسـەدانمان نەبوو، خەریک بوو ئەخنکاین لە گەرماو لەتینودا؟

**ئاخر خەڵکی ترهەیە دەلێت ئێمە 34 کەس بووین لەوپاسانەدا ؟**

ئەی ئەگەر بیانویستایە خەڵکـی تـری تـێکەن دەیانتوانی . وەکو پێشتر عەرزم کردیت ئێمە ویستمان لەسەر چەنچەی لۆرییەکە سواربین دوایـی دایـانگرتین بـۆ نـاوئەو پاسـە ئەویـش ئـاخر سـەیارەبووکە هـات ئەویـش شانسـمان هەبووە کە هەرئەوەندە بووین .

**پێشتر لە هیچ شوێنێک ئەوپاسانەت بینیبوو کە ئێوەیان پێگواستەوە ؟**

نەخێر هەرگیز نەمبینبوون .

**ئەی دوای روخانی ڕژێمی سەدام حوسێنیش هەر نەتبینینەوە ؟**

دوای ئەوەش هەرنەمبینیوەتەوە .

**کەگەیشتنە نوگرەسەلمان لەوێ چی رویدا ؟**

نوگرەسەلمان دۆزەخێک بـوو بۆخـۆی ڕەنگە بینیبێتتـــان لە تەلەفزیـــون ســـجنێکی زۆر گەورەیە، ئەوەنـــدە گەورە بـــوو ئەو رەتـــڵە سەیارەیە دەچوونە ناوحەوشـەی سجنەکەوە پێـیەوە دیـارنەبوو، دەرگایەکیـان بـۆ چـونە ژورەوە بـوو دەرگـایەکیش بۆچـونە دەرەوە بوو، ئێمە کەچووینە ژورەوە لەحەوشـەکەدا وەســـتاو ئێمەیـــان دادەبەزانـــدو پاســـەکە لەدەرگـــاکەی تـــرەوە دەردەچـــووە دەرەوە، خەڵکـی تـریش هەروا بەوشـێوەیە، ئەوانـیش وەک ئـــێمە داگیـــران وهەمووومانیـــــان لەحەوشـەکە کـۆکردەوە، خەڵکێکـی زۆر زۆر بـوون، پـێش ئـێمەش خەڵکـی گەرمیـانی لـێ بـوو، کەهەمـوو خەڵکەکەیـان داگـرتەوە ئێتـر لەوێ پیاوو ژنیان تێکەڵ کردەوە، بەڵام چۆن تـێکەڵ کردنێـک خەڵـک هەبـوو لەخۆشـی

سێبەرەدا بەحاڵ دەجوڵانەوە من ئەو شەوە هەتا بەیانی سەیری ئەو پیرەمێردانەم دەکرد بۆ بەیانی چوومەوە بۆلایان ووتم ئەمانە بۆلێرەن ووتیان ئێوە سەرەتاتانە ئێمە ئەوەچەند وەختە لێرەین رۆژانە لەبرسان خەڵکمان لێدەمرێت، وتم ئەم پیرانە بۆ لێرە کەوتوون زۆر بەسادەیی ووتیان لێرە لەبەر ئەو سێبەرە دامانناون، چاوەروانین هەتا بمرن دوایی دەیانبەینە دەرەوە، گەرمیانیەکان گەنجیان لەگەڵدا نەمابوو ئەوان کچ وکوری زۆر بچکۆلەو پیاوپیری زۆر بەساڵاچویان مابوو ئەوان دەرکەوت دوایی کورەگەنجەکانیان هەمووی کوژرابوون، ئەوانەش هیچ دەسەلاتیان نەبوو ئاوا بەدیاریەکەوە دانیشتوون هەتا دەمردن . ئەوان دارِندرابوون لەهەموو جۆرە ژیانێک . ئەوە بۆئێمە زۆر ترسناک بوو دەمانگووت ئێمەش چارەنوسمان وەکو ئەمانە . بەراستی وەزعێکی زۆر ترسناک بوو بروا بکە ئەوانەی دەمردن پیلاوەکان وجامادانەکانیان لێدەکردەوە دەزانی بۆچییان بوو .؟ بروا بکە بۆئەوەیان بوو چایی پێ لێبنێن، ئەی چایی و شەکر چۆن دەستدەکەوت ؟ ئەوان هیچیان پێنەمابوو ئەو دوفلسانەی پێیانبوو دابویان بە پۆلیسەکان بۆئەوەی شتیان بۆ بهێنن ئەوانیش بازرگانیان بەسەر ئەو خەڵکە بەستەزمانەوە دەکرد، ئەو زاڵمانە چۆن شتیان بۆ دەهێنان لەساڵی 1988 یەک فەردە برنج بەدە دینار بوو، ئەوان یەک پەرداخ برنجیان پێدەفرۆشتنەوە بە 3 دینار بۆیان دەهێنان، تەماتە بەسەلک بوو، خەیار بەدانە بوو، کفن بەپارەیەکی زۆربۆیان دەهێنانە ژوورەوە . راستی ئێمە وەزعمان نا کەس دانەبرا هەموومان لەوێ یەکمانگرتەوە .

**رۆژانی دوایی چی رویدا ؟**

ئیترکراینە قاعەکانەوە نوگرەسەلمان دوقاتە زۆربەرزە تەنها ئاسمانمان دەبینی ئیتر دابرابووین لەدنیای دەرەوە، دەرگاکان پۆلیسی لێبوو دەرگاکان توند گیرابوون وچواردەوری نوگرەسەلمانیش خاڵی ئێشکگرتنی لێبوو، ئیمە گەنج بووین دەجولاین لە ناوسجنەکە، زۆر وەزعی ناخۆشمان چاوپێکەوت، وەزعێک کە هەرگیز بەگێرانەوە کۆتایی نایات نوگرەسەلمان سجنێکی زۆر گەورە بوو، پڕ پربوو لە خەڵکی گەرمیان و قەرەداغ وسەنگاو گەرمیان و هەموو ئەوناوچانەی ئەنفال گرتبوونیەوە.

**ببورە تۆ قەلای وەک نوگرەسەلمانت بینیوە لەناوچەکانی خۆمان ؟**

لەلای بازیان و ئەوناوە بەرچاوم کەوتووە .

**وەک ئەوەی پیرەمەگروون ؟ قەلای سوسێ ؟**

بەڵێ بەڵێ رێک وەک ئەوەیە بەڵام ئەو گەورەترە .

**نەخێر گەورەتر نیە هەموویان یەک نەخشەن بەڵام بەردەکانیان جیاوازە ئەوەی لای خۆمان لەبەردی نقارِی سپی دروستکراوە ئەوەی نوگرەسەلمان بەردێکی بۆری زبرە ببورە فەرموو ویستت باسی پیرەکانم بۆبکەیت.؟**

بەڵێ دەبێ وابێ بەڵام بە یەک شێوەدروستکراون، ئیتر لەناوحەوشەکە شوێنێک هەبوو بۆسەیارە سێبەریان بۆکرابوو، دوسێ پیرەمێردم بینی لەژێر ئەو

هەم هەڵەبجەیی بوو، هەم لە ئێرانەوە پێکەوە بـــووین و لەتەوارییەکەشــــەوە هەرپـــێکەوە براین بۆ نوگرەسەلمان .

**باسی مردنی ئەو پیرەمێردانەت کرد، ئەی تەرمەکانیان چی لێدەکرا، کێ دەیناشتن ؟**

ئا ئەوە بەشایەتی هەموو ئەوخەڵکەی لەوێ بووین براگەورەکەم زۆر بەوکارە هەڵدەستا خـــوا لێـــی خـــۆش بێـــت ئەویـش دواجـــار هەرلەوێ کــــــۆچی دوایــــــی کـــــــردو لەنوگرەســــەلمان ناشــتمان، ئەو گەنــج بــوو کەسێکی بەخۆوەوە بوو بەهەیبەت و بەهێز بوو بۆئەوکارانە زۆر بەهیمەت بوو. هەمیشـە دەستپێشخەری دەکرد لەکاری خێردا .

**بیورە ناوی براکەت بڵێ ؟**

نــاوی ئەنوەربــوو. ئەگەر کەســێک دەمــرد هاوریـان دەکـرد کـاک فـلان وکـاک فیسـار




زەحـــمەت نەبێــت وەرن بـــابچین ئەوتەرمە

باشتر بـوو توانیمـان هەندێکی کەم نەک زۆر هاوکـــاری ئەوخەڵــکەی گەرمیـــان وقەرەداغ وسەنگاو بکەین .

**زۆرسوپاس بۆئەو وردەکارییەت زانیارییەت لەبەرئەوەی تەمــومژت لەســـەر راســتیەک لابـرد، چـونکە زۆرجارگەرمیانیەکـان باسـی ئەوەم بۆ دەکەن هەڵەبجەییەکان وەزعیان لە ئێمە باشـتربوو، دەڵێن ئەوان کە درەنگانێک دوای ئێمە هـاتن هەندێک زەخیرەیان پێبوو وەک برنج وشەکروئەوشتانە، بەڵام دەمەوێ ئەوەبـــزانم کە ئایـــا چـــۆن توانیتـــان ئەو زەخیرەیە لەگەڵ خۆتان بەرنە ژوورەوە . ؟**

ئـێمە هەرکە لە ئێـرانەوە هـاتینەوە هەنـدێک زەخیـــرەی خۆمانمـــان پێبـــوو، هەبوومـــاڵی پێبـــوو، هەرچۆنێـک بـــوو لە تەواریـــیەکەوە توانیمــــان هەنــــدێک شــــت لەگەڵ خۆمــــان بگەیەنینە نوگرەسـەلمان، وەک پێشـتر ووتـم ئەو لـۆرییەی هـاتە نـاوتەوارییەکەوە چـوین شــتەکانمان بـارکرد هەرچـی بەردەســتمان کەوت و ریگەیـــــان پێـــــداین بارمـــــان کردوبەولـــــۆرییە شـــــتەکانیان هێنـــــا بۆنوگرەســــەلمان، زەخیــرەکە ئەوە بــوو کە توانیمان هاوکاری گەرمیانیەکانی لێبکەین .

**لەنوگرەســـەلمان کــێ زۆر هاورێــت بــوو؟ مەبەستم ئەوەیە کەسێک هەیە لەوێ بووبێت بەهاورێـت و ئێســتا پێــی بلێیــت هــاوڕێی زیندانمە ؟**

لەوێ نەخێـــر چـــونکە وەزعەکەمـــان زۆر نـارەحەت بـوو، بەدەقە چاوەڕوانی مەرگمـان دەکــــرد، چــــاوەڕوانی مەرگــــی ئــــازیزانی خۆمانمـان دەکـرد، بەڵام تـاکە هـاورێی زۆر ئازیزم ئەو مامۆستا محەمەدە بوو کە دواتر بەنیازی دیداری لەگەڵ سازبکەیت، بەڵام ئەو

**کاک جەمال مەلابوو ؟**
بەڵــی مەلا بووئێســتاش مــاوەماڵیــان وا لە سلێمانیە .
**ئیترئەو هـات یاسـینی لەسـەر خوێنـد دوای ئەوە چی رویدا؟**
هەرپـاش مـاوەیەکی زۆرکەم گیـانی سـپارد، خزمەکـانم و کەسـە نزیکەکـانی خـۆم هـاتن بردمـان شـۆردمان و کفنمـان کـردو بردمـان بۆسـەر قەبـرانەکە بەخاکمـان سـپارد، بەڵام تراژیـدیا لەسـەر قەبـرانەکەی نوگرەسـەلمان. دەبـوو لەسـەر عەرەبـانەیەکی سـێ تـایی ئەو جەنازەیە بەریت ئەویش تایەیەکی تەقی بوو نەدەرۆیشـت بەنـاو ئەو لـمەدا، تەنهـا زەنـگ (پـاچ) یێکیـان دابـوو پێمـان کـول بـووکلکەکەی شکابوو، خاکەنازێکیان دابوو پێمان کلکەکەی کـورت بـوو، پـۆلیس لەگەڵماندا بـوو ئیهـانەی دەکــردین، بەقــامچی و بەچەکەوە، دەبــوو بەنـاو ئەو لەمەدا بەزوتـرین کـات بیگەیەنینـە گۆرستانەکەو بە کەمترین وەخت بەو قازمەو خاکەنـــازە خـــراپە گـــۆر هەڵبکەنیـــت و بیشاریتەوە، نەک قەبری بۆ هەڵبکەنیت.
**مەبەســتت چــیە بیشــاریتەوە نەک قەبــری بۆبکەنیت؟**
مەبەستم ئەوەیە نەیاندەهێشت قەبر هەبکەنی ئەوەنـدە نەدەوەسـتان لەسـەرت، خـاکەکەی سەرەوەی لم بوو هەتا قولەپێمـان لـم لەسـەر خـــاکەکە بـــوو بەڵام ژێـــری رەق بـــوو، هەڵنەدەکەنـــدرا، بـــۆیە ناچـــاربووین هەروا کەمیـک خـۆڵ بکەینـە سـەریداو بیشـارینەوە. چـونکە پۆلیسـەکان نەدەوەسـتان لەسـەرمان قەبـر هەڵبکەنـین، دەبـوو بەزوتـرین کـات بیشـــــاریتەوەو بگەرێیـــــنەوە بۆنـــــاو نوگرەسەلمان...

بشارینەوە . ئەوەش بۆ دووشت بوو وەڵا بۆ کۆمەڵیــک شــت بــوو، یەک ئەوە کــوردەو مــردووە لەوغەریبــایەتیە ئەرکە لەســەرمان، دووهەم ئەوە تەرمەو دەبـــێ بیشـــارینەوە، ســـێهەم لەبەرئەوەی پۆلیســـەکان زەختیـــان دەکرد بەزوترین کات لایبەرن چونکە بۆنی دەکـرد ئەوان ئیزعـاج دەبـوون، لەبەرئەوەی ئەوەنـدە بەشـداری ئەو مەراسـیمی بەخـاک سـپاردنانەی کـرد ئیتـر مانـدوو بـوو خۆشـی مقـــاوەمەی نەمـــاو لەوێ گیـــانی لەدەســـتداو شەهید بوو.
**چی رۆژێک بوو گیانی لەدەستدا بیرت نایە ؟**
بەڵــی 1988/9/6 ئەو رۆژەی کە لێبــوردنە گشـتیەکە دەرچـوو، بـراکەی مـن هەمـان رۆژ لە نوگرەسەلمان گیانی لەدەستدا .
**بەچـی گیـانی لەدەسـتدا بەنەخۆشـی یـاخود ئەویش بەرلێدانی حەجاج کەوت ؟**
نا بەلێدان نەبوو ئەوەندە بەشداری ناشتنی تەرمەکـانی کـرد ئێتـر بۆخۆشـی هێـزی تێـدا نەمـــاو لاوازبـــوو، رەنگـــی رەش هەڵـــگەراو لەمـاوەی دوو رۆژدا گیـانی لەدەسـتدا، ئیتـر چـۆن گیـان لەدەسـتدانێک لەسـەر ئەو ئەرزە رەقە کەوتبـوو، سـەری لەسـەر رانـی دایکـم بـوو، خـۆم لەلای قـاچییەوە دانیشـتبووم، خێزانەکەی و منداڵەکانی بەدەورییەوە بوون، بـراکەم زۆر بەغیـرەت بـوو دەیگـووت خەمـی منتـان نەبـێ مـن شـەهیدم هەتـا بـاش ئەوەم بیردێت دەیگووت من ئەوەتام لەناوەڕاستی بەهەشتدا، من هەستم بەوە کردکە ئیتر ئەوە خەریـکە رۆحـی دەردەچێـت، خێـرا رامکـرد پیاوێک هەبوو مەلاجەمالیان پێدەگووت چوم ووتـم کـاک مەلاجەمـال وەرە یاسـین لەسـەر براکەم بخوێنە .

**هەستت بەچی کرد وەک خۆیان مابوون یان هەســتتکرد دەرهێنــرابنەوە لەلایەن ســـەگ ودرندەی کێوییەوە ؟**

درنــدە نــابەڵام هەســـتم کــرد تێکچــوون و وەکوخۆیــان نەمــابوون ئایــا چــاڵکرابوون و دەســـتکاری کرابــوون لەلایەن حکــومەتەوە ئەوەیـــــان نــــازانم، بەڵام شـــــوێنەکانیان تێکچووبوو ئاسەواریان نەمابوو.

**لەوبڕوایەدای سەگ دەریهێنابن ؟**

ئەوەی من بینیم لە هی سەگ نەدەچوو .

**ئەوەی لەبارەی سەگە ڕەشـەوە دەیگێڕنەوە تاچەند ڕاستەتۆ چی دەڵێت ؟**

نەک هەرســـەگە ڕەشـــەکە لەنوگرەســـەلمان سەگە، سـورەکەش هەبـوو، سـەگە بۆرەکەش هەبوو، کۆمەڵێک سـەگ هەبوون، هەندێکیان لەسـەگی لای خۆمـان نەدەچـوون، بـروا بـکە ئەگەرکەسـێکیان بهێنایەودایانبنـایەو نـانێکی باشـیان بـدایەوبیانگوتایە دوای ئەم نـانە تـۆ برۆ ئازادبە، دەیگووت بـا لێرە بمرم باشـرە لەوەی ســـەگ لەدەرەوە بمخـــوات چـــونکە نەیــدەویرا لەنوگرەســـەلمانەوە بێــتەوە ئەی گووت لەدەرەوە سەگ دەمخوات .

**بەبۆچونی تۆ ڕۆژانە لەنوگرەسـەلمان چەند کەس دەمرد ؟**

بەرۆژ بوو، ئەوەی کەنەخۆش بکەوتـایە زۆر نەدەمـــــایەوە . رۆژی واهەبـــوو دوکەس لە هەڵەبجــــــەییەکان دەمــــــــردن چــــــــوار لەگەرمیانیەکــان دەمــردن، رۆژێکیــان بینــیم حەڤدە جەنـازە لەنـاو حەوشـەکە لەوشـوێنەی تەرمەکانیــان لێدەشــۆرد دانرابــوو . باشـــە حەڤــدە جەنــازە بەخەڵکێکــی برســـی و بەو وەزعەی لەپێشـــەوە باســـم کـــرد چـــۆن

**کاتەکەی کەی بوو؟**

کاتژمێر دەی سەرلە بەیانی بوو. لەبەر ئەوە کە لمەکەمــان لەســـەر لادا. ئەو زەویــیە لە وشـکی خـۆی‌و بێئـاوی خۆیـدا... ئەو بیابـانە شــەقی بردبـوو. پاچمــان دەدا لە خــۆڵ َەکە ئـــاگری دەکـــردەوە. ئــێمەش لە برســـــان نەمانـــــدەتوانی قەبـــــر لەوشـــــەختە ڕقەدا هەڵبکەنــین. خــۆ قەبرهەڵکەنــدن بەو جــۆرە نابێت تـۆ حەفـارە بکرێتو دوو مەتـر قـووڵ بێت، شـتی وەهـا نییە لەوێ. پێموابێت ئەگەر کەسێکی ساغ بەریت تەنها پێی بڵێن بخەوە، یـان بەنجی بکەن، لە بیستو چوار کاژێردا ڕەشەبا و گەرما تەفرو تونـای دەکات. بـروا بکە ئەوەنـدە خـۆڵ نەبـوو لەوێ جەنـازەکەی پێبشـــارینەوە، نەک هەر بــراکەی مــن هــیچ یەکێــک لەوانەی لە نوگرەســـەلمان گیانیـــان ســـــپارد حەقـــــی خۆیـــــان پێـــــنەدراوە لەشـــاردنەوەیان، بـــۆیە کە بەرێکەوتیـــنەوە بۆناو زیندانە گەورەکەی نوگرەسەلمان دوای چەنـــد مەترێـــک جـــارێکی تـــر گەرامەوە ســـەرجەنازەکە، پـۆلیس هاوارییـان لێکـردم هەروا بـــنجە گیـــایەک هەیە، ئەوم هەڵگـــرت خستەم لای گۆرەکەیەوە بە ئومێدی ئەوەی جـارێکی تـر بـێمەوە سـەری و بیـدۆزمەوە، ووتم بانیشانەیەک هەرهەبێ بۆناسینەوەی.

**هــیچ جــاری تــر چــویتەوە بۆســـەرقەبری براکەت ؟**

دوای یەک هەفــتە بـــۆ ناشـــتنی تەرمێکـــی ترچوومەوە، لەراستیشدا بۆ دوو شت چووم یەکەمیان بۆ ئەوەی خێرێکم دەست بکەوێت دووەهەمیــان بــۆئەوەی ســـەردانی قەبــری براکەم بکەم بەڵێ ئەوجارەش بینیمەوە.

عەرزم کردیت گەرمیانیەکان وەزعیان زۆر خراپ بوو فەقیرە ئەوان هەربەجل وبەرگی خۆیانەوە دەیان شاردنەوە .

**هەڵەبجەییەکان گۆڕستانێکی جیاتان هەبوو لەنوگرەسەلمان ؟**

نا گۆرستانی جیامان نەبوو، تەنانەت لەناو قەلاکەش هەڵەبجەییەکان لەبەرامبەری گەرمیانیەکان دانرابوون، قاعەکانمان بەرامبەری یەکتری بوو، لەبەرئەوە تێکەڵی یەکتریش دەبووین و هاتوچۆی یەکتریشمان دەکرد. من لەوێدا حەمەخولەم ناسی پیاوێکی زۆر چالاک بوو لەناوگەرمیانیەکاندا، تەنها لەسەر ئەوەی یەک تەماتەیان پێبینی کە بەدەستیەوە بوو، شەمخی بانگی کرد یەک شەورۆژێکی تەواو بەبەرئەو خۆرەوە بە عەمودێکەوە بەستیانەوە، بروابکە خۆری چی ئاسنی ئەتواندەوە، مرۆڤی دادەرزاند کەچی لەسەر ئەوەی تەنها یەک تەماتەیان بەدەستیەوە بینی کە بەپارەی خۆی کڕیبووی ئاوایان لێکرد، دوایی مرد.

**ئەگەر بکرێت کەمێک وردترباسی حەجاج بکەیت ؟**

حەجاج پیاوێکی ترسانکا و تۆقێنەرونەگبەتی لەخوا یاخی بوو، هەتا بلێی دلرەق و بێرەوشت بوو، نمونەی لەخراپەکاریدا کەم بوو، هەتابلێی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە بوو لەگەڵ ئەوخەڵکە لێقەوماوە، هەتا شەوانە دەیهێنایە دەرەوە بۆ حەوشەکە بۆ رابواردنی خۆی، پێی دەگووتین ئێوە دەبێ لێرە بمرن، شاخ وکێوەکانتان نەما ئێتر ئێرە شوێنی مردنی ئێوەیە، هیچ کەسێک نەیدەتوانی بەرپەرچی بداتەوە.

دەشاردرێتەوە ؟ بەراستی زۆر نارەحەت بوو .

**بەزۆری ئەوانەی دەمردن منداڵ بوون یان پیر ؟**

بەزۆری پیرەکان دەمردن من نەمدیووە منداڵێک بمرێت ئەوانیش هەمووی هەڵەبجەیی تێدابوو، گەرمیانی تێدابوو بەگشتی باس دەکەم .

**ئەمە تۆ دووهەمین کەسیت باس لەکفنی مردووەکانی نوگرەسەلمان دەکەیت، پیاوێکی پیری دۆڵی جافایەتی ئەو قسەیەی بۆکردم، من واتێگەیشتم کە تەمەنی هەڵکشاوەو ڕەنگە خڵەفابێت، بەڵام ئەوە بۆجاری دووهەم گوێم لەهەمان شت دەبێت، ئەوەش بەراستی بۆمن شتێکی زۆرغەریب و زۆریش تازەیە بەلامەوە ؟ چۆن کفنتان دەست دەکەوت لەکاتێکدا ئێوە کاغەزومقەباتان دەستنەدەکەوت چای پێلێبنێن ؟**

ئەم کفنە وەک عەرزم کردیت، پارەو پولێک کە پێمان بوو کۆمان دەکردەوە کەسێک سەرپەرشتی ئەوەی بۆدەکردین پارەی دەدا بەپۆلیسەکان لەقەزای سەلمان بۆی دەکرین و پێی دەفرۆشتینەوە ئەویش بەپارەیەکی زۆر دەقات گرانتر، لەوەشدا بازرگانیان بەسەرەوە دەکردین، هەرکە چوینە ئەوێ ئەو پیاوەی سەرپەرشتی ئەوکارەی دەکرد عەرەبییەکی باشی دەزانی بەپۆلیسەکانی وتبوو کفنمان بۆبێنن، ئیتر هەرکەسێک بمردایە لەوکفنەی پێدەدا.

**کەواتە هەرهەڵەبجەییەکان توانیویانە مردووەکانیان کفن بکەن ؟**

بەڵێ بەلام جاربەجار بەشی گەرمیانیەکانیشمان لێدەدا. ئەگینا وەک پێشتر

بەخــوا ئەو خــۆرە وەک دەرزی دەچــووە ناومۆخی ئێسقانەوە، بەوەشەوە لێی نەگەران هەتـا توانییـان بە شـەمخییەوە بەحجـاجەوە بەو پۆلیسـانەی تریشـەوە کەلەگەڵ حەجاجدا بوون، تەنانەت وەک ئیهانە کورە گەنجەکانی خۆشـمانیان بانـگ دەکـرد، دەیـانگووت دەی ئێوەش دەبێ لێی بدەن. بەزۆر دەیانبردن و دەیـــانگوت دەی دەبـــێ قـــامچی و کێبـــڵ بووەشـــێنی. ئەو خەڵکەشـــیان ریزکـــردو رویـــانکردە ئەو خـــۆرە گەرمە ئیتـــر کـــاک حەمەصالح بەعەموو دەکەوە شل بووکەوتە خوارەوە . ( ئێستاش وا لەژیاندا ماوە )

بەڵام ئەوانەی لەوێ بـــوون هەموویـــــان لەوخراپتربوون.

**ئەوانە سـەر بەچ سلکێک بـوون چـی بـوون پۆلیس بوون ئەمن بوون ؟**

هەمــووی بــوون ئیســتخباراتی تێـدا بــوو پۆلیسـی تێدابوو، هەتـا پۆلیسـێکی تێدا بـوو دەیگـووت مـن لە بەنزینخـانەکەی هەڵەبـجە پۆلیس بووم، دەیگووت قەت بیرم ناچێت کە ئێـوە چەنـد خـراپ بـوون لەگەڵ خەڵکـی عەرەبدا بەراستی بێئینسافانە قسەی دەکرد، چـــــونکە ئـــــێمە بارمـــــان لاربـــــوو دەستبەسەروسـجن بـووین نەمـان دەتـوانی وەڵامـی بـدەینەوەو بڵـێن خراپیەکانمـان چـی بووە.

**ئەوپۆلیسە ناوی چی بوو ؟**

بەداخەوە ناوی نازانم .

**کێـی ترلەپۆلیسـەکان زۆرخـراپ بـوولەگەڵ زیندانیەکان ؟**

یەکێکـی تریـان هەبـوو نـاوی شـەمخی بـوو ئەوە خراپترین کەس بـوو ئیسـتخبارات بـوو ئەویش زۆرخراپ بوو.

**کێ ئەو قسانەی ئەوی بۆ وەردەگێرانە سەر زمانی کوردی ؟**

من بۆخۆم تێدەگەیشتم.

**لەس و لاری چۆن بوو ؟**

پیـاوێکی بـاڵابەرزی بەخـۆوە بـوو. ئێسـتەش ببینم دەیناسمەوە .

**ئەی ڕەنگ و روخساری چۆن بوو ؟**

ئەسمەرێکی سمێڵ رەشی باڵابەرز بوو.

**من دەزانم هەموو هەڵسوکەوتەکانی ناشرین بـــوون بەڵام ناشـــرینترین رەفتـــاری ئەو ئەفسەرە کەقەت لەبیرت ناچێتەوە چی بووە ؟**

ئەو رۆژەی کە بردمانیـان بۆنوگرەسـەلمان، هەرچەنـدە ئەو بەرپرسـی زینـدانەکە بـوو کەمتـر دەمـایەوە هەنـدێک جـار شـەوانیش لەوێ دەمایەوە،

**بـێجگە لەکـاک ئەڵاکەرەم کێـی تـرت بینـی بەدەستی حەجاج بکوژرێ ؟**

رۆژانە ئێمە تەنکەرێک ئاوی تاڵمان بۆدەهات بــۆخەڵکی گەرمیــان و هەڵەبــجە ئەویــش بەئاســانی دەســتنەدەکەوت دەبووســەرەی بۆبگریــت، رۆژێــک خۆمــان لەناوخۆمانــدا لەســـەر ئەوســـەرە ئـــاوە تۆزێـــک قرقـــرو موشکیلە کەوتەنێوانمانەوە، دەمەقالە لە نیوان چەندکەســـێکدا دروســـت بـــوو، ئەمە گەیشتبووەوە دەم شەمخی و حەجاج وئەوان ئیتر هاتن کێشەکەیان زۆر گەورە کرد لەناو هەموویاندا پیاوێک بوو زۆر فەقیریش بوو، نـاوی کـاک حەمەصـالح بـوو، لەسـەر هیچـی خـۆڕایی ئەو پیـاوە داماوەیـان تاوانبـارکرد بەوەی ئەوسـەرچاوەی کێشـەکەیە، هێنایـان بەجـــامەدانەکەی خۆیـــان بەســـتیانەوەو بەبەرئەوخـۆرەوە سـەرەوخوار هەڵیانواسـی،

ئیتردەستی ئافرەتەکەی گرتبوو بردی منیش خۆمم لێداشاردبوون . نەمویرا ئیتر بەدوایاندا برۆم.

**گەرمیانیەکان لەیەکێک لەدیدارەکانیاندا شتێک باس دەکەن کە پۆلیسەکان قسەیان بەخوشکی یەکێک لە کوڕیکی هەڵەبجەیی کردووە، ئەویش قبوڵی نەکردووەو بەگژیاندا چووەتەوە، بەڵام لەژێر لێداندا کوشتوویانەو لەوەش خراپتر دوو رۆژ نەیانهێشتووە تەرمەکەی بنێژن و هەرلەقاعەکەدا هێشتویانەتەوە، دواتر کە بۆنی کردووە ئینجا ڕێگەیانداوە بیبەن بینێژن ئایا تۆ ئەو کەسە دەناسیت یان هیچ دیمەنێکی وا لەیادەوەریتادا هەیە .؟**

نەمبینیووە من ئاگام لەشتی وانەبووە . بەڵام ئەوەندە هەیە کە ئەوان نیازیان لەگەڵ ئێمەدا زۆر خراپ بوو بەراستی .

**کەس هەبوو لەنوگرەسەلمان جاسوسی بەسەرئەوانی ترەوە بکات ؟**

بەڵێ

**لەکوردەکانی خۆمان ؟**

نا نەبووە من نەمبینیوە .

**کە 6ی ئەیلول بریاری لێبوردنەگشتیەکە دەرچوو ئێوە چەندێکی تر لەدوای ئەوە لەوێ مانەوە ؟**

ئیمە لەدوای ئەوە ئیتر دەمانزانی بەردەبین بەڵام هەتا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوە مایینەوە چونکە پۆستە پۆستە خەڵکیان بەردەدا.

**هەر وەجبەیەک چەندکەس ئازاد دەکران ؟**

هەموو وەجبەیەک نزیکەی سەد کەسیان بەردەدا . ئەوەش زۆر نارەحەت بوو، دەگەڕان بۆنمونە دەیانگوت ئەم قاعەیە

**بەڵام بەپێچەوانەی قسەکەی تۆشەوە خەڵک هەیە لەنوگرەسەلمان گەراوەتەوە باسی ئەوە دەکەن کە شەمخی نەرمتربووە لەوان ؟**

بەپێچەوانەوە شەمخی زۆرخراپ بوو لەگەڵماندا ئەوەی پێی بووترێت رەحم وبەزەیی نەیبوو، باش بوونەکەی چییە کاکە ؟ تۆبێیت ئیستغلالی وەزعمان بکەیت و بمچەوسێنیتەوە دەبێ باشییەکەی چی بووبێت .

**پۆلیسێک هەبووە لە نوگرەسەلمان زیندانیەکان بە مام خەڵاس ناوی دەبەن تۆ ئەوە دەناسیت .؟**

نا پیاوێک هەبوو حەمەخولەیان پێدەگووت .

**ببورە دوایی باسی حەمەخولەم بۆبکە بەڵام کام لە پۆلیسەکان مامەڵەیان لەگەڵ ئێوە نەرم بوو ؟**

هیچیان دلنەرم نەبوون .

**ئایا دەستدرێژی سێکسی هەبوو لەنوگرەسەلمان ؟**

بەداخەوە .. هەرچەندە من بۆخۆم بەچاوی خۆم کردەوەکەم نەبینیوە، بەڵام هەندێک هێما هەیە، من گەنج بووم و زۆریش بەناوسجنەکەدا دەگەڕام، تەنانەت بەناوکونبەکونی نوگرەسەلماندا دەگەڕام، ئەوەش وەنەبێ بێترس گەرابم، نا بەترسەوە دەگەڕام بەڵام من کەسێکی سەرەرۆبووم، دەمویست بزانم چی هەیە، جارێکیان حاڵەتێکم بینی، بەهەرحاڵ ئیتر بوو، حەزناکەم لەوەزیاتری لەسەربرۆم.

کاک عەلی بۆچی باسی ناکەیت ؟ من پێموایە باش وخراپ جوان و ناشیرین ئەوە مێژووی ئێمەیە بۆیە من بەپێچەوانەوە دەیبینم باسکردنی باشترە لەشاردنەوەی.

ماوەی هەفتەیەک هێشتمانیەوە، بۆئەوەی هەموو ئاسەوارێکی ئەو ئەشکەنجەدانەمان لێ دابماڵی و کەمێک ڕەنگ وروخسار هەڵبهێنینەوە ئینجابمانخاتەوە بەرچاوی خەڵک لەناو خەستەخانەکە بۆماوەی هەفتەیەکی تر دەستبەسەرکراینەوە بەڵام چۆن ؟ دەبوو ڕۆژانە خۆمان بشۆردایە، ئەوەش بەزۆربوو، چیت بخواردایە هەبوو، کە ئێمە جاران ئاونەبوو لەنوگرەسەلمان بیخۆینەوە، ڕۆژانە تەنها سێ سەموون کە زۆر بچکۆلە بوو، بەڵام لەوێ چیت بویستایە دەتتوانی بیخۆیت، بەیانیان خواردنی هەمەجۆریان دادەنا لەقەیماغ و پەنیر، هێلکە وماست وچا، صمون و نان چیت بخواردایە هەبوو، سەعات نۆ بەدواوە کێ دەیەوێ بچێت بۆ بازاڕ کێ شتی پێویستە، پۆلیسیان لەگەڵت دەنارد، دەتوانی بچیت وبیبیتەوە دەتتوانی تەلەفۆن بکەیتەوە بۆ سلێمانی بۆهەرکوێیەک کە تەلەفۆنی هەبووایە، نیوەڕۆیانیش ئازادبوویت لەخواردن سێ چوار جۆر خواردنیان دەکرد.

**ئەی باسی گۆشتت نەکردگۆشت نەبوو ؟**

بابا گۆشتیش هەبوو. عەسرانیش دەهاتن ئاهەنگیان بۆسازدەکردین، ئەویش هەربەزۆر بوو بۆئەوەی نەفەس بدەیت و ئەوەی دیوتە لەبیرت بەرنەوە، شەوانیش دەیانکردیتە حەوشەکەوە دەمەتەقێ و قسەی خۆش وەزعێک کە زۆرجار وەک خەون دەهاتە بەرچاومان و باوەرمان نەدەکرد کە ئازادکراوین، ئەوە وەزعی ئەو هەفتەیەمان بوو . کە هینایانینەوە بۆ سلێمانی سەرلەنوێ بردمانیانەوە بۆ تەواریەکە لەوێشەوە ڕەوانەیانکردین بۆ ئۆردوگای باینجان .

بیست کەس و ئەوی تریان بیست ئاوابوو، وەنەبێ قاعە قاعەبێت. ئیتر خەڵکیش پێشبڕکێی دەکرد کێ زوو ناوبنوسێ ئەوە زوتر بەردەبوو، بەبەرتیلیش خەڵکیان زووتر بەردەدا بەتایبەتی شەمخی بەبەرتیل خەڵکی بەردەدا، ئەو کوڕە (مەبەستی مامۆستا محەمەدبوو کە ئەوکاتە لەلامان دانیشتبوو) سەعاتەکەی دەستی خۆیدا بەبەرتیل دایە شەمخی بۆئەوەی ناوی بنوسێ بۆبەربوون. ئێمەش هەروامان کرد راستە ئەوە مافی خەڵک بوو ئێمە پێشیان کەوتین بەپارە بەڵام ئێمەش پرسەمان بوو چونکە وەکو وتم ڕۆژی لێبوردنەکە کاکەم لەوێ گیانی لەدەستدا . ئەو خەڵکە بریاری ئازادکردنی درابوو، هەر بەردەبوون.

لە 19 /1988/12 دواهەمین کەس لەنوگرەسەلمان دەرچوون، هیچ کەسێکی هەڵەبجەیی تێدانەمایەوە .

**کەواتە ئێوە زۆرماونەتەوە زیاتر لە چوارمانگ لەوێ بوون ؟**

چوارمانگ ودەرۆژ لەنوگرەسەلمان بووین . ئینجا ئازادکراین .

**کەلەنوگرەسەلمان بەریاندان ئیتر وتیان بڕۆنە دەرەوە یان خۆیان هێنایاننەوە بۆ سلێمانی ؟**

نەخێر بەسەیارەی سەربازی هێنایانین بۆنەخۆشخانەی گشتی سەماوە، بەڵام ئەوەی ڕەنگی ئینسان بوو بە ئێمەوە نەمابوو، چڵکن و پیس و پۆخەڵ وهیلاک بوین، ئەگەر ئاوا بهاتینایەتەوە بۆناشارەکانی کوردستان کەس نەیدەناسینەوە، بۆیە حکومەت تاکتیکی بەکارهێنا بۆ چەواشەکردنی رای گشتی هەستا چی کرد

بەڵی هەتا ئێستا خەڵکێکی هەڵەبجە هەن هەرلەوێ نیشتەجێ بوون و نەهاتوونەتەوەو نایەنەوە .

**باسی ئەوەت کرد بەقاچاغ لەناوشاروئۆردوگاکاندامانەوە ئەی سیخورەکانی حکومەت نەیاندەدۆزینەوە ؟**

بەردەوام بەدوامانـدا دەگەڕان و چاودێرییانـدەکردین و هەڵەبجەییەکانیان دەگرت، وامان لێهاتبوو هەر هەفتەی دەبوو لەگەڕەکێک دابنیشین، نەیاندەهێشت بخوێنن، تەنانەت خەڵکیش سوکایەتی پێدەکردین و تەعلیقی لێدەداین .

**ئەو تەعلیق وسوکایەتیانە چی بوون لەلایەن خەڵکی کوێ ئەوسوکایەتیەتان پێدەکرا ؟**

بەزۆری خەڵکی سلێمانی سەرباری ئەو وەزعەش تەعلیقی ناخۆشیان لێمان دەدا، بۆنمونە من بۆخۆم بەزۆری لە زەرایەن بووم پێیان دەگوتین ئێوە هەڵەبجەیین چیدەکەن لێرە دانیشتوون ؟ شتی ئاوا .

**ئەو تەعلیق و سوکایەتیەکردنە ئەوەندە کاریگەری لەسەرت داناوە، رقت لەخەڵکی سلێمانی یان زەرایەن ببێتەوە و بتەوێت لەچرکە ساتی خۆیدا تۆڵەیان لێبکەیتەوە ؟**

نەخێر بیر لەتۆڵەکردنەوە ناکەمەوە بەڵام لەبیرم ناچێتەوە.

**وتت نەیاندەهێشت بخوێنین مەگەر تونەگەرایتەوە بەرخوێندن ؟**

نەخێر دوای ئەوەی کەلەنوگرەسەلمان گەراینەوە نەمدەتوانی بخوێنم ئیتر خویندنەکەمم لەدەستدا .

**ئەی ئیترگیرای بەسەرباز ؟**

نەچووم بۆخزمەتی سەربازی لەکۆتایی سالی 1988 لەنوگرەسەلمان بەربووین، لەوێ لەسەر ئەرزێکی رەق وتەق فرێیانداین ووتیان فەرموون بۆخۆتان لێرە بژین . بەڵام ئێمە خزم وکەسوکار هاتن بەهانامانەوەو لەوێ نەماین بەقاچاغ رۆیشتین بۆ لای خزمەکانمان لەسلێمانی و نەسر . بەڵام ئەوانەی لەوێ مانەوە جاریکی ترئەنفالیان کردنەوە، هەرچەندە کوردستان هەمووی نیشتمانمانە بەڵام زۆربەیان لەوێش هەڵکەندن وبردیانن بۆ بەرحوشتروگردەچاڵ . بەڵام بەنیسبەت ئێمەوە سەرباری کیمیابارانکردن و ئەنفالکردنمان دیسانەوە باینجانیشیان پێرەوانەبینین جارێکی تر رایانگواستنەوە بۆ ئەو ئۆردوگایانە.

**لەوێ هیچ پارچە زەوییەکی نیشتەجێکردنەوەیان پێدان هەتا خانووی لەسەر بکەن ؟**

لەباینجان پێیان نەداین لەگردەچاڵ پێیانداین، ئێستا ئێمە لەوێ پارچەیەک زەوی بەناومانەوەیە.

**ئەی هاوکاری تریان کردن بۆئەوەی خانووی پێبکەن وەک خەلکی راگواستراوی تر کە بۆرە قەرەبوویەکیان کردنەوە بەناوی سولفەی عەقارەوە کە یەکی 1500 هەزاروپێنج سەد دیناریان پیدابوون ؟**

نانا هیچ پارچە زەوییەک و بەس . ئیتر دەبوو بەخشتی قورو نایلۆن شتێک پێکەوە بنێیت بۆئەوەی تیایدا بژیت .

**هەتاکەی لەگردە چاڵ مانەوە ؟**

وەک پێشتر عەرزم کردیت ئێمە هەرلەسەرەتاوە نەچووین بەقاچاغ مەلای خزمەکانمان خۆمان پەنادا.

**کەسی تر لەهەڵبجەییەکان چوون بۆگردە چاڵ و لەوێ نیشتەجێ بن ؟**

**چۆن حکومەت مابووئێوە توانیتان بێنەوە بۆهەڵەبجە ؟**

بەڵی حکومەتی بەعس مابوو، هەروا دەرۆژ دەبوو راپەرین ببوو، ئێمە لە ریگەی بەحرەوە بەقاچاغ هاتین بەبەلەم پەرینەوە هاتینەوە بۆ هەڵەبجەوخانووەکانمان ئاوەدان کردەوە، کە حکومەتی بەعس هێرشی هێنایەوە بۆ کوردستان هەڵەبجە جارێکی تر چۆلکرایەوە چونکە ئێمە لە پێش کۆرەوەکە لێرە بووین . ئیترکە جارێکی تر راپەرین کرایەوە حکومەت ئیدارەی خۆی لە کوردستان کێشایەوە، هەڵەبجە تەواو ئاوەدان کرایەوە .

**کە حکومەت هێرشی هێنایەوە بۆکوردستان وهەڵەبجە چۆلکرایەوە ئێوە چیتان کرد ؟**

(بەپێکەنینەوە) جاریکی تر دیسانەوە رۆیشتینەوە بۆ ئێران .

**لەسەرەتاوە چەند ماڵ دەبوون وا هاتنەوە بۆئێرە ؟**

لەسەرەتاوە تاک وتەرا هاتبووین، هەرکەسەو بۆخۆی بریاری دابوو بێتەوە .

**ئەوەش پرکێشییەکی زۆر جوانە ئەی کەگەرانەوە خانووتان کردەوە یان چاوەروانی وەزعەکەتان کرد ؟**

ئێمە خانووی خۆمان مابوو لێرە بەڵام داروخابوو بووبەکەلاوە.

**خانووەکەتان سەقفی مابوو ؟**

نەخێر نەمابووداروخابوو بەڵام هەموویمان بەرەنج وبازوی خۆمان ئاوەدان کردەوە.

**ئیتر کە راپەرین بوو حکومەت ئیدارەی خۆی کێشایەوەو حکومەتی هەرێم دروست بوو، ئێوە پێشبینیتان چۆن بوو، دەتانویست حکومەتی هەرێم چۆن پێشوازیتان لێبکات ؟**

ماوەی 1989 هەتا 1991 توانیم بە پێناسەی خوێندکارییەکەم بگەرێم راستە موالیدەکەم گیرا بەعەسکەر بەڵام من نەچووم بۆ خزمەتی سەربازی ئەوە بوو راپەرینەکەی بەسەرداهات .

**بۆچی نەتدەتوانی بخوێنی ؟**

لەبەرنەبوونی مەینەتی دوای ئەوەی لەنوگرەسەلمان بەربووین ئیتر من بووم بەقوربانی ئەو وەزعە برایەکم لەبەغدا دەیخوێند خێزانەکەی لێرەبوو، ئەوبرایەی ترم کە لەنوگرەسەلمان وەفاتی کرد، هاوسەرەکەی چوو بەرێی خۆیەوەو هاوسەرگیری کردەوەو مندالەکان بەسەرئێمەوە بەجێمان بروابکە یەکێکیان شیرە خۆرە بوو دایکم ماڵبەماڵ دەگەرا بەسەرئەو ژنانەی منداڵیان هەبوو بۆئەوەی کەمێک شیری بۆ دابین بکات ئەوەش زۆر زەحمەت بوو ئیتر دایکم لەرووی نەدەهات ئەوەندە بچێتە بەرقاپی خەڵک، ئیتر ناچار شیری حەیوانی دەهێناو بۆی دەکردە ناو مەمەشوشەوە بەوشێوەیە گەورەی کرد.

**سەرئەنجام چارەنوسی ئەومنداڵەی کاک ئەنوەری برات چی بوو ؟**

ئێستا ژن وماڵی خۆی هەیەو سوپاس باشە .

**دوای راپەرین و دروست بوونی حکومەتی کوردی رزگاربوون لەحزبی بەعس ئیتر گوزەرانتان چۆن بوو چارەنوستان روی لەکوێ کرد ؟**

هەرلەگەڵ یەکەم چەخماخەی راپەریندا ئێمە یەکەو راست هاتینەوە بۆ هەڵەبجە هێشتا حکومەت مابوو، راپەرین دەستی پێکردوئێمەگەراینەوە بۆهەڵەبجەوخانووەکانمان چاککردەوە .

**نێـــژراوە، بەڵام هەڵەبجـــەییەکی تـــر لە کیمیاباران رزگاری بوو، هەربەهۆی هەمان تاوانەوە ئاوارە بووە، دواتر لەگەڕانەوەیدا رەوانەی نوگرەســـەلمان دەکرێــت و لەوێ لەبرسا دەمرێت و بەجلی خۆیەوە دەنێژرێت ؟**

جیاوازییەکەیـان زۆرە چـونکە ئەو خەلـکەی کە ئێســـتا تەرمەکانیـــان لە نوگرەســـەلمان بەجێمـــاون ئەوانـــیش لەژێـــر داروپەردوی کیمیابارانـــدا رزگارییـــان بـــوو، حکـــومەت نەیهێشت چاوبکەنەوە ئەنفالی کردن .

**کەوایە تـۆ هـاورای منیـت منـیش هەروام ووتووە من دەلێم بۆچی یەکێکیان گرنگی پێدەدرێت و ئەوی تریان گرنگی پێنادرێت ؟ من داوای خستنەرووی هۆکارەکانم لێکردیت ؟.**

هۆکارەکـــانی هەلـــومەرجی کوردســـتان و شـــەڕی نـــاوخۆو نائـــارامی نـــاوچەکە وای کـــردئێمە نەپەرژێیـــنە ســـەرئەوەی برینـــی خۆمـان ببینـین . نەیهێشـت دەنگمـان بەهـیچ شوێنێک بگات، کە دەمانویست ئەو دۆسێیە بجولێینین . بەخەڵکی بناسێنین .

**من ساڵی 2008 زانیومە کە هەڵەبجەییەکان ئەنفالکراون، ئەویش بەریکەوت پیاوێکم بینی بەنـاوی حـاجی صـادق ئەوکـاتە ئەو باسـی مەینەتیەکـــانی خـــۆی بـــۆگیرامەوە کە لەنوگرەســـەلمان بـــووە، ئەو پێـی وتـم کە نـــــزیکەی هەزارکەس زیاترهەڵەبجـــــەیی لەنوگرەســـەلمان بـــوون ئایـا پێتـــوانیە کە بەشـــێکی بەرپرســـیارێتی ئەم ونبـــونە لە ئەستۆی خۆتاندایە ؟**

بەڵـــــی بەڵام وەک بــــۆم باســــــکردی هەلـومەرجەکەو هۆکارەکـانیم باسـکرد، بەڵام کە خەلـک ئـاواتی هـاتە دی و راپەریـن بـوو، حکـومەتی هەریـم دروسـت بـوو بەداخەوە زۆری نەخایانـد کەشـەڕی نـاوخۆ دەسـتی پێکـرد، لەشـەڕی ناوخۆشـدا جـارێکی تـر نەگبەتـی وتراژیـدیا ئەم سـنورەی گـرتەوە، بووبەدوسـنور بـووبە دوحکـومەت بـوو بە دووهەریم بووبەدوئیدارە.

**کەواتە هیچ ئومێدێکی بۆئێوە نەگێرایەوە ؟**

نەخێـر بەرهەمێکـی ئەوتـۆی نەبـوو جـگەلە شـــەڕومالوێرانی . هەرچۆنێـک بـوو وای لە ئێمە کرد نەپەرژێینە سـەر زامەکانمـان بەلـی کـۆمەڵەی قوربانیـانی کیمیابـارانی هەڵەبـجە دروسـت بـوو، دەسـتی بە ئیشـوکارەکانی خـۆی کـرد، بەڵام نەیـانتوانی وەک پێویسـت ئاورێک لە ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە بدەنەوە.

**بـــۆچی هەرلەســـــەرەتاوە کە کـــۆمەڵەی قوربانیـانی چەکی کیمیـاوی دروسـت بـوو، دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجە باس نەکراو تیایدا پەراوێزخرا ؟**

کۆمەڵێک هۆکار هەبوون، یەکێک لەوانە زامی گەورەی هەڵەبجە شەهید بوونی 5000 پێنج هەزارکەس و دەهەزار بریندار هەتا ئێستاش زۆر ســـەختە، هەتائێســـتا هەڵەبجـــە تـــام و لەزەتـی هەڵەبجـەی پـێش کیمیابـاران نـادات، مەبەســـتەکەم کـــورت بـــکەمەوە خەڵکێـــک لەبەرئەو زامە نەیـــدەپەرژایە ســـەر زامـــی خـۆی، یەکێکـی تـر لە هۆکارەکـان خەڵکـی ئەنفـــالکراوی هەڵەبـــجە وەک پێویســـت نەیـانتوانی کـار لەسـەر دۆسـێکەی خۆیـان بکەن.

**باشە جیاوازی چییە کەسێک لێرە لەهەڵەبجە بەچەکـی کیمیـایی شـەهید بـووەو بەجـل وبەرگـی خـۆیەوە لەگـۆرێکی بەکۆمەڵـدا**

**چۆن ؟ ببورە مەبەستت تێناگەم ؟**
مەبەستم ئەوەیە پێش ئێمەش کۆمەڵێکی زۆرتر لەهەڵەبجە ئەنفالکراون ونەشبراون بۆ نوگرەسەلمان هەندێکیان لەتۆپزاوا مانەوەو هەندێکیان هەربێسەروشوێنکراون وهێشتا چارەنوسیان نادیارە .
**نمونەت لەلایە لەوانەی بێسەروشوێنن و سۆراخیان نیە ؟**
بەڵێ ماڵی پورێکی خۆم بە ناوی ئافتاو رەشید خۆی وکورەکەی بەناوی مەنصورئەحمەد هەتا ئێستاسۆراخیان نیە، نزیکەی 500 کەسی هەڵەبجەیی بێ سۆراخن، بۆنمونە ماڵی عومەری حاجی عینایەت ئەنفال بوون لە تۆپزاوابوون .
**کوڕوکچەکانی ماڵی حسێن شا هێشتا بێسەروشوێنن ئایا ئەوان دەچنەی خانەی کارکردنی کۆمەڵەکەی ئێوەوە ؟**
ئەوانە نەخێر هێشتا بەوجۆرە کارناکەین ؟
**بۆچی مەگەر ئەوان ئەنفال نین ؟**
بەڵێ ئەنفالکراون وهێشتا بێسەروشوێنن ، بەڵام بەراستی وبەراشکاوی ئێمە تەنها کار بۆئەوکەسانە دەکەین کە لەنوگرەسەلمان بوون، کە ژمارەیان 1152 کەس بووە .
**پێتوانیە ئەوجۆرەکارەکردنە زۆربەرتەسکە ؟**
بەلێ بەراستی ئێمە ویستمان کارەکە بەپاک وپوختی بکەین ئیشوکارەکانمان چرکردووەتەوە بۆ ئەنفالکراوەکانی ناو نوگرەسەلمان، تەنها ئەوکەسانەی لە نوگرەسەلمان بوون و بۆخۆمان دەیانناسین ئەوەشمان بۆئەوەیە توشی گەندەڵی نەبین و تاونەدەینە بەردێکیش کە پێمان هەڵناگیرێت. بۆئەوەی شاهیدی حەق بۆکەسانێک بدەین کە دەیانناسین، هەرچەندە لەروی بامن شتێکت بۆ بگێرمەوە کورەکەم ئەمساڵ لە مەکتەب گوێی لەمامۆستاکەی گرتووە کەباسی ئەنفالی بۆکردبوون، باسی زۆر شوێنی کردبوو، کورەکەم ووتبووی مامۆستا ئەی ئەنفالی هەڵەبجەییەکان، مامۆستا وتبووی نا هەڵەبجە ئەنفالی نیە هەڵەبجە کیمیابارانە، کورەکەم پێیووتبوو مامۆستا چۆن نیەتی ؟ هەڵەبجەش ئەنفالکراوە، بەراستی جێگەی داخە مامۆستایەک وانەی ئەنفال و جینۆساید بەخوێندکارەکانی بڵێتەوە نەزانی هەڵەبجە ئەنفالی هەیە، ئەوە کارەساتە.
**هەتا ئێستا دەربارەی ئەنفالی هەڵەبجە لەگەڵ چەند کەناڵی میدیایی دیداروچاوپێکەوتنت کردووە ؟**
تەنها لەکاتی یادەکاندا لێدوانیان لێوەرگرتووم ئەویش زۆرکەمیان پیشانداوە، لێدوانی کورت .
**لێدوان ناڵێم دیداروچشاوپێکەوتن ؟**
هیچ تەلەفزیونێک نەهاتوون تەنها لەگەڵ رادیوی یەکگرتووساڵی 2013 و رادیوێی دەنگی نویێ لێرە لەساڵی 2012 دیدارم لەگەڵ سازکراوەو هیچی تر .
**ئێوە بەنیازی چین و مەبەستتان لە دروستکردنی ئەو رێکخراوەچییە ؟ ئامانجتان چیە ؟**
ئێمە ٢٣ی ئازاری ساڵی 2011 کۆمەڵەیەکمان راگەیاند، بەناوی کۆمەڵەی ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە بەو نیازەی ئەو کۆمەڵەیە داکۆکی لەئەنفالکراوانی ئەم سنورە دەکات، بەڵام ئەوەش بزانە هەڵەبجە هەرئەوەنیە ئەنفالکراوی لە نوگرەسەلمان بوویێت .

پەیوەنـدیمان زۆر باشـە، ئەمسـاڵ پـێکەوە لەگەڵ ئەنجـومەنی رێکخراوەناحکومیەکـان بەهێزترین وباشترین یادی ئەنفالمان کردەوە لە 2014/4/14 .

**ببـورە بـابگەرێینەوە بـۆ نوگرەسـەلمان ؟ ویستم پرسیاری ئەوە بکەم تەرمی براکەت هەرلە نوگرەسەلمانە ؟**

یەکێک لەهەوڵەکانی کۆمەڵەکەمان ئەوەبوو، مـانگی 8ی سـاڵی 2012 وەک گروپێـک چـووین بـۆلای وەزیـری شـەهیدان بـۆ گفتوگـۆکردن لەسـەرئەو دۆسـێیە، لەگەڵ وەزیـری شـەهیدان روبەروقسـەمان کـرد، زانیاریمـان دایە لەسـەربوونی ئەو گـۆڕانەی نوگرەسـەلمان هەتا وەزیری بەخۆمی گوت ئەگەر ئەوزانیارییـانەت لەلایە بـۆچی نـاچی بەرێـوەبەرایەتی گۆرەبەکۆمەڵەکـانی لـێ ئاگـادار بکەیـتەوەو کۆنوسـێک بنوسـن ؟ لە2012/12/28 سـتافێکی تـری کـۆمەڵەکە چـوینەوە بـۆ بەرێـوەبەرایەتی گـۆرە بەکۆمەڵەکان، لەوێ کۆنوسێکمان نوسی ئەو داوایەی هەمانبوو تیایدا نوسرا.

**ئەی وەڵامی ئەو بەرێوەبەرایەتیە چی بوو ؟**

وتیان برۆنەوە ئێمە کاری لەسەردەکەین و وەڵامتـان دەدەیـنەوە . چـونکە ئەوە رەزامەنـدی حکـومەتی بەغـداو حکـومەتی هەرێمـی دەوێ لە 5ی نیسـانی 2013 مـن لەگەڵ تیمێکـی بەرێـوەبەرایەتی گۆرەبەکۆمەڵەکـان لە وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان وئەنفالکراوەکـان و تیمێکـی وەزارەتـی مـافی مرۆڤـی حکـومەتی عێـراق چـوین بـۆ نوگرەسـەلمان، لە 7ی ئایـاری 2013 دوای 25 سـاڵ چـوومەوە بـۆ نوگرەسەلمان .

کـارگێریەوە کارمـان بـۆ ئەنفالکراوەکـانی تـریش کـردووە، بەڵام کەسـێک نەناسـین ئەنفـالیش بـووبێ ئـێمە نـاتوانین شـاهیدی بۆبدەین ئەگەر نەیانناسین.

**مۆڵەتی فەرمیتان هەیە ؟**

بەو جـۆرەی کە پێویسـتە مۆڵەتمـان وەرنەگرتـووە. لەسـەر زۆر دیاردەوشـتی تـریش هەڵوێسـتی رەسـمی خۆمانمـان راگەیاندووە.

**وەکوچی هەڵوێست لەبارەی چییەوە ؟**

لەبـارەی رۆژەکـانی ئەنفـالەوە لەبـارەی داخستنی دادگـای بـاڵای تاوانەکـان، لەسـەر بەمۆزەخـانەکردنی نوگرەسـەلمان، زۆر بەباشـیش هەڵویسـتەکەمان جـێگەی خـۆی گرتووە.

**بەڵام خۆمۆڵەت وەرگرتن ئەوەنده کارێکی قورس نیەو زۆریش ئاسانە ؟**

مـن واهەسـت دەکەم ئیشـوکاری ئەنفالکراوەکـان بەگشـتی شـپرزەییەکی پێوەدیارە.

**گرنگترین ئامانج و داخوازی رێکخراوەکەتان چییە جیا لە دواکاری مادی بۆکەسوکاری ئەنفالکراوەکان ؟**

لەراسـتیدا هێشـتا ئـێمە رێکخراوێکـی زۆر تـۆکمە نـین بتـوانین کۆبـوونەوەی خۆمـان بەرێک وپێکی بکەین .

**بروتـان بەخۆتـان هەیە یـان ئومێدتان هەیە وەک رێکخراوێک پێش بکەون ؟**

زۆر ئومێـدمان هەیەو بڕواشـمان بەخۆمـان هەیە کە ئیشـوکارمان لەبەر بـرواو لەبەریشمان رۆیشتووە بۆیە پێش دەکەوین .

**پەیوەندیتان لەگەڵ رێکخراوەکانی تر چۆنە .؟**

گەنجە گەرمیانیانە بوون، کە لەنوگرەسەلمان هێناویاننە دەرەوەولەوێ کۆمەڵکوژکراون .

**ئەوگۆڕە بەکۆمەڵانە چەندێک لەنوگرەسەلمانەوە دورە ؟**

هەتا چاوبڕکات دورە کە دابەزین من لامکردەوە بۆلای نوگرەسەلمان بەڵام نەمبینی دیاربوو زۆر دورکەوتبووینەوە. بەڵام دیاربوو تیمە عێراقییەکە هاوکارنەبوون من واهەستم کرد، دەیانەوێ ئەو هەوڵەی ئێمە فەشەل پێبهێنن، بەڵام هەرچۆنێک بوو گەراینەوە بۆناونوگرەسەلمان لەوێ وتیان کاکە فەرموو تۆ پێشکەوە برۆ بۆناو گۆرستانی هەڵەیجەییە ئەنفالکراوەکان ئێمەش لەدواتەوە دێین، من زۆردڵنیابووم لەکوێن وام دەزانی ئەو دەقەیە کیلۆمەترو نیشانەکانم زۆر باش بەبیردەهاتنەوە، بردمنە شوێنی روفاتی هەڵەبجەییەکان، کەمن چوومە ناو گۆڕەکانەوە ئەوان لەدورەوە چاودێری منیان دەکرد، کاتی خۆی گۆڕەکان بەرێزنێژرابوون، بەڵام کەچووم بینیم شۆفڵێک هاتووە خۆڵی کردووە بەسەریاندا دیاربوو گیای لێروابوو چونکە ئەو شوێنە گیای تێدانیە، ئەو گیایە لەوێ روابوو جێگەی گومان بوو، تەنانەت ڕەنگی خۆڵەکەش جیاوازبوو .

**تۆبۆخۆت شوێنی دەمی شۆفڵەکەت بینی ؟**

بەڵی شوێنی دەمی شۆفڵەکە زۆر بەرونی دیاربوو، کە خۆڵی هەڵگرتووەو کردوویەتی بەسەر ئەو گۆڕانەدا. ڕەنگی خۆڵەکە جیاوازبوو لەو لمەی کەلەوێ بوو، تەنانەت گیاشی لەسەر رواوەتەوە .

**ئەی تیمی هەڵدانەوە وتیان چی ؟ وتیان کەی دەستبەکار دەبین ؟**

**شعورت چۆن بوو کە چویتەوە بۆ نوگرەسەلمان ؟**

وام دەزانی دیسانەوە هێناویانمەوە بۆنوگرەسەلمان هەموو ئەودیمەنە ناخۆشانەم هاتنەوە یاد، زۆر قورسە گیرانەوەی تۆبیهێنەرە پێشچاوی خۆت هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بهێنیتە سەرخەت، هەم حکومەتی عێراق. کەچوومە ئەوێ تەزوویەکم لەخۆشی وناوخۆشیدا پێداهات.

**ئەو تیمە کێی تریان لەگەڵدا بوو چاوساغ وشارەزا ؟**

تاکە شایەتحاڵ و رێپیشاندەروچاوساغ بۆسەردانکردنی شوینی روفاتەکانی ئەنفال من بووم لەگەڵ تیمەکە کە بۆیەکەمینجار چوینە بۆنوگرەسەلمان وشوێنی روفاتەکانی ئەنفال، دورەتلی ئۆتۆمبیل بووین، ئەوانەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی لە پێشەوە دەرۆیشتن کاتێکم زانی زۆر لە نوگرەسەلمان تێپەڕین رۆیشتن ونەوەستان، من کاک وشیارم ئاگادارکردەوە لەبەرئەوەی ئەو سەرۆکی تیمەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شەهیدان بوو، پێموت کاکە روفاتی ئەنفالکراوەکانی ئێمە لەخواروی قەڵاکەی نوگرەسەلمانەوەن نەک لەودەشتە، بەڵام ئەوان هەتا چاوبڕکا رۆیشتن، لەشوێنێکی لماوی ولەناوتەپ وتۆزی بیاباندا سەیارەکانیان وەستاندودابەزین یەکێکیان ووتی کاکە ئەوە گۆڕی ئەنفالکراوەکانتانن، ئەمانە ئێوە ناشتوتانن منیش ووتم نا ئەوانە هی ئێمە نین، کۆمەڵە گۆڕێکی بەکۆمەڵی زۆر لەوبیابانەدا بوون، من دڵنیام ئەوانە هی ئەو

**دەشـــيانزانى كەتـــۆ شـــايەتحالێكى ولە نوگرەسـەلمان بوويت و بەشـدارى ناشـتنى تەرمەكانت كردووە ؟**

بەڵـى ئەى چـۆن مـن بۆخـۆم بـۆم باسـكردن. بەلام ئەوتيمە هاوكارنەبوون تەنانەت بەزۆر كـامێراكەى وەزارەتـى شـەهيدانيان پێچـايەوە كە بەنيـازبوون بەرنـامەيەك بـۆمن بـكەن ووتيان كاكە ئێوەهاتوون گۆڕهەڵبدەنەوە يان بەرنامەى تەلەفزيونى بكەن، ڕێگەيان نەدا.

**هيچ ياسايەک هەبوو ئەوان پشتى پێببەستن بـۆئەوەى ڕێـگە لەئێـوەبگرن نەهـێڵن بەرنامەكەتان بكەن ؟**

لەبەرئەوەى كـاتى خـۆى وەزيـرى مـافى مرۆڤى عێراقى كوردبوو هەموو دەسەلاتێكى هەبـوو، كە گۆڕابـوو بەعەرەبێكـى شـيعە هەمان ئەو دەسەلاتانەى بۆماوەتەوە، من وام هەسـتكرد ئەوان هەربە ئەنقسـەت نايـانەوێ هاوكارى ئێمە بكەن . ئەوە هۆكار بوو .

**باشە تيمەكەى وەزارەتى شەهيدان كامێراى خۆى پێنەبوو ؟**

بەڵى باپێيان بوو .

**ئەى بـايى ئەوەنـدە ماوەيـان نەبـوو گـوێ بەوان نەدەن و بەرنامەكە بۆتۆ بكەن ؟**

نەک هەرئەوەنـدە بەڵكـو حكـومەتى هەرێـم زۆربە بايەخەوە بەدەم داواكارييەكەى منەوە هـاتن و ئەو مەسـەلەيان بەهەنـد وەرگـرت، تـــيمەكەى وەزارەتـــى شـــەهيدان هەرلەكەركـــوكەوە كە تـــيمەكەى وەزارەت يەكمـان گـرت كامێرايـان بـۆمن دابەسـت و لەكەيەوە مـــن قســـە بۆتـــۆ دەكەم بەتێـــرو تەســـەلتر قســـەم بـــۆئەوان كـــردووە، ئەوان دەيانويست . بەلام تيمەكەى حكومەتى عێراق هاوكـار نەبـوون هەرلەسـەرەتاوە كۆسـپيان

وتيـان ئەوە ئاسـەوارى گـۆڕى بەكـۆمەڵى پێوەديارنيەو لەوێدا گۆڕى بەكۆمەڵ بوونى نـيە، منـيش پێمـووتن ئێـرە شـوێنى گـۆڕى بەكـۆمەڵ نـيە ئەمە هەمـووى تـاكە گـۆڕن بۆخۆمان ناشتوومانن، ئەمانە هەڵبجەيين و بۆخۆمـان تـاک تـاک هێناومـانن بـۆئێرەو بەدەستى خۆمان ناشتوومانن.

**ئەى هەڵويستيان چى بوو ؟**

ئەوان نەيـانتوانى يـان راسـتتر بڵێيـين نەيانويست هاوكارى ئێمە بكەن.

**چۆن هەرهيچ هاوكارييەكيان نەكردن ؟**

نەک هەرهيچ هاوكارييان نەكردين نەيانتوانى هيچ قسەيەک لەسەر ئەوگۆڕانە بكەن، تەنها يەک قسەيان كرد، كە وتيان ئەوە ئاسەوارى گۆڕى بەكۆمەڵى تێدانيە، راستيشيان دەكرد ئەوانە گـۆڕى بەكـۆمەڵ نـين، بەڵكـو گـۆڕى تاكن وەک ئەو قەبرستانانەى خۆمان راستە لەنـــاولمى بيابانـــدان بەلام بۆخۆمـــان ناشتوومانن.

**سەرئەنجامى چوونەكەتان چى لێكەوتەوە ؟**

وتيـــان فەرمـــوون بگەرێـــنەوە بۆنـــاو نوگرەســـــــەلمان، كە گەرايـــــــنەوە بۆناونوگرەســـەلمان تـــيمەكەى حكـــومەتى هەرێم هيچ زانيارييەكيان لەسەرئەوحالەتانە نەبـوو كە مـن بـۆم بـاس دەكـردن، تەنـانەت ئەوتـــــيمەى حكـــــومەتى عێراقـــــى ئەوبەرنامەيەشـــيان بەمـــن رەوانەبينـــى كە وەزارەتـــى شـــەهيدان بەنيـــازبوون لەنـــاو نوگرەسـەلمان لەگەڵ مـن بـيكەن، ئەوتـيمەى لەبەغـداوە لەگەڵمـان هـاتبوون زۆر پەلەپەلـى پێخستين.

هەوڵێکی تردەدەینەوە حکومەتی هەرێم هاوکاریمان دەکات .

**کەواتە تۆ وەزارەتی کاروباری شەهیدان بەکەمتەرخەم نازانیت ؟**

نەخێر، بەڵام حکومەتی عێراقی بەکەمتەرخەم دەزانم، چونکە کەمتەرخەمیەکەمان بینی لێرەوە ئێمە رۆیشتین هەنگاوێکی گرنگ بوو بەڵام هاوکارییان نەکردین و ناشیانەوێ هاوکاریمان بکەن .

**دەزانم زۆر ماندووبوویت چەند پرسیارێکم ماوەو لەکۆتایی بەدیدارەکەمان نزیکبوینەوە، ئەوگۆرانەی تەرمی هەڵەبجەییەکانی لێیە چەند لە نوگرەسەلمانەوە دورە ؟**

یەک کیلۆمەتر ئەگەر بشبێت هەرئەوەندەیە .

**واتا ئێوە کیلۆمەترێک بەعەرەبانەیەکی سێ تایی تەرمێکتان دەبرد بۆناشتن ؟ ئەی هەندێک کەس دەڵێن هەر لەپشی دیوارەکانی قەڵاکەی نوگرەسەلمانەوە دەمانشاردنەوە ؟**

ئەوەی من بیزانم و بەشداریم کردبێ هەڵەبجەیی بوبێت یان گەرمیانی بردومانە بۆئەوگۆرستانە کە کیلۆمەترێک لەخوار نوگرەسەلمانەوەیە.

**وێنەی ئەو شوێنەت هێناوەتەوە کە روفاتی براکەت و هەڵەبجەیی وگەرمیانیەکانی لێیە ؟**

بەڵی هێناومە بەڵام کامێراکەی وەزارەتی شەهیدان بەتێروتەسەلی رومالّی ئەو سەردانەو شوێنەکەی کردووە ئێستا لە ئەرشیفی وەزارەت هەیە.

**ئەوانەی وەزارەت نا ئەوەی لای خۆتە دەتوانی بماندەیتێ بۆ ئەمدیدارە سودی لێوەربگرین ؟**

دروست دەکرد، لەبەغدا رۆژێک دوایانخستین نەهاتن بەدەنگمانەوەو پشتگوێیانخستین، لەرێگە ویستیان دەست بەسەر کامێراکەی وەزارەتی شەهیداندا بگرن، بەڵام نەیانتوانی . بەکوردی و کورتی نەیانویست هاوکارییمان بکەن .

**ئەی لەنوگرەسەلمان بەرنامەکەتان نەکرد ؟**

نەخێر نەیانهێشت بەرنامەیەکی تێروتەسەل بکرێت .

**وەزیری شەهیدان رای چی بوو لەسەر ئەو هەڵویستەیان ؟**

نازانم وەزیرهەڵویستی چی بوو، بەڵام کاک هوشیار کەسەرۆکی تیمەکە بوو، بەریوەبەری گۆرەبەکۆمەڵەکانە زۆر بەدڵسۆزی هات بەدەنگمانەوەو هەڵویستی جوان بوو بەراستی . لەوێش ویستی پەیوەندیەکە رابگرێ نەیوست کارەکە ئاڵۆزتربێت، چونکە لەوێ ووتم کاک وشیار بۆ وەڵامی پێویستی ئەو تیمەی عێراقت نەدایەوە بێدەنگ بوو هیچی نەووت بەڵام لەبەغدا پێی گووتم کە حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق نیوانیان باش نیەو بارودۆخەکە ناسکە، بەڵام بەداخەوە پێشتر گرژی کەوتبووە نێوان تیمی وەزارەتی شەهیدان وتیمی گۆرەبەکۆمەمەڵەکانی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقی بەڵام باجەکەی ئێمە دامان .

**زۆر بەداخەوە ئیتر بێهوابوون لەوەی کە روفاتی هەڵەبجەییەکان بهێننەوە یان هەوڵی ترتان هەیە؟**

ئێمە ئەو هەوڵمانـدا بەڵام بێ ئومیدنین و هەوڵی تریش دەدەین، هەرکاتێک ئاڵۆزی لەنێوان حکومەتی عێراق و هەرێمدا نەما




بەلێ بەڵام کامێراکەی خـــۆم دایە دەســـت شـــــــۆفیرەکەی وەزارەتـی شــەهیدان چـونکە مـن بۆخـۆم لەگەڵ تیمەکە سەرقاڵ بـــووم مەجـــالی وێنەگـــرتنم نەبـــوو، ئەوەی ئەوکردوویەتی بەشـــــــــپرزەیی کردوویەتـــــــــی باوەڕنـــاکەم ســـود لەوێنەکـــــانی وەربگـــــرن، هەنـــــدێک قسەوباسکراوە وێنەی سەرقەبرەکان و ناو نوگرەسەلمانیش گیراوە بەڵام ڕەنگە سودی لێوەرنەگیرێت بەڵام ئەوەی کەچاک بێت و بتـوانرێ ســودی لێوەربگریــت ئەوەیە کە لەوەزارەتی شەهیدانە .

**مـن تەنهـا یەک پرسـیارم مـاوە ئەویـش هەڵدەگرم بۆ کۆتایی تۆ دوا قسەت چییە ؟**

من دواقسـەم ئەوەیە دواکارم لەکەسوکاری ئەنفالکراوان، دوای بیست وشەش ساڵ لە تاوانەکە نالێم کارەسات چونکە ئەوە تاوانە .. تکـام وایە شـەرم نەکەن لەداوارەواکانیـان، لەمافەکانی خۆیان . کۆڵنەدەربن، دواکاریش تەنها ئیمتیازو سودمەندی مادی نیە، نەخێر ئــێمە مافەکانمـــان زۆرن وکەمیانـــدراوە. بەتـایبەتی مـافە مەعنەویەکانمـان بەراسـتی ستەمە زوڵمە باسی ئەنفالکراوەکانی هەڵەبجە نەکـرێ، مـن کەسـوکاری ئەنفـالکراوان بەکەمـتەرخەم دەزانـم ئەوەی دەتـوانێ دوو ووشـــەبنوێ بابینوســـێ وبـڵاوی بکـاتەوەو شەرم نەکات .

دەسـتخۆش قسـەکانی کۆتایـت زۆرگرنـگ وبایەخـــدارن. بەهیـــوام کەســـوکاری ئەنفـــالکراوان چـــاوکراوەونەترس بـــن و بەشداری کاریگەریان هەبێ لە نوسینەوەی مێژووی خۆیاندا

سوپاس بۆ بەڕێزتان

**زۆر مانـدووم کردیـت بەڵام پێویسـت بـوو.**

**دواپرسیارم ئەوەیە ڕەزامەندی ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە**

بەڵی ڕەزامەندم .

سارد چۆن دەستبکەوتایە ؟ ئەوە مەحاڵ بوو، تەنانەت ئاویش زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت، ئەوەشی هەبووگەرم و تاڵ وسوێربوو.

کاتێک براکەم داوای ئاوی ساردی دەکردو دەستنەدەکەوت دایکم (عالییە حەمە فەرەج) لە حەژمەتا توند کوڕەکەی گرتبوو بەسنگی خۆیەوە، بەڵام ئەکبەر زۆرنەخۆش بوو لە باوەشی دایکمدا گیانی لەدەستدابوو، کە زانیمان مردووە خەڵک هاتن تکاو رجایەکی زۆریان لە دایکم کرد بیانداتێ بیبەن بینێژن، چونکە مانەوەی بێسودەو بۆگەن دەکات، بەڵام دایکم قایل نەدەبوو تەرمەکەی بەرن بە جۆرێک بەسنگی خۆیەوە گوشیبووی دەتگووت پێکەوە لەحیم کراون، بەهیچ جۆرێک بەرینەدەدا، هەتا لە هۆش خۆی چوو ئینجا توانیمان برا مردووەکەمان لەباوەشی دەربهێنین وبیبەین بینێژین.

بەڵام لەوەش تراژیدی تر ئەوەیە هەتا ئێستا دایکم ئاوی ساردی نەخواردووەتەوە ئەوا (25) ساڵ بەسەرمردنی ئەکبەرو ئەوکارەساتەدا تێدەپەڕێ هەتا ئێستا بۆیەکجاریش دایکم ئاوی سارد بەگەرویدا نەرۆیشتووەتە خوارەوە. (1)

1 ئەوکاتەی چیرۆکەکەیان بۆ عەلی عارف گێراوەتەوە 25 ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفال وکیمیابارانەدا تێپەڕی بوو.

# هەتا مرد ئاوی ساردی نەخواردەوە .

هەرکە دیدارەکەمان تەواوکرد، کاک عەلی عارف ووتی چیرۆکێکم لەلایە پێخۆشە باسی بکەم ودیکۆمێنت بکرێت، پاشئەوەی گوێبیستی بووم سەرلە نوێ کامێرام بۆ دامەزراندەوەو ریکۆردم کرد، هەر بۆیە لەبەرکاریگەری چیرۆکەکە پێم باش بوو بەبەشێکی جیاواز لە دیدارەکەی عەلی عارف بڵاوی بکەینەوە .

عەلی عارف دەستی کرد بەگێرانەوەو وتی :

یەکێک لەوچیرۆکە جەرگبڕانەی ئەنفالی هەڵەبجە کە هەرگیزاوهەرگیز لە بیرم ناچێتەوە، چیرۆکی مردنی منداڵێک و هەڵوێستی ئازایانەی دایکێتی، کە ناخی ئینسان دەهەژێنێ وپێویست بوو هەر زۆر زوو دیکۆمێنتبکرایەو هەتا ئێستا چەندین فیلمی لەسەر دروستبکرایە، بەڵام بەداخەوە هیچی لەبارەوە نەکراوە چیرۆکە تراژیدیاکە مردنی منداڵێکی هەڵەبجەییە لە نوگرەسەلمان.

ئەکبەرمنداڵێکی بچوکی سێ ساڵان بوو لە نوگرەسەلمان مرد، ئێستاش تەرمەکەی لەوێ بەجێماوە، مامۆستا دلێری برای ئەکبەر بۆی گێرامەوە ووتی براکەم نەخۆش بوو هەر داوای ئاوی ساردی دەکرد، بەڵام لە نوگرەسەلمان ئاوی

ئەنفالی هەڵەبجە بکردایە ئەو بەدڵیکی فراوانەوە ووتی من سوپاسی کارەکەتان دەکەم کە هەوڵدەدەن ئەم مێژووە ون نەبێ و ئەو ئازارە لەبیرنەکرێت . ئیتر دوای ئەوەی دیدارمان لەگەڵ محەمەد تەواو کرد مامۆستا هێمن عەبدوڵا ئامادەکاریی دیمانەکەی کردو ئەم دیدارەمان کاتژمێر 10ی شەو سازکرد :

**ئەگەر ناوی سیانیتم پێبڵێت ؟**

عومەر محمد سوبحان

**نازناوت هەیە .؟**

نەوەڵا نیمە هەر لە شیعرەکانیشمدا نیمە جاران نازناوی جەفام هەبوو بەڵام لامبرد

**بۆچی لات برد ؟**

لەبەر ئەوەی سێ شاعیری تر هەبوون یەکێکیان جەفا کێش ئەویتریشیان جەفایی من ئەوەم نەزانیبوو بەڵام دوایی کە پێیان ووتم لامبرد هەربەناوی خۆمەوە بڵاوی دەکەمەوە . جەفاو جەفاکێش و جەفایی تێکەڵ دەبوون بۆیە ئیستا هەربەناوی مامۆستا عومەرەوە شیعرەکانم بڵاودەکەمەوە .

**لە دایکبووی ساڵی چەندیت ؟**

لەدایکبوی ساڵی 1969 م.

**ئەو کاتەی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە رویدا خانەوادەکەتان چەند کەس بوون ؟**

خانەوادەکەمان بریتی بووین لەخۆم و دایکم و برایەکم، برایەکیی تریشم خۆی و خێزانی و دوو منداڵی، خوشکێکیکیشم خۆی و دوو منداڵ و زاواکەشمان . بەکورتیەکەی شەش کەس بوون .

**چۆن شەشە کە س بوون ؟**

خوشکێکم خۆی و دومنداڵی برایەکیشم خۆی و دوو منداڵی خۆشمان سێ .

**کەواتە بەس لەخانەوادەکەی خۆتان (9) کەس دەکات بێجگە لە براژنت و زاوەکەشتان ؟**

بەڵێ راستە نۆ کەس .

**ئەو کاتە ژیانتان بەچی دەگوزەراند چ کارێکتان بۆ بژێوی خۆتان دەکرد ؟**

## عومەر محەمەد سوبحان :

## لە نوگرەسەلمان براکەم نەیهێشت ئەو سەهۆڵ ونانە بخۆین کە حاج برایم مەلوک بۆی هێنابووین .

شەوی 25/24ی مانگی نیسان درەنگانێک لەگەڵ هاوکارم مامۆستا هێمن عەبدوڵا – گۆپتەپەیی لە



ماڵێکی بەخولق و خۆی شاری هەڵەبجە دابەزین، پێشتر دیمانەم لەگەڵ عەلی عارف خاوەنی ماڵەکەدا سازدا بوو دەربارەی مەینەتی و تراژیدیای نوگرەسەلمان و کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، ئێمە بەنیازی دیدار لەگەڵ ئازارچەشتوویەکی تری نوگرەسەلماندا بکەین، کەچی پیاوێکی تریش لەوێ دانیشتبوو بەرلەوەی هیچ قسەیەک پێکەوە بکەین بەسەروسیمایدا دیاربوو کەسێکی ئازارچەشتووی هەستناسکە، ئەو پیاوە عومەرمحەمەد سوبحان بوو، ئەویش بەگەنجی نوگرەسەلمان و چیرۆکە ترسناکەکانی ناوئەوقەڵایەی بینیوە، راستترە لەبری قەڵای نوگرەسەلمان ناوی دۆزەخی شۆڤێنیزمی لێبنرێت . پاشئەوەی دوای لێبوردنم لەوپیاوەش کرد کە دەبوو زوتر بچوینایەو قسەمان لەمەڕ

ئـێمە لەم شـارە هەموومـان وەک خـانەوادەیەک دەژیـاین، خەڵکێکی تەبـاو خۆشگوزەران بـووین، هەموومـان یەکتریمـان دەناسـی ئەوەی لەبیـرم مابێـت، هـاتووچۆ هەبـوو لە نێوخانەوادەکانـدا، هاونشـینی هەبـوو شـەوان دەچـووین بۆمـاڵی یەکتـری و هەتـا درەنگـانی شـەو پـێکەوە دادەنیشـتین و قسـەی خۆشـمان دەکـرد، ئـێمە لەماڵی خۆمـانەوە کە لەگەڕەکی سـەراو بـووین بەپـێ سـێ چـارەک یـان سـەعاتێک بەپـێ دەرۆیشـتین بـۆ شەونشینی لەو بانە پێی دەڵێن تـووە وشـک . کە دەرۆیشـتین خەڵکـی ترمـان دەبینی جاله شـەودا یـان بەلایت یـان بەچرای دەستی دەرۆیشتین یەکتریمـان لەرێگە دەبینی و پـێکەوە قسـەمان دەکـرد، ئەوە جـوانترین یـادەوەرییە و بەراسـتیش کەشـێکی خۆشـی دروسـت دەکـرد زۆر خۆشـبوو، دنیـایەکی زۆر جوان بوو .

**بێگومـان یـادەوەرییەکی جـوانە بەڵام ئەو کـاتە هەڵەبجە کارەبای نەبوو ؟**

بەڵێ هەیبوو بەڵام ناو کۆڵانەکان تاریک بوون .

**ئەوە چ ساڵانێک بوون حەفتاکان یان پێشتر ؟**

ئەوەی باسـی دەکەم دەوری حەفتـاو شـەش و حەفتاو حەوت و ئەوکاتە . نەک هەرئەوە خەڵک گیـانی تەبـایی و هاوکـاری زۆری تێـدابوو یەکتریان خۆش گەرەک بوو، وەک ئێستا نەبوو، بۆنمونە یەکێک خانووی بکردایە خزم و دۆست، هەمـوو دەچـوون هاوکارییـان دەکـرد، بۆنمـونە توتنمان دەکرد بۆنمونە دەیان ووت دەستەوام ( ) ئێمە ئەگەر زەوی و ئاومان هەبوایە ئەگەر سێ رۆژی تـر بچوینـایە بـۆ چانـدن یـان بـۆ شـەتڵ لێـدان، ئەگەر دراوسـێکەمان ئەمـرۆ بیکـردایە دەبوو بچم هاوکارییان بکەم ئەمە ببووە عادەت بـێ ئەوەی پێـت بڵـێن ئیتـر کەسـەرەی منـیش دەهات بۆ شـەتڵ چاندن ئەوە ئەوانیش دەهات . وە جـگە لەوەش لەنـاو خزمانیشـدا هاوکـاری هەبوو، بۆنمونە ئەگەر خزمێک کەسێکی بمردایە

**هەڵبەت تۆ باسی پێش کیمیابارانت پێویستە ؟**

بەڵـێ مـن دەمەوێ بـزانم ئێـوە پـێش کیمیابارانکردنی شارەکەتان خانەوادەیەکی چۆن بـوون، ژیانتـان چـۆن بـووەو ئێسـتا لەدوای ئەو تـاوانەوە چ گۆرانکـارییەک رویـداوە بەکـورتی دەمەوێ بـزانم وێـنەی گشـتی خـانەوادەیەکی هەڵەبجـەیی لە پـێش تـاوانەکەو دوای تـاوانەکە بزانم .

ئێمە لەپێش ساڵی 1988 خەریکی کاروکاسبی خۆمـان بـووین کشـتوکاڵمان دەکـرد، بەزۆری سـەرقاڵی بەرهەمهێنـانی تـوتن بـووین. بەگشـتی خەڵکـی شـاری هەڵەبـجە بژێـوی و ژیانیـان کەوتبـووە سـەر سـێ بەش یـان سـێ جـۆری کاسبی، بەشێکیان زەراعەت و کشاوەرزی بوو، بەشێکیان پیشـەوەر بـوون و وەک دوکانداری و کاری دەست بەشێکیشیان فەرمانبەری دەوڵەت بوون .

**ئەمە باسـی دانیشـتوانی ناوشـاری هەڵەبجـە دەکەیت ؟**

بەڵی دانیشتوانی ناوشی هەڵەبجە . خەڵکیش ئەو کاتە زۆر (قات بوو) واتا جوان دەژیا، بەسادەیی بەڵام وەک پاشـا دەژیـا ئـێمە بۆخۆمـان چـوار مـانگی هـاوین کارمـان دەکـرد بەڵام ئەو چوارمـانگە زەخیـرەی سـاڵێکمان دەخسـت و بە سـەربەرزی و رێـک وپێکـی پێـی دەژیـاین . بەگشتی ژیانی خەڵک ئاوا بوو ئەوکاتە .

**پێـدەچێت تـۆ بیـرەوەری زۆرو خـاڵی گرنگـت لەلابێـت بەهەسـتی ناسـک و تواناتـدا دیـارە چیرۆکی گرنگت لەلابێ ؟**

( بەپێکەنینەوە ) سوپاست دەکەم، بەهیوام بەدڵی ئێوە بێ .

**لەو یـادەوەرییە خۆشـانەی منداڵیت پێشـئەوەی تـاوانەکە شـیرازەتان تێکبـدات ، لەوکـاتەدا کە ژیانتـان هـاکەزایی پاشـایی بـووە کامیـان لە یادەوەریتدا زۆر شیرینن ؟**

**له سـاڵی کیمابـارانەکە لەناوشـاری هەڵەبجەیـا بوویت؟**
بەڵێ
**ئەگەر بگەڕێیـنەوە بـۆ سـاڵی کیمابـارانەکەو ئەویادەوەریە تاڵانە لەهەڵەبجە؟**
ناشکوری نەبێت یادەوەریەکانمان هەمووی تاڵە، لەچـواردەی مانگـدا هێرشـکرا بـۆ هەڵەبـجەو لە سنورەکان تۆپباران بوو ئێمە لە پازدەی مانگدا لەترسـی تۆپبـاران چـوین بـۆ مـاڵی دراوسـێی خوشکەکەمان ماڵی حاجی ئەمین کۆکۆی ئەوان ژێرزەمینیان هەبوو
**تۆپی کێ؟**
تـۆپی ئێـران، لەپـانزەی مانـگ ئێـوارەکەی ئێـران هەڵەبجەیـان گـرت و پاسـدار هـاتە ناوشـار، وە خەڵـک دەیزانـی ئەمە مەترسـیە بۆسـەر خەڵـک بۆیە ویستیان بچنە دەرەوەی شار بەڵام نەیان هێشت خەڵک بڕوات
**کێ ڕێگەی نەدا خەڵک بڕوات لە هەڵەبجە؟**
پێشـمەرگە، ئەیـان ووت مەترسـی نـیە کەس نەڕوات شـارەکەمان ئـازاد کـردوە و چەکـی باشمان هەیە خەڵکیش باوەڕی کرد، ئەو بوو لە کـاتژمێر 11.45 دەقەی بـوو مـن لەمـاڵی حـاجی ئەمین دانیشتبووم دەنگی تەیارە ئەهات
**چەند تەیارە بوون؟**
یەک تەیـارە ئەویش بۆ کەشـف هـاتبوو، لەدوای دە دەقە بۆ چارەکێک نزیکی کاتژمێر دوانزە بوو کە تەیارەکان هاتن بۆردومانیانکرد من لەو کاتە لەمـاڵەوە بـووم لە حەوشـە گـوڵم ئـاودەدا خـۆم دابوە پەنـا دیـوارەکە تـا تەیارەکـان نەمـان. شـار ببو بە دۆزەخ قیژەی ژن و منداڵ لەهەموولایەکەوە دەهـات بـۆیە منـیش ڕامکـرد بـۆ ژێـرزەمینەکە، لەڕێگـا پاسـدارێکم بینـی قـاچی قرتابووتەپـاوتلی ئەدا، کە گەیشـتمە ژێـرزەمینەکە پیاوێـک هـات نـاوی حـاجی عەلـی بـوو ووتـی پـاڵەوان کـوژرا، ئـێمە لەژێـرزەمینەکە مـاینەوە کە بۆردومـانی کیمیای کرد پیاوێکی لێبوو کوڕی مامۆستا شێخ
هەر دراوسـێکان هەڵئەسـان بەدروسـت کردنـی نـان و چێشـت بـۆ کەمکـردنەوەی ئەرک لەسـەر خاوەن پرسەکە.
**واتــا هاوســۆزیەکی ڕۆحــی هەبــوو لەڕوی وویژدانی و لەڕوی مـادیەوە هەمـوکەس خـۆی بەخاوەن پرسە دەزانی ؟**
بەڵـێ هەر لەمـزگەوتەوە بانگێشـتی خەڵکەکانیـان دەکـرد بۆمـاڵی خۆیـان وە دەیـان گـوت نـان و چێشت ئامادە کراوە لەماڵەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەرک لەسەر خاوەن پرسەکە.
**ئەم نەریتە لە هەڵەبجەدا هەبوو؟**
بەڵـێ تـا کـاتی کیمیابـارانەکە ئەم نەریتە هەبـوو بەڵام لەدوای کیمیابــارانەکە ئەو نەریــتە کــاڵ ببـۆوە، چـونکە هەر کەس و خـانەوادەیەک بـۆ لایەک هەڵاتبـوون وە نەریتـی شـوێن ونـاوچەی تریان هەڵگرتبوو .
**بەبـڕوای تـۆ دەکرێـت لە ڕێـگەی سیسـتەمی پەروەردەوە ئەم کەلتــور و نەریــتە جوانــانە دروست بکەینەوە؟**
مــن پێمــوایە ئەو ئەرکە چەنــد دەکەوێتەســەر پەروەردە ئەوەنەش دەکەوێتەســـەر تاکەکـــانی کۆمەڵگە، لەوکاتەی من منداڵ بووم لەخوێندگە بـاوکم دەهـات بـۆلای مامۆسـتا پێـی دەوت ئەمە کـوڕی خـۆتە گۆشـتەکەی بۆتـۆ و ئێسـکەکەی بۆمن مەبەسـتی لەمە ئەوەنەبـوو کە مامۆسـتاکە تونـدو تیژبێـت بەڵکـو بەپـێچەوانەوە ئەوەنـدە متمـانەی هەبـوو بەمامۆسـتاکە کەدەیزانـی وەک کەسـی خـۆی تەماشـای دەکـات دەتوانێت کوڕی خۆی پێ بسپێرێت، ئەوکات ئەم متمـانەیە هەبـوو لەنێوان کەسەکاندا.
کەواتەئـێمە بگەیـنە ئەو ئەنجـامەی کە سـەدام و ڕژێمــی دیکتــاتۆر نەیتــوانی کــورد هەمــووی لەناوبەرێـت بەڵام تـوانی دابونەریتمـان لەیەک هەڵبوەشێنێک لەدوای ئەنفال و کیمیاباران تاکێک دروسـت بکـات کە خۆپەرسـت و چـاوچنۆک و بێمتمانە بێت.....

تیانەچین، دیار بوو ئەوپیاوەی مردبوو باوکی بوو ، ئێمە کە چوینە بامۆک دنیا تاریک داهات پاشان چوینە سازان شەو لەوێ ماینەوە ، ئەو کاتەی ئێمە لە بامۆک بوین قومبەلەیەک دای لە هەڵەبجە هەموو هەڵەبجەی ڕوناک کردەوە وتیان ئەوە قومبەلەی فسۆرە ، مەلا بانگدان کەوتینە ڕێ شوێنێ لێیە پێیان دەوت دەشتێ پاسدارەکان پرێکیان دروست کردبوو لە سەر ئاوی سیروان ئەودیوی پردەکە خاکی ئێرانەوە ئەمدیویشی خاکی عێراقە ، لەوێش تەیارە هات ، بەڵام لەسەر هەموو قولەیەک سوپای ئێران دۆشکای دانابوو تەقەیانکرد لە فڕۆکەکان نەیانهێشت فڕۆکەکان نزیک ببنەوە ، ئێران گەلابە و سەیارەیەکی زۆریان هینابوو خێزانەکانیان تێدەکردوو دەیانبردن ئێمەش یەکێک بوین لەوانە ، ئێمەیان برد بۆهەرسین ، قەزایەکە سەر بە پارێزگای کرماشان ، ئێمەیان بردە مەکتەبێک ، ئەو کاتە وەختی سیانزە بەدەر بوو لە ئێران پشوبوو چوار ڕۆژ لەوێ ماینەوە ، مەلاومان ترەکی بوو چونکە هیچمان نەخواردبوو وە ترسابووین کە شتمان دەخوار مەلاشومان ئازاری هەبوو ، لە قاعەیەکدا نوستبوین کاتێک ڕەشەبا پەنجەرەکەی بەهێزێکی زۆر داخست هەمومان بەترس و هاوارەوە خەبەرمان بویەوە ، پیاوێکمان لەگەڵ بوو ناوی ئاغای سالحی بو لەوساتەدا چاوی پڕبوو لە فرمێسک

**ئێرانی بوو ؟**

بەڵێ ، مندالێکی ساوای بەباوەشەوە بوو بۆ کەسوکاری مندالەکە دەگەڕا، کە چوینە ئێران دایکم لێ ون بوو ، ماڵی ئێمە لەگەڵ مالچی برایەکم لەگەڵ برایەکی ترم کە ژنی نەهێنابوو پێکەوەبوین ، ماڵی برایەکم لەگەڵ خوشکێکمم لێ ون بووبو ، ماڵی کاکە عەلیم لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد لەگەڵ شێخ حەمەسالەحی زاوام ، ماڵی شێخ حەمە صالەحی زاوامیان بردبوو محمد بوو ناوەکەیم لەیاد نەماوە کە وەختی خۆی سەربازبوو ئەو باسی ئەوەی کرد کە تۆپی کیمیایی دەنگیان کەمەو بۆنی سیروسێوی لێدێت و لەوکاتەدا دەبێ پەرۆتەربکەیت و بینێی بەدەم ولوتتەوە.

**ئەوچۆن ئەوەی دەزانی ؟**

وتی من لە صنفی کیمیایی بووم ئەوەشی ووت کە دەنگی بۆمبی کیمیای کەمە.

**ئینجا ئەو بۆمبانەی هەڵەبجە دەنگیان کەمبوو ؟**

نەخیر لەسەرەتاو دەنگیان زۆر بەهێز بوو بەلام ڕەنگە هەڵەبجە بەهەموو جۆرە بۆمبێک لێدرابێ .

**باسی پاڵەوانت کرد کە کوژرا ئەو پاڵەوانە کێ بوو ؟**

ئەوە حەمالێکی هەڵەبجە بوو، خەڵکی پیان دەگووت پاڵەوان پێش کیمیاییەکە بەپارچەی تۆپی ئێرانیەکان کوژرا .

**بەڵێ ببورە بەردەوامبە ئیتر دوای ئەوە چیتان کرد .؟**

بۆیە پاش کەمێک ژنەکان ووتیان بۆنی سیر دێت ئەویش ووتی ئەگەر خەڵوز هەیە بابیسوتێنین کیمیایەکە لائەبات ، من وبراکەشم چوین سەرچەفمان هێناو پارچە پارچەمان کردوو تەڕمان کرد یامان بەهەموو ئەوانەی کەلە ژێرزەمینەکە بوون بۆئەوەی بیگرن بەدەم و لوتیانەوە منالەکانیشمان دانیشاندو بەتانیەکمان تەڕکرد دامان بەسەریانا، لەوێ ماینەوە تا ئێوارە تۆپباران بەردەوام بووتا دنیا تاریک بوو وتمان ئەڕۆین بەودەشت ودەرەدا تا گەیشتینە بامۆک. وە ئەوەی زۆر بێتاقەتی کردم لەڕێگا پیاوێک کەوتبوو کە جامانەکی یەک بست لەسەریەوە دووربوو کەفێکی سپی بەدەمیا دەهاتە خوارەوە من لەیادا زۆر ترسام ، لەولاوە کچێکی عازەب ژنێک ڕایدەکێشا کچەکە تەمەنی شانزە حەڤدە سالێک دەبوو کەدەیگوت دایکە وازم لێبێنە بچم بۆلای باوکم بەلام دایکی نەیدەهێشت و دەیگوت ئەو تیاچوە بائێمەش

گەرانەوە بەسەلامەتی گەیشتنەوە شاری هەڵەبجە ئێمە بەو دەنگوباسەی رادیوی کرماشان هاتینەوە، ئا لەوەوە بوو کە کاک عبدالرحمن باوەکۆچەکی برای شەهید حسینیش وتی ماموستا ناوی منیش بنوسە دێمەوە بۆ هەڵەبجە

**تۆ گوێت لەو رادیۆیە بووکەوای وت ؟**

بەڵێ ئێوارە بوو دانیشتبوین ، ئێمە ناومان نوسی وە ئەو خێمە و کەل و پەلانەی کە پێیان دابوین گەراندمانەوە بۆیان سواری گەلابەیان کردین کە گەشتینە مەرزی (شۆشمێ – تەوێڵە) زیلەکانمان دینی ، مامۆستا ئەحمەد لەو کۆمەڵەی ئێمەدا نەبوو ، زیلەکانمان نا بە گەلابەکانەوە کەلوپەلەکانمان دەخستە ناویەوە لە جیچگا و بان و سەلاجە ، (ئێمە دوای ئەوەی چوینە سەریاس حکومەتی ئێران نامەیەکی دەکرد بۆ خەڵکەکە دەیوت بڕۆنەوە کەل و پەلەکانتان بهێنن ئێمەش ئەوکات ئەوەمان کرد) ، کاتێک کەل و پەلەکانمان دەخستە زیلەکەوە سەربازێکی سەر بە سوپای عێراقی تێدابوو کورد بوو پێی وتین باشتان نەکرد کە گەڕانەوە ئێمەش وتمان بۆچی ئەویش خۆی ونکرد لێمان ئێمەش کەل و پەلەکانمان بارکرد خۆشمان چوینە سەر ئیڤاکە ئێمە هەشت کەس بووین (مامم ، دایکم ، برایەکم ، برایەکی ترم لەگەڵ خێزانەکەی و دوو منداڵ ) مامۆستا ئەحمەد لەگەڵ کاکە عەلیم لە پێشی ئیڤاکەدا سوار بوبون ، بەبەشی خوارەوەی تەوێڵە دەڵێن گەرپیات ئێمە لەوێ وەستابوین وتیان ئێستە ئامر یەت قسەتان بۆدەکات ، لەو کاتەدا شەڕی (ئێران – عێراق) وەستابوو ئێمە سەربازەکانمان دەبینی گۆرانیان دەوت و دڵخۆش بوون ، پێیان وتین ملازمەکە هات روتبەکەی عەقیدە منیش وتم چۆن عەقیدە برایەکم وتی داڵێک و دوو نەجمە بەسەر شانیەوەیەتی کە گەشتە لامان وامانزانی بەخێرهاتنمان دەکات ، دارێکی بەدەستەوەبوو بۆکرماشان لەوێوە بۆ سەقز دایکیشمیان بردبوو بۆ کرمان لە سنوری ئەفغانستان ، دوای چوار رۆژ مانەوەمان لە هەرشین حەزمان کرد بچینەوە بۆ ناوچە کوردنشینەکان ئەوەبوو چوینە سەریاس سەر بە قەزای پاوەیە

**ئازادبوون لەوەی کە بچن بۆ هەرشوێنێک ؟**

دەمانگوت کەس و کارمان لەوێیە ئەوانیش کارئاسانیان بۆ دەکردین ، خێمە و کەل و پەلەکانمان تەسلیم دەکردنەوە لە هیلال ئەحمەر لە فەرمانداری نوسراوێکیان بۆ دەکردین بەسەیارەی خۆمان دەرۆشتین ، دوای ماوەیەک خەڵک پێیان وتین دایکتان لە کرمانە ، ئێمەش چوین دایکم و مامە ئەحمەدمان هێنایەوە بۆ سەریاس ، زۆر بێتاقەت بووین ، وەک پیرەمێرد لە ئەستەمبول قازی بوو مامۆستا صالح دیلانیش نامەیەکی بۆ دەنوسێت پێی دەڵێ تۆ لەو شوێنە خۆشەدا ئێمەت لەیاد نیە ئەویش بە شیعرێک وەڵامی دەداتەوە دەڵێ کاوڵەکەی وەتەن ئەوەندە شیرینە ژەهری دوو پشکی عەربەت شیرینە ، ئێمەش بێتاقەتی هەڵەبجە بوین دەمانوت تۆ بڵێیت رۆژێک هەبێ بچینەوە بۆ هەڵەبجە پیاسەیەکی گوڵان بکەین ، بچین بۆ عەبابەیلێ و شنروێ ، ئەوە ئاواتی ئێمەبوو ، ئەوەبوو کۆمەڵێک گەڕانەوە لە (8/7) و (8/8) و (8/9) ئێمە لە (1988/8/9) گەڕاینەوە ، زیاتر کە خەڵک گەڕایەوە دوای ئەوەی گوێ بیستی رادیۆی ئێران بوین وتی (ئەو ئاوارە عێراقیانەی کە گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بە سەلامەتی گەشتنە شەهرستانی حلبجە) ئێمە کە گوێبیستی ئەوەبوین گەڕاینەوە

**رادیۆی ئێران بوو ؟**

ڕادیۆی کرماشان بوو.

**بەزمانی کوردی قسەی پێدەکرا ؟**

بەڵێ بەڵێ رادیوی کوردی کرماشان ، ئێمە بەو رادیوییە فریومان خوارد کە لەدەنگوباسدا خوێندییەوە وتی ئەو خانەوادانەی هەڵەبجە کە

بەیانیەکیان سەرژمێریان کردین ، پاسی ڕیمیان هێنــا لەگەڵ کۆســتەردا لە دوایشــدا پاســی داخراویان هێنا لە بەچکە کۆستەرەکان بەرزتر بــوو ڕەنگــی ســەوز بــوو لەهەر لایەکەوە دوو جامی پێوەبوو بەقەد قاپێک دەبوو دەرگاکەی لە دواوە دەکرایەوە کە دەچویتە نـاوەوە دوو بەش بوو کە دەرگـاکەت دادەخست بە ئەندازەی دوو کورسی پۆلیسەکەی تێدا دادەنیشت دوای ئەوە تەلبەنـد بـوو بەنـدیەکان لەوێـدا دادەنیشـتن ، ئەفسـەری تەواریەکە وتی ژنەکـان بێن ئەمـلاوە پیاوەکانیش بێنە لایەکی تر ، هەر کوڕێک تەمەنی لە پانزدە ساڵ یاخود شازدە ساڵ زیاتر بوایە دەیانخسـتە نـاو پیاوەکـانەوە مناڵەکـانیش لەگەڵ دایکیانـدا بـوون ، هەمومـان دەسـتمان کـرد بە گریـان دەمـانزانی بـۆ ڕێکـای هـات و نەهـات و شوێنێچکی ناخۆشمان دەبەن ئەگینا بۆ جیامان دەکەنەوە ئەوەبــوو خســتینیانە نــاو پاســێکی داخــراوەوە ، مــن لەگەڵ دووبــراکەم بــووم ژنەکانیش لەناو سەیارە درێژەکاندا بوون ، زۆر بێتاقەت بووین زۆر گەرم بـوو ، لە خەیاڵمدایە ســەیارەکان لە دواوە شــتێکی هەبــوو هەڵیــان دەدایەوە وەک سلاید لەوێوە کەمێک هەوامان بۆ دەهـات ، گەشـتینە شـوێنێک سـەیارەکە خـوار بویەوە دەنگە دەنگ دەستی پێکرد ئێمە گوێمـان لێیـان بـوو دامـان لە دەرگـاکە وتمـان چـی بـووە وەڵامیــان نەدایــنەوە ، دوای ئەوە دەرگاکەیــان کردەوە وتیان تایەکانی پەنچەر بووە ، لەبەشـی دواوەی هەرلایەک دوو تایە بوو هەردوو تـایەی لایەکی سەیارەکە پەنچەر بوبو لە سنەوبەرەکانی بەرامبەر معسکر سەلام بۆ ڕاپەڕین ، ئەوەبـوو پاسێک هـات وتیـان چیـان لێبکەین وتیـان ئەم بەنــدیانە لەگەڵــچ پاســەوانەکاندا بــخەنە نــاو پاسەکەی ترەوە (پاسی ژنەکان) ئێمەیان خستە نـاو پاسـەکەوە بەڕێکەوت لە پاسـەکەدا دایک و براژنەکەمی تێدابوو ، لە معسکر سـەلامەوە هەتا نوگرە سەلمان بەوپاسە ڕۆشتین ، لە بەغدادەوە پێیـان وت گەورەم هەمویـان ئامـادەن ، منیش بە هـۆی خوێنـدنەوە کەمـێ لە عەرەبـی تێدەگەشـتم ئەفسەرەکە وتی (بخۆن بچێژن ئەمە سزاکەیەتی کە لەمە بەدواوە دەیبیــنن ئــێمە ســەربازمان لە بەصـرەوە هێنـا بـۆ پارێزگـاری لە خـاکی ئێـوە، بەڵام ئێـوە خەوەنەی ئێرانتـان هێنـا) کە گوێمـان لەوەبـوو بێئومێـد بـووین ، وتـی بیـانبەن ئەوە بــووبەڕێکەوتین ، بە ســایەقەکەمان وت بــۆ کوێمــان دەبەن وتــی مەترســن بــۆ عەربەتتــان دەبەیــن ، کە گەشـتنیە عەربەت سـەیارەکە هەر دەڕۆشت وتمان بۆ ناوەستیت وتی بۆ زەڕایەن دەڕۆم ، دوو سەربازیشـمان لەگەڵبوو ، ئێمەیان هێنــا بــۆ ســلێمانی ، کە گەشــتینە ســلێمانی لە پـردەکەی سلێمانی هـاتینە ژورەوە (لەبەرئەوەی لەنـاو ئیڤاکانـدا ئـافرەتی تیـدابوو کـورد بـوون) هەمـوو گڵۆپی شـار کوژایەوە تـا دوا ئیڤا چویە ناو تەواریەکەی چوارباخ

**چەند ئیڤا دەبوون ؟**

نـازانم بەڵام نـزیکەی دوو سـەد بـۆ سـێ سـەد کەس دەبــوین ، لەنــاو بەنــدیخانەی تەواریەکە ئەوکەسانەی کە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش ئێمە گەڕابـونەوە هەمویــان لە حەوشــەکەدا بــوون ، دیـــواری حەوشـــەکە بەرز نەبـــوو چەنـــد پاسـەوانێکیان دانـابوو بۆیـان ، کاتیچـک لەگەڵ پاسـەوانەکان قسـەمان کـرد وتیـان خوێنـدکاری زانکـۆین وەک (جەیشــی شــەعبی) هێنابونیــان ، دانەیەکیان زۆری پیچناخۆش بوو کە لێیان داین و بەنـدیان کـردین ، بـراکەم وتـی مـن دەتـوانم ڕابکەم بەڵام چۆن دایک و براو کەس و کارەکەم جێبهێڵم ، ئەگەر کەسـێک سـەڵت بـوایە دەیتـوانی خـــۆی دەربـــاز بکـــات تنـــانەت یەکێـــک لە پاسـەوانەکان بە مامۆسـتا ئەحـمەدی وت ئەگەر دەتەوێ بچیـت بـۆ تەوالێـت ئەوا بچـۆرە نزیکـی ئەو دیوارە ، مەبەستی ئەوەبوو کە خۆی دەربـاز بکـات ئەویـش بە پاسـەوانەکەی وت نـا پێویسـت ناکـات ، سـێچ ڕۆژ یـان چـوار ڕۆژ لەوێ بـوین

یەکەمجــار وامزانــی خەوی لێکەوتــووە، بەڵام کەسـەربازەکان بەلایـدا دەرۆیشـتن مێشـی زۆر بەرزدەبـووەوە بەوەدا زانـیم کە ئەوە جەنـازەی ئەو ژنەیە مـــردووە، ئەوەم لەخەیـــاڵە زۆر دیمەنێکــی نــاخۆش بــوو، ئیتــر ئێمەشــیان کــۆکردەوەو مــلازم حەجــاج داوای قــایمەی ناوەکانمانی کرد قایمەکەیان بۆهێناو دەستی کرد بەنـاو خوێنـدنەوە.( عـومەر لێـرە وەسـتاو دڵـی پڕبـوو) یەکێک لەوانە بـاوکی مامۆسـتا سـەلمان بـوو نـاوی ئەلاکەرەم بـوو، لەبەرئەوەی کەمێـک نـزم وەڵامـی حەجـاجی دایەوە تـوڕە بـوو لێـی ووتــی بــۆ بەدەنگــی بەرز وەڵام نــادەیتەوە، بائەوەشـم لەبیـر نەچێت برازایەکـی مـن هێشـتا چلەی نەچووبوو کچێک بوو ناوی ژاکاو بوو، حەجـاج کێـبڵەکەی بەدەم ولوتیـدا دەهێنـا ژاکـاو دەمی دەکردەوە وایدەزانی مەمکە مژەیە، بەڵام ئەو بەکێبڵەکەی یاری بەدەم و لووتی دەکرد کە بەرزی کـردەوەو بەتونـدی کێشـای بە لـووتی ئەومنـداڵەدا یەکســەر دەســتی کــرد بەگریــان ئەوەندە بە قایم گریا دەمی کردەوە لەحەژمەتا خەریک بوو رۆحی دەرچێ وەک بلێیت مردووە مــاوەیەکی زۆر دەمــی کرابــووەوەو بێــدەنگ مـابووەوە. ناوەکـانی دەخوێنـدەوەو دەیگـووت بـرۆرە ئەولاوە، دوایـی بەکێبڵهـات بەو خەڵـکەدا لەوکاتەدا ئەلاکەرەم ووتی ئەوە بۆ لێمان دەدەن . ئیتر حەجاج ووتی ئەوە چی دەلێت بۆیان کرد بەعەرەبـی ووتـی دەلێـت بـۆچی لێمـان دەدەن، بەوخـوا بەکێبـڵ دایگـرتەوە بـاش بیـرم نەمـاوە هەرلەوێدا گیانی لەدەستدا یان رۆژی دوایی .

**کەواتە ئەلاکەرەم سەید ئەحمەد بەولێدانە مرد ؟**

بەڵـێ بەڵـێ حەجـاج بەکێبـڵ زۆری لێدا ئەویش پیربوو بەرگەی ئەوەی نەگرت گیانی لەدەستدا. دوای ئەوە ووتـی ئـادەی بڕۆنە نـاو قاعەکانەوە، قاعەکان پایەی زۆر تێدا بوو، هەربەینی پایەیەک دوسـێ خێزانـی تێـدا بـوو، لەوێ هەرقـاعەیەک کەسێک لە خۆمانیان کرد بەسەرپەرشتیار .

لەرێـگەدا یەکێکمـان لەگەڵـدا بـوو زۆر دەگریـا، تینوی بوو هـاواری دەکرد ئەوەبوو شۆفێرەکە وەسـتا کـابرا ووتـی ئـاخر قـافلەیەو نـاتوانین بووەسـتین ووتـی بلێـی خـۆم تینـومە، وەسـتا لەقەراغــی شوســتەکە ئــاو دەوەســتێ لەوە سـەتلێکی تێهەڵکێشـا بـاوەڕبکە هەمـووی قـوراو بوو، ئێمە لەو قوڕاوەمان خواردەوە، لەبەرئەوەی قورگمـان وشـک ببـوو لەلامـان وەک سـەهۆڵاو وابـوو، بەڵام بۆکوێمـان دەبەن ئەوەیـان نـازانین تـاریکی کردبـوو نـازانم کـاتژمێر چەنـد بـوو، بردمانیانە سەماوە بەوەدا زانیمان کە سەماوەیە لەتابلۆیەک نوسرابوو پارێزگای موسەنا.

**لەوێ بردیاننە کوێ ؟**

لەســـەماوە بردیـــانینە مـــونەزەمەیەک لەوێ حەوشـەیەکی گەورە بـوو دیـوارەکەی هەمـووی تەلبەنـدکرابوو، لەنــاو حەوشــەکە تەنکییەکــی چوارگۆشــە دانرابــوو، چــوین دەموچاومــان شۆردوئاومان خواردەوە، برسیشمان بوو بەڵام لەترســان هــیچ هەســتێکمان بــۆ نــانخواردن نەمــابوو، بەڵام منـداڵەکان هــاواری برســێتی دەکرد، ئەوان نەیاندەزانی ئەمانە نیازیان چییە، ئەوشــەوە لەوێ مــاینەوە بۆبەیـانیەکەی خـۆر هەڵهـاتبوو هەڵنەهـاتبوو هـاتن وتیـان ئـادەی سەرکەون، ئیتر سواری ئەوپاسانەیان کردینەوە، رۆیشــتین دوای مـاوەیەک لایـدایە سـەرجادەی خـۆڵ وەک مامۆسـتا مـحەمەد فەرمـووی ئیتـر بەجادەی خۆڵدا بردیانین.

**مەبەستت ئەوە جادەیە کەلادەدا بۆنوگرەسەلمان ؟**

بەڵـی ئەوجـادەیە خـۆڵە کە لەجـادەی سـەرەکی لادەدات و دەچێتە ناو نوگرەسەلمانەوە، بیانیەکی گەورەیە کە بردیـانینە ژوورەوەی قەڵاکە وتیـان ئادەی دابەزن ملازم حەجاج دشداشـەیەکی سپی لەبەردابـــوو مـــن نەمـــدەزانی ئەوە حەجـــاجە ئەوانەی لەوێ بـــوون ووتیـــان ئەوە مـــلازم حەجـاجە. لەوێ ژنـێکم بینـی گەرمیـانیەک بـوو،

پێدەداین بەیەک دینار ئەگەر ئێمە تۆزێک پارەمان پێمابوو بۆ کڕینی ئەو شتانە ئەوە گەرمیانیەکان ئەوەشیان پێنەمابوو. حاڵەتێکی زۆرکاریگەرت بۆ بگێرمەوە چایمان بە مقەبا لێدەنا تەنانەت ئەویشیان پێدەفرۆشتین، جارێکیان دایکم ووتی دەچم چایی دەکەم ڕۆیشت و نەگەرایەوە چوم بەدوایدا سەیردەکەم هەرفوو دەکات، کەلێی نزیک بوومەوە چی ببینم تاکە نەعلەکەی خۆی دەسوتێنێ بۆ ئەوەی چایی پێدەکات . ئیتر من خێرا تاکە ناعلەکەم ڕاکیشاو هەر بەلم و خۆڵەکە ئاگرەکەم لێکوژاندەوە ووتی دەی کوڕم چی بکەم دەزانم ئێوە حەزتان لەچاییە! ئەوە زۆر بێتاقەتی کردم، تۆ بیهێنەرە پێشچاوی خۆت دایکێک تاکە نەعلی خۆی بسوتێنێ بۆ چاییەک ؟!

**من هەرلەسەرەوەتاوە ووتم دیارە تۆ چیرۆکی زۆرگرنگت لەلایە ؟**

بەڵێ پیاوێکی تر هەبوو مامە سوارەیان پێدەگووت پیاوێکی پیر بوو باوەڕت هەبێ هەر حەزت دەکرد سەیری بکەی پیاوێکی نورانی جوان بوو بەیانیان بانگی دەدا لەبەرئەوەی فەقێیەتی کردبوو جاربەجار پێشیان دەگووت فەقێ سوارە ڕۆژێک پێی گوتم خۆزگە هەڵەبجەیی بوومایە ووتم بۆچی فەقێ سوارە ؟ ووتی من بەسەربەرزییەوە گەرمیانیم بەڵام ئێوە کیمیایی لێدان و بەسەربەرزییەوە مردن بەڵام ڕۆڵەگیان تۆ نازانی چییان بە ئێمە کردووە. ووتم من شانازیتان پێوە دەکەم ئەو ووتی من خەڵکی گوندێکم (ناوی گوندەکەی نەوت)

فەقێ سوارەم پێدەڵێن چوارکوڕم بوو لەگەڵ سێ کچ کوڕێکیانم پێشمەرگە بوو، کوڕەکە هاتەوە ووتی باوکە گوندەکانی تریان وێرانکردووە. خەڵکەکەیان برد وەرن بابڕۆین، بەڵام ڕۆژێک پێشئەوە موستەشارێک جوابی بۆناردبووین ووتبووی کەس نەڕوا بەمەلاو ئەولادا خۆم دێم بەهانایانەوەو کەلوپەلەکانیشان

**ئەو سەرپەرشتیارانە ئیشیان چی بوو ؟**

هەربۆئەوە بوو کە سەمون دەهات وەریان دەگرت و دابەشیان دەکرد، ڕۆژی سێ سەمونیان پێدەداین یەکجاریش ئاویان پێدەداین ئاوەکەشیان دەوری سەعات 1 دەهێنا ئەوەکاتەش زۆر درەنگ بوو. ڕەزالەت بوو، ژیانمان زۆر زۆر ناخۆش بوو.

**ئەوئاوەی بۆیان دەهێنان پاک بوو ؟**

کورە نەوەڵا پاکنەبوو تەنانەت ڕۆژێکیان نازانم تەنکەری دائیرەی کشتوکاڵ بوویان خۆیان دەرمانیان تێکرد بوو، ئاوێکی زۆر ناخۆش بوو، لەماوەیەکی زۆر کەمدا 17 کەس نەخۆش کەوتن و مردن، مردنێکی کت وپڕی ئێوارەیەکەی لەسەر شوستەکەی ناو حەوشەکەی نوگرەسەلمان دانیشتبووین، چونکە هەموو ڕۆژێ بەیانیان هەتا 10ی شەو دەیانهێشت بچینە حەوشەکە، لەو کاتانەدا دەمانتوانی لەگەڵ گەرمیانیەکاندا قسە بکەین .

**گەنجیان لەگەڵدا بوو ؟**

نەخێر گەرمیانیەکان گەنجیان لەگەڵدا نەبوو، تەنها منداڵی وردو پیر ژن و پیاوی پیر .

کاک ئەنوەر برای کاک عەلی کوڕێکی بەخۆوە بوو، وەلاهی دوای ئەو ئاوە بۆبەیانیەکەی بینم تەواو ڕەنگی تێکچوو بوو، چاوی چووبوو بەقوڵدا سەرپەنجەکانی شین ببوونەوە، ئەم قەفەسەی سنگی دەرکەوتبوو لە ماوەی 24 سەعاتدا ئەو کورە گەنجەی کوشت. ئیتر من بۆخۆم بەسەر پلیکانەکاندا دەرۆیشتم دەمگووت بزانم دەتوانم سەرکەوم هێزم ماوە بەوەدا هێزو وزەی خۆمم تاقی دەکردەوە، گەرمیانیەکانیش زۆر لاواز ببوون زۆر بێهێزبوون، ئێمە ئەگەر تۆزێک پارەمان پێبوو تازە چووبووین پارەمان دەدا بە پۆلیسەکان شتمان بۆ بهێنن بەڵام بە دە قات گرانتر بڕوابکە یەک سەلک پیازیان بۆ دەهێنان بە یەک دینار کیلۆیەک چایی سیلان بە نیودینار بوو ئێمە یەک پیاڵە چایی وشکیان

**تاوانت چییە لە نوگرەسەلمان**
**پیری فریشتە سکالای دەکرد**
**فریشتە شەرمی لەسیمای دەکرد**
**من فەقێ سوارە، خەڵکی گەرمیانم**
**ئێستا بەتەنیا لاشەی بێگیانم**
**هەرئەوکاتە ئەو شیعرەم بۆ مامەسوارە نوسی لە9/8 کردمە چیرۆکە شیعرێک .**

## بەسەرهاتی ئارام

فەقێ سوارە چیرۆکی شێتێکی بۆگێڕامەوە ناوی ئارام بووە، کە هەر لەتۆپزاوا وتیان ئەوە شێتە وازیان لێهێناو لەگەڵ گەنجەکان نەیانبرد، فەقێ سوارە ووتی لەگەڵ ئێمە هێنایان بۆ ئێرە بۆ نوگرەسەلمان، کە حەجاج بینی چاوی پەڕییە پشتی سەری وتی ئەم گەنجە چی دەکات لێرە، هەرچەند لێی پاڕانەوەو وتیان ئەوە شێتەو تەواو نییە، بەلام ئەو نەیبیست، جا لەناوەراستی حەوشەکەی نوگرەسەلمان عەمودێکی تێدابوو هی یاری و تۆپێن بوو، وتی دەوروبەری کاتژمێر (9)ی بەیانی بوو حەجاج بۆی هاتە پێشەوە هەرنەویەیە کراسەکەی ئارام کورەشێتەکە لەبەری دایدڕی و تاوی دایەو بەعەموودەکەوە بەستیەوەو هەڵی واسی، بەکێبڵ کەوتەسەری وتی دایک وباوکی ئارام هاتن پاڕانەوە وتیان فەقێ برایم بیکەبۆخاتری خوا تۆ عەرەبی دەزانی بگەرەفریامان بچۆ پێی بڵێ ئەو کورە شێتە بەڵکو وازی لێبهێنن، تەسکەرەکەشیان هێنابوو کە تیایدا نوسرابوو عەقڵی تەواو نییە، من زۆر دەترسام بەلام قورئانێکی بچکۆلەم پێبوو خستمە سەر ئەم دەستم وتەسکەرەکەی ئارامیشم خستە سەرئەو دەستەم و چووم بۆلای حەجاج ووتم سیدی بیکە بۆخاتری ئەم قورئانە وازی لێبهێنن ئەوەش تەسکەرەکەیەتی ئەو کورە عەقڵی تەواو نیە. بەلام هەرکە لای کردەوە بەلامدا یەکەمجار دەبەم بۆ مجمع لەنزیکی کەلارو بێخەمبن خۆم داکۆکیتان لێدەکەم . ئەو گەنجانەشی لەوێن باسیلاح و شتی خۆیان پێبێت دەیانبەم بۆلای خۆم لەرەبایە دایاندەنێم دەلێم ئەمانە چەکداری منن. کورەکەم ووتی باوکە من پێشمەرگەم بەلام قەناعەتم پێکرد نەمهێشت کورەکەشم بڕوات . بەیانیەکەی کاتێکمان زانی کۆپتەر هات و ئیڤای عەسکەری هاتن، جاش وجەیش گەیشتنە سەرمان، دایکیان و کچەکانمان و کورەکانمان، تراکتۆری خۆمان هەبوو موستەشارەکە هات ووتی کوان وەرن بۆلام بەخوا کورێکیانم خۆم چووم چەکم بۆ پەیداکرد، سواری تراکتۆرەکانی خۆمانیان کردین و وتیان بۆخۆمان سایەقی دەزانین هەموومانیان گرتوو لە پێشەوە بۆتۆپزاوایان بردین فەقێ سوارە کە ئەوەی بۆمن دەگێرایەوە فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، ووتی هەتا تۆپزاوا هەموومان پێکەوە بوون کچەکانم زۆرجوان بوون، بەلام دوای سێ رۆژ مانەوەمان لە تۆپزاوا هاتن ناوی کۆمەڵێک کچیان نوسی ناوی کچەکانی منیشیان نوسی، عەسکەرەکان بانگیان کردن و وتیان ئێستا دەیانهێنینەوە پرسیاریان لێدەکەن و دەیانگێرینەوە بۆلاتان، بەلام ئێستاو ئێستاش نەم بینینەوە ئەوەتا ئێمەیان هێناوە بۆ ئێرە نەکچ و نەکوڕ کەسیان سۆراخیان نازانم . چوارکوڕم رۆیی و سێکچم رۆیی و هەرخۆم و ژنەکە ئەوەتاین لێرە هاکە ژنەکەشم مرد چونکە وائەویش لێرە لە رۆژی خۆیدایەتی . ووتی ئەگەر هەرچوار کورەکەم بەبەرچاومەوە بەردەستریژی گوللەیان بدانایە بەقەد بردنی کچەکانم بێتاقەت نەدەبووم .

چیرۆکەکەی فەقێ سوارە زۆر کاری تێکردم هەر لەوێ ئەم **شیعرەم بۆ ووتووە :**

**مامە سوارەگیان خەڵکی کام شوێنی**
**بەکەواو سەڵتە دیارە گەرمێنی**
**تۆیەکی پیری بەم ئاخری ژیان**

کوژن، بەڵام هەرچۆنێک بووشەوانە کەمێک گوێمان لێدەگرت، زۆر زۆر بەکزی زۆریش دەترساین، هەتا 9/6 هەواڵی عافواتەکەمان بەورادیویە بیست .

**ناو قاعەکان کارەبای تێدابوو ؟**

نا کارەبای تێدا نەبوو بەڵام دوایی یەک گڵۆپی کزیان بۆدانـاین ئەویش بەو هۆیەوە بوو کە ملازم حەجاجیان ووت بۆ ئەوەی خەڵک بەشەودا بەسەریەکدا نەکەوێ بەتایبەتی ژن وپیاو تێکەڵ بوون خێزان خێزان پیکەوەبووین. دوایی چەند رۆژێک سەیارەیەک هات (لێرە پێی دەڵین شلەخەجێ) هی دائیرەی کارەبای سەلمان بوو، پیاوێکی بەتەمەنی تێدا بوو ناوی حاجی ئیبراهم مەلوکی بوو، رێک وپێک دیاربوو، بەزەیی و سۆزت لە روخساریدا بەدیدەکرد، کە دیمەنی ئێمەی بەو شێوەیە بینی زۆر بێتاقەت بوو، جا ئەو پیاوە خاڵۆی شەمخی بوو، ملاوم شەمخی خوشکەزای ئەو پیاوە بوو، شەمخی هات کۆی کردینەوە نزیکەی 8 – 9 کەس بووین پێی ووتین کێ کارەبایی دەزانێ ؟ من ووتم دەیزانم حاجی برایم وەرقەو قەلەمێکی دامێ ووتی ئادەی وینەکەیم بۆبکە چۆن گڵۆپێک دەبەستی منیش خەریتەکەم بۆ کردو دامەوە دەستی، وتی زۆرباشە ئەوە چۆن فێر بوویت ؟ ووتم من بۆخۆم خریجی ئامادەیی پیشەسازیم بەشی کارەبا . وتی دەی کەوایە وەرە لەگەڵم کورێکی تریش بوو خەیاڵم هەیە شوانەی کاکە حەمە هات ووتی منیش دەیزانم بەڵام ئیمتیحانیان کرد دەرنەچوو، ئەویان نەهێنا ئیتر لەماوەی هەفتەیەکدا هەموو قاعەیەک یەک گڵۆپمان بۆ دانا.

**فرمێسکەکانی حاجی برایم مەلوکی .**

حاجی برایم رۆژێکیان زۆر بێتاقەت بوو ئاگام لێبوو فرمێسک بەچاوەکانیدا هاتەخوارەوە، منیش پێمگووت بۆچی دەگریت ووتی وەڵاهی کورێکم لەبەرەی شەڕی ئێران کوژراوە و شەقێکی لەودەستەم هەڵدا کە قورئانەکەی لەسەر بوو، ئەوەندە بە توندی شەقەکەی تێهەڵدام کەوتم ئینجا شەمخیش کەوتەسەرم سێ چوارشەقی تێهەڵدام، ئینجا کەوتنە سەرم بەکێبڵ هەر لە تەوقی سەریشیان دەدام خوێن بەدەم و لوتمدا دەهاتە خوارەوە، کە وازیان لێهێنام قورئانەکەم هەڵگرتەوەو چوومەوە بۆلای دایک وباوکیان ووتم خۆتان بینیتان حاڵی منیش چی بوو؟ کەچی دوای دوسەعات لە هەڵواسینی (ئارام) شەمخی هات بۆلام ووتی وەرە ملازم حەجاج بانگت دەکات، کە چووم بە ئیستفزازەوە ووتی لەبەرخاتری قورئانەکەت بچۆ لە عەموو دەکەی بکەرەوەو دایگرە . رۆیشتین بۆلای ئارام هەتا دایبگرین بەڵام کە نزیکبووینەوە بینیمان لەشەی رەش هەڵگەرابوو گیانی تێدا نەمابوو ئارامیش بەعەموودەکەوە شەهید ببوو.

**نەتزانی فەقێ سوارە خەڵکی چ گوندێکی گەرمیانە ؟**

نا نەی ووت خەڵکی کوێم ( لێرەدا عومەر هەڵوەستەیەکی کردو ماوەیەک بێدەنگ مایەوە ) دوایی بەم دیرە شیعرە وەڵامی دامەوە :

من فەقێ سوارەی دەشتی گەرمیانم، ئێستا بەتەنیاو لاشە بێگیانم .

لەناو حەوت کوردا هیچیانم نەما، بردیان، فرۆشتیان لەچاوا نەما . بەخوا ئێستا لەبەرم نیە بەڵام شیعرەکەیم هەیە ئێستا باش بیرم نەماوە..

ئا شتێکی ترم بیرچوو باسی بکەم .

**پێشئەوەی باسی بکەیت دەتوانین ئەوشیعرە وەربگرین و لەگەڵ ئەم دیدارەی خۆت بڵاوی بکەینەوە ؟**

بەڵێ ئەی بۆنا بەسەرچاو .

**زۆر سوپاس ئێستا فەرموو ئەوەی ویستت باسی بکە ؟**

ئەوە بوو دایکم رادیویەکی هێنابووە ژورەوە مامۆستا ئەحمەدی برام ووتی باوکە رۆدایە ئەو رادیویەت بۆ هێناوەتە ژورەوە بەخوا ئەمان

لێبوردەیی بەڵام ئەمە قسەیەکی بیرخستمەوە کە جەمـــاعەتی فەرەنسـیەکان لە دوای کیمیابـــاران هـاتن بۆنـاوکەمپی ئاوارەکـانی هەڵەبجـە لەئیـران یەکێکیـان پرسـیاری ئەوەی لە مامۆسـتا عـومەر ریشاوی کردبوو پرسیارەکەش ئەوە بوو ئەگەر سەدام حوسێن لێبوردنتان بۆدەربکات دەرۆنەوە بۆ هەڵەبجە ؟ مامۆستا عومەر ووتبووی سـەدام 5000 پێنج هەزار مرۆڤی بەگـازی کیمیـاوی لە ئێمە کوشتووە هێشتا دەبێ ئەو لێبوردن بۆئێمە دەرکات یان ئێمە دەبێ لەو ببورین ؟

قسەیەکی زۆر جوانە سوپاس بۆمامۆستا عومەر ریشـاوی . **بەڵام حـاجی بـرایم هیچـی تـری لەبارەی نیازی حکومەت نەووت ؟**

ئەو ئەو قسەیەی کرد ووتی بریار بووە لەدوای 10/1 ئێوە لەناو ببرێن و نوگرەسـەلمان کەسـی تێدا نەمێنێ .

**تۆ بە تەواوی دەزانی حاجی برایم لەچ بەشێکی کارەبای سەلمان بوو، یان ناونیشانی رونتری دەزانیت ؟**

بەڵێ بەدەقیقـی حـاجی بـرایم لەبەشـی سـیانەی کارەبای قەزای سەلمان بوو.

**بەچی بانگیان دەکرد ؟**

حجی ابراهیم بەوە بانگیان دەکرد.

**چەند دوای ئەوە ئێوە لەنوگرەسەلمان ئازادکران ؟**

نـــازانم چەنـــد مـــاینەوە بەڵام یەکســـەر بەریـــان نەدان، پارەیان لەخەڵک دەسـاند بۆ بەربوونیان لەبەرئەوەی وەجبە وەجبە بەریاندەدان، ئیتر کە لەنوگرەســـەلمان بەربـــووین هەمـــوو رەنـــگ زەردولاوازو بێگیـان بـووین، هاورديـانینەوە بـۆ تـۆپزاوا، لە پێشـــەوە بردمانیـان بـۆ تەبـابەیەکی عەسـکەری ( یەکەیەکـی پزیشـکی سـەربازی) لەوێ خزمەتیـان کـردین، فەحصـیان بـۆدەکردین خـواردنی باشـیان پـێ دەدایـن ئەوەش لەبەرئێمە نەبـوو لەبەر ئـابڕوی خـۆی بـوو، ئەگینـا ڕژێـم ئێمەی خۆش نەدەویست هەتا خزمەتمان بکات.

شەهیدی قادسیەیە، ئەگەر سێوێک بهێنی بەچەقۆ بیکەیـت بەدوو لەتەوە تـۆ لەتـی دووهەمیـانی راستیشـی نەکرد دوایی کەزانیم فرمێسکەکانی بۆ ئەوە نەبوو، ئەو قسەیەی پێش ئەوە بوو کە عـافوات دەرچێت، دوای ئەوەی کە عـافواتەکەش دەرچـوو، جارێکیـان هـاتەوە بـۆ نوگرەسـەلمان، قوتـویەکی پێـنج کیلـۆیی شـیری نیدۆ سـەهۆڵی بۆهێنـابووم لەگەڵ دە(10) نـان، وتـی ئەوە بگـرە بۆتـۆم هێنـاوە، کە بـردمەوە بـراکەم مامۆسـتا ئەحـمەد ووتـی بەخـوا نـاهێڵم دەم لەو نـاون وسـەهۆڵە بـدەیت، منیش ووتـم ئەو پیاوە بـۆی هێنـاووم خـۆ نەم دزیـووە، ووتـی بەخـوا نـاهێڵم بیخۆیت ووتـم ئـاخر بـۆ لەبەرچـی ؟ ووتـی ئەو هەموو خەڵکە نابینی ؟ بزانە چەند منداڵی تێدایە بەپێشـــــــچاوی ئەوان وئەو خەڵـــــــکەوە سەهۆڵاوبخوێنەوە ؟ منیش ووتم راست دەکەی بەوخـوایە یەکسـەر بـردمەوە بـۆ حـاجی بـرایم، وتـی بـۆ کـاکە خـۆمن دزیـم نەکـردووە بـراکەم وادەلێت بـۆم گێـڕایەوە ئیتـر لێـی وەرگـرتمەوەو دایە کۆمەڵێــک ژنـــی گەرمیـــانی ئەوان لێیـــان وەرگرت.

**نهێنی فرمێسکەکانی مەلوکی :**

عومەر دواتر نهێنی فرمێسکەکانی حاجی برایم مەلوکی ئاشکرا کـرد، وتـی ئەوجـارەی کەنـان و ســـەهۆڵەکەی بـــۆ هێنـــابوم دوای ئەوەی بـــۆم گەراندەوە ووتی: کاکە ووتم بەڵێ ووتی دەزانی بۆچی ئەوجـارە گریـام و فرمێسکم لەچـاو هـاتە خـــوارەوە ؟ ووتـــم بـــۆچی ؟ وتـــی لەبەر ئەوەی شـــەوەکەی شـــەمخی لەمـــاڵی خۆمـــان بـــووە وتـوویەتی نوسـراومان بـۆ هـاتووە کە دەبێـت 10/1 دەبێـــت نوگرەســـەلمان لەوکەســـانە پـاکبکرێتەوە ونابێت کەسـی تێـدابمێنێ . ووتـم مەبەسـتیان چـی بـووە کەسـی تێدانەمێنێ ووتـی دەبوو هەمووتان بکوژرانایە بەڵام خوارەحمی بە ئێوەکرد ئەو لێبوردنە دەرچوو، ئەو لێبوردەییە هـــات . هەرچەنـــدە ئەوان بەوەیـــان دەگـــووت

ڕۆیشتین بۆ باینجان، سایەقەکە ئێمەی گەیاندو سەنەویەکەی وەرگرتەوەو ئێمەش سەیارە بەدوامانـدا هاتبوو مەجالی ئەوە هەبوو خۆت بدزیتەوە سواری سەیارەکە بووین هاتینەوە بۆسلێمانی ئیتر لەسلیمانی ماینەوە نەچوین بۆ باینجان .

**مامۆستا تۆ پێشتر شیعرت دەنوسی یاخود مەینەتی کیمیابابارانو نوگرەسەلمان تۆی کرد بەشاعیر ؟**

من لە چلەی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە شیعرم نووسیوە.

**کەواتە تۆ لەساڵی 1988 ەوە شیعرت نوسیوە ؟**

بەڵێ دیوانێکیشم هەبە بەناوی پرسەی شاعیرانی کورد بۆ هەڵەبجە 210 لاپەرەیە .

**ئەی وەک کتێب چاپت نەکردووە ؟**

نەخێر هێشتا چاپنەکراوە .

**بۆچی مەسەلەکە بێ پارەییە ؟**

نەخێر دەڵێم باجاری زۆربێت .

**تۆ دەتەوێ تەنها لەرێگەی شیعرەوە بەسەرهاتی هەڵەبجەو کورد بگێڕیتەوە ؟ قەت بیرت لەوە نەکردووەتەوە بەسەرهاتی خۆتان و شارەکەت بنوسیتەوە ؟**

وەڵاهی ئەوخاڵەم بیرچوو مامۆستا ئەحمەدی برام کاتێ کە گیرابوو بەعەسکەر لەوێ بەسەرهاتی خۆمانی نوسیبووەوە بەڵام بەداخەوە فەوتا ئەو دەفتەرە نەما، تەنانەت لە تراسا دێرەکانی بەرێکی نەنوسیبوو هاتبوو بەستوونی (عەموود)ی بۆ خوارەوە نوسیبووی بۆئەوەی پێی نەزانن، وەک خەتی ژاپۆنی نوسیبووی . لەورۆژەوەی کە هەڵەبجە کیمیایی لێدابوو هەتاکو گیران و سەربازییەکەی هەمووی نوسیبوو. بەداخەوە ئەو دەفتەرە وونبوو . بۆخۆشم دەفتەرێکی 16 پەرەیم نوسیبوو ئەویش هەمووی هەرشیعر بوو .

**ساڵی چەند دەستت پێکردونوسیت ؟**

دوای هەفتەیەک ناردیانینەوە بۆ سلێمانی لەپێشەوە بردمانیانەوە بۆ تۆپزاوا، لەوێوە رەوانەی سلێمانیان کردینەوە.

ببورە باڕاتبگرم، پەلەمەکە باباسی فەحصەکانتا بکەین . **فەحصەکانتان چی بوون ؟**

وەڵائیتر فحصی نەخۆشی .

**ئاخر خوێنیان لێوەردەگرتن ؟**

بەڵێ کەسێک بیانزانیایە زۆر کەمخوێنەو نەخۆشە یەکسەرخوێنیان لێوەردەگرت ونەتیجەکەیان دەیان دەبرد بۆلای خۆیان . ئەوەش بۆ ئەوە بوو هەتا چاک نەبوایەتەوە نەیاندەناردەوە بۆئەوەی کەمێک ڕەنگ وروخساری بێتەوە ئینجا دەیاننارده‌وە بۆنمونە ژنێکمان لەگەڵ بوو لەبەرئەوەی کچەکەی نەخۆش بوو لەگەڵ ئێمە نەیانناردەوە ، لەوەجبەکەی تر لەدوای ئێمە ناردیانەوە. کچەکەشی لەوێ لەخستەخانە مرد فەقیرە . ئەوە بوو هێنایانینەوە بۆئێرە لە تەوارییەکەی سلێمانی دایانبەزاندینەوەو لەوێشەوە ناویان نوسینەوە وتیان دەنێرین بۆ باینجان ئێمە ناوی باینجانمان نەبیستبوو، تەنها ناوی بازیانمان بیستبوو، لەوێ مامە حەمەکەریممان لەگەڵدا بوو لەبەرئەوەی ئەو لە کاتی کیمیابارانەکەدا بەس خۆی لە هەڵەبجە مابووەوە پێشترماڵ ومنداڵەکەی ناردبوو بۆسلێمانی، ئەوە بۆ ئێمە باش بوو چونکە دوایش بۆئێمە بووە بنکەیەک، چونکە کەباریان کردین ووتیان دەبێ برۆن بۆ باینجان لەتەوارییەکە سەنەوی سەیارەکەیان لە سایەقە دەسەندو دەبوو ئێمە بەسەلامەتی بگەیەنێتە ئەوێ و لەوێ ئێمە تەسلیم بکات و ئینجا سەنەوییەکەی وەربگرێتەوە . بۆیە ئێمەش ناچاربووین بچین بۆ باینجان بەڵام کورێکی مامەم هات 20 دیناری دابە سایەقەکە بۆئەوەی رێگە بدات بچینە ماڵی مامەم لەسلێمانی ئەویشمان لەگەڵ خۆمان برد بۆ ماڵی مامەم لەوێ نانمان خواردو ئیسراحەتمان کرد و

بەڕێوەبەرایەتیەکانی تر) لەوێ ئامادەبوون بەڵام مۆنتـــاربۆیەک نەبـــوو قســـەی پێبکرێـــت بـــۆ ئامادەبوان

**بۆ دابینیان نەکردبوو ؟**

ئـــێمە شـــازدە ڕۆژ پـــێش چـــواردەی چـــوار ئاگادارکراینەوە کە یادەکە زیندوو دەکەینەوە، بۆ زانیاریـت لە سـاڵی (2011)ەوە ئەم یـام یـادە دەکرێتەوە ، من پاش یادەکە بە کاک سەعدونم وت بمزانیایە بەو شێوەیە دەبێت خۆم ئامادەم دەکرد ، بیرم چوو پێشتر بۆت باس بکەم کاتێک لە ســەماوە هێناینیــانەوە بردینیــانە تــۆپ زاوا شەوێک لەوێ ماینەوە کە لەوێشەوە بەڕێکەوتین من کۆمەڵێک پاسم بینی هـاتن لەنـاو پاسـەکاندا کـوڕەکەی حـاجی حسـێنم بینـی نـاوی () بـوو تەنـــانەت مامۆســـتا ئەحمەدیـــش وتـــی ئەوە کـــوڕەکەی حـــاجی حســـین شـــابوو ، کـــوڕە گەورەکەی کە کوڕێکی چاو شینی قژ لولی قۆز بوو بەڵام ئارازی کوڕی حسین شا لێرە مرد من ئەوانـم بەهـۆی ئەوەوە دەناســی هەمومـــان لە مەکتەبی مەولەوی پێکەوە بوین

**چۆن بینیت ؟**

کە ئـێمە بەربـوین سـواری پاسـەکانیان کـردین ئەوانیان هێنا بۆ تۆپ زاوا

**پێشتر ئێوەیان نەبردبوە تۆپ زاوا ؟**

نەخێـر ، ئەو شـــەوەش کە هێناینیـــان بـــۆ ئەوێ نزیکەی سـەعات دەی شـەو بـوو گەشـتینە ئەوێ ئەوەش لەبەرئەوەی شۆفێرەکان پشـویەک بـدەن نەک لەبەرخـاتری ئـێمە ، بەیـانیەکەی ئێمەیـان هێنایە تەواریەکەی چوارباخ لە سلێمانی

**ئەم شـێوە یادانەی کە بـۆ هەڵەبـجە دەکرێنەوە پێتان خۆشە ؟**

هەر باشە ، لەچاوساڵاندا باشترە

**درۆ لە هەمـــوو دینێکـدا عەیـبەیە وحەرامە ، لە جیاتی (دەهۆڵ و زۆرنا ، ئەو هەمـوو فلێکسـەی کە هەڵدەواسرێت ، ئەو هەموو تێچونەی بۆ ئەو یادانە دەکرێت) بەرامبەر هەمـوو ئەنفالکراوێک**

دوای بەربوونمـان ئـاخر منـیش کـرام بەسـەرباز مـاوەیەک لە دهـۆک بـووم دوایـی رەوانەی قەڵـعە سالح کرام .منیش دەفتەرەکەم لەوێ لەبیرچوو .

**تۆ لە نوگرە سەلمان بەربویت هەروەها هەڵەبجە پێنج هەزار کەسی بەر چەکی کیمیایی کەوتبوو ئەوکـاتەی جلـی سـەربازیت کـردەوە بەرت تـۆ هەستت چۆن بوو ؟**

بە جلـی سـەربازیەکە زۆر مورتـاح بـووم ، دوو حاڵەت هەبوو لەوێدا یا دەبوایە ببویتایە بەجاش و ئیستخبارات یاخود دەبوایە سەربازیت بکردایە ســـەربازیەکەش ئیلزامـــی بـــوو ئەوەنەبـــوو کە بەعسی بیت ، من لەگەڵ دایکم و برایەکم کرێچی بـوین مـانگی بیسـت و دوو دینـارم هەبـوو زۆر بەخۆشی پێی دەژیاین ، من جاشێتیم نەکرد

**هەموو خانەوادەکەتان دەربازبوون لە ئەنفال؟**

بەڵێ، دایکم لەگەڵ براکەم دوای ڕزگاربونمان لە زیندان کۆچی دواییان کرد

**پێتوایە کۆمەڵگای کوردی ، حکومەتی کوردستان چۆن سەیری ئەو دۆسێیە دەکەن یاخود کاریان کردووە لەسەر ئەو دۆسێیە ؟**

بـاوانی ئـێمە فەرهەنگێکیـان بـۆ جێهێشـتوین پێـی دەڵێن پەنـدی پێشـینان (کوردیش پەنـدێکی هەیە دەڵـــێ ئەگەر ســـەری خـــۆت بەدەســـتی خـــۆت نەیخـــورێنی ناخورێـــت) ئـــێمەش ئەگەر خۆمـــان دوای ئەم دۆسـیە نەکەویـن حکومەت کـاری بـۆ ناکـات ئـێمە دەچـوینە لای بەرپرسـانی خۆمـان هیچیـــان نەدەزانـــی لەبەرئەوەی کیمیابـــارانی هەڵەبـجە ئەوەنـدە گەورەبوو دۆسیەکەی ئێمەی داپۆشیبوو.

**چۆن دەبێ تاوانێکی گەورە تـاوانێکی بچوکترت بیربباتەوە ؟**

تـاوانی ئـێمە نەبـوو بەڵکـو تـاوانی کـۆمەڵەی قوربانیان بوو دەبوایە ئەوان لەسەر ئەم دۆسێیە قســەیان بکـردایە ، لەم مـاوەیەدا لە مۆنـۆمێنتی هەڵەبـجە (ســەرۆکی یەکەی ئیـداری هەڵەبـجە ، بەڕێـــوەبەرایەتی شـــەهیدان و ئەنفـــال ،

بەشمان ئەشکەنجەو لێدانە
کەبیر ئەکەین پەرێشانین
گەربێتو ناخمان بخوێنن
پڕ لەداستان و ڕۆمانین
خاوەنی چەندین بەسەرهات
تراژیدیای ناو زیندانین
ئـێمەین ڕزگـاربوی حەجـاج و سـەگە ڕەشـی بیابانین.

**نەک تەنها ئەوانەی لەناوچوون بەڵکو بەرامبەر ئەو ئازارانەی کە تۆ چەشتوتە ئەگەر یەک درۆ لە خۆمان کەمبکەینەوە ڕاستگۆترین میلەتی سەر زەمین دەردەچین ، بە بڕوای تۆ ئەوەی کە من وتم گرنگتر نیە ؟**

نا دادیە من و تۆیە دنیا وێرانە ژین دەکا
زەوت کردنـی مافەکـانە دڵ پـڕ لە جـۆش و قـین دەکا
چینێک نوقمی نازوخۆشـی چینێکیش داد و شـین دەکا
دەسـتێک نـیە فرمێسـک بسـڕێت تەنهـا خـوێ بە برین دەکا

هەنـدێک کـات دەمانەوێـت دڵخۆشـی کەسـێک بـدەینەوە بەڵام ئەو قسـەی کە دەیکەیـن لە تـاوانەکە خراپترە ، پـار بـۆ پشـت ڕاسکردنەوەی دۆسـیەکەمان بڕیارێک دەرچوو بڕیـارەکە دەڵێ (ئێـوە چـوار مانـگ و دە ڕۆژ لە نـوگرە سـەلمان بـوون مـانگی دوو سـەد و پەنجـا هەزارتـان بـۆ خەرج دەکەیـن باسـی هـیچ مەکەن) ئەوەیـان بە ئـیچمە گـووت ئـێمەش وتمـان ئەو کەسـەی کە بڕیـارەکەی دەرکـردووە هەر بەرپرسـێکە یـاخود سـەر بە هەر حیـزبێکە بـا دە ڕۆژ لە نـوگرە سەلمان بێت ئێمە چوار ملیۆن دینـاری دەدەینێ بەمەرجـێ ئـێمە لەو سـەردەمەدا مەرگ چاوەڕوانی دەکردین لێبوردنێک بونی نەبوو بۆ ئـێمە برسـێتی و ئازارمـان هەبـوو بەڵام ئەو کە چـووە ئەوێ پاسـەوان وباشـترین خـواردنی بـۆ دابـین دەکرێـت بـزانن بەرگەی ئەوە دەگرێـت ، زۆر شـەرمە باسـی پـارە بکرێـت ، دوای ئەوە پاشـگەز بـونەوە لە بڕیارەکەیـان وتیـان ئەوەی تەنهـا یەک ڕۆژ لەوێ بـووە بە زینـدانی سیاسـی ئەژماردەکرێت .

ئێمەین شەهیدانی زیندوو
بەڵام بێ ناونیشانین
شاڵاو بردەی دەم ئەنفال و
گیرساوەی نوگرەسەلمانین

خـۆی و ئەنفــالی هەڵەبــجە ئەم دیـدارەمان لە کاتژمێر 9ی هەمان شەو سازکرد :

**ناوی بەڕێزت؟**

محمد حەمە سەعید ئەحمەد

**هیچ نازناوێکت هەیە؟**

مامۆستا محمد

**لەکوێ لەدایک بویت؟**

لە هەڵەبــجە لەدایــک بــووم هەرلەوێــش گەورە بووم.

**خانەوادەکەتان چەند سەرخێزان بوون پێش تاوانی ئەنفال و کیمیاباران؟**

بــاوکم دوو خێزانــی هەبــووە مــن وخوشــک و بــرایەکم لە دایکێکـین وە لە دایــکەکەی تــر دوو خوشک و دوو برام هەیە

**ناوی دایکت و خوشک و براکانت چییە؟**

دایکی خـۆم نـاوی مـرواری فەرەجە و زردایکـم نــاوی بەهــێ عەلــی محمــد، خوشــک و بــراکەم لەدایکی خـۆم ناویـان لەیـلا و هۆشـمەند، لەیـلا ئێســتا شــوی کــردووە لەمــاڵی خۆیــدایە بەڵام براکەم پاش ئەوەی لە نوگرەسـەلمان گەڕاینەوە لەدوای دوو سێ مانگ وەفاتی کرد لە سلێمانی.

**باوکت لە هەڵەبجە چۆن بژێوی ژیانی بۆ دابین دەکردن؟**

بــاوکم دوکــانی ووشــکەی هەبــوو کەمنــیش گەورەبوم هاوکاریم دەکرد.

**پەیوەنــدیە کۆمەڵایەتیەکــان و داب و نەریتــی ئەوکاتەی هەڵەبجە چۆن بوو؟**

ئەوکــات خەڵــک زۆر هاوکــار و هــاوخەمی یەک بوون، خزمـایەتی و دۆسـتایەتی هەبـوو لەنێوان خەڵکی شارەکەدا.

**پێتوایە ئەو تاوانانە کاریگەری هەبوبێت لەسەر پەیوەندیەکان و تێکیدابن؟**

بەدڵنیایەوە کاریگەری هەبووەوە هەڵەبجەی ئێستا لە هەڵەبجەی پێش کیمیابارانەکە ناچێت، بەهیوام خزمـایەتی و هـاوڕێیەتی وسـۆز بگەڕێتەوە بـۆ خەڵک.

**محمد حەمە سەعید ئەحمەد**

## ناخۆشترین کات ئەوە بوو کە ئێمەیان بە عەمـودێکی دڕکـاویەوە بەسـتەوەو لێیـان دەدایـن، بـراکەم وویستی ئـاوم بۆبێنێـت بەڵام نەیان هێشت.

دیمانە : عومەر محەمەد قادر

شوێن : هەڵەبجەی شەهیدان

کات : ١١ ی شەو .



پاشــئەوەی لەرادیــوێ دەنگــی نــوێ دیــدارمان لەگەڵ کــاک عەلــی عــارف دەربــارەی ئەنفــالی هەڵەبجــە ئەنجامــدا، دەبــوایە لەگەڵ مامۆســتا مــحەمەد حەمە ســەعیدیش دیــدارمان بکــردایە، بەڵام درەنگ کەوتین و دوامانخست بۆکاتێکی تر هەر چەنـد کاتژمێرێـک دواتـر شـەوی 25/24ی مــانگی نیســان درەنگانێــک لەگەڵ هاوکــارم مامۆستا هێمن عەبدوڵا – گۆپتەپەیی لە شاری هەڵەبــجە دابەزیــن، بەنیــازی دیــدار لەگەڵ ئەم پیاوەدا، چوینە ماڵی کاک عەلی عارف مامۆستا محەمەدیش بەگەنجی لە نوگرەسـەلمان زینـدانی کـراوەو چیـرۆکە ترسـناکەکانی نـاوئەوقەڵایەی بینیوە، کامێرامـان دابەست ودەربـارەی چیرۆکی

**چۆن دەتوانتانی ژیانی خۆتان دابین بکەن؟**
ئێران هاوکاری دەکردین خواردنیان پێدەداین لەگەڵ بەتانی و عەلادینی شەمسەدین و نەوت ، بەوجۆرە گوزەرانمان بەڕێ دەکرد هەتا 1988/8/9 لەوێ بووین، پاشان من و ئەوکورەی برام کە باسمکرد وەفاتی کردوە لەگەڵ کاک عەلی خاڵۆزام چوین لەوێ لای ئاغای (جەلالی) کەناویان ئەنوسی بۆ ئەوانەی ئەیانویست بگەڕێنەوە بۆ هەڵەبجە ئێمەش ناوی خۆمان تۆمارکرد، هەر هەمان ڕۆژ سواری سەیارەیان کردین کە 8/9 بوو بردیانین بۆسەر سنور

**بۆ چ سنورێکیان بردن؟**
بۆ سنوری شۆشمێ لە تەوێڵە، لەوێوە تەسلیمی عێراقیەکانیان کردین ئەوانیش بە ئیڤاکانەوە هاتن کە زۆربەیان ئیستیخبارات و سەرباز بوون ئێمە وامان زانی دەمانبەن بۆ هەڵەبجە بەلام کەلە زەلم تێپەڕین بۆمان دەرکەوت کە بۆ سلێمانیمان دەبەن، هەروابوو لە تەواری سلێمانی دایان گرتین.

**هیچ نارەزاییەکتان دەرنەبری کەزانیتان بۆ هەڵەبجەتان نابەن؟**
نەخێر کەس هیچی نەوت وە هیچیش نەدەکرا هەموو ئۆتۆمۆبێلێک دوو سەربازی لەگەڵدابوو ناوچەکەش ناوچەی (محەرەمە) قەدەغەکراوبو .

**لە تەواریەکەی سلێمانی چۆن مامەڵەیان لەگەڵ کردن؟**
هەرکە گەیشتینە ئەوێ لە گۆڕەپانی بیناکە دایان نایین ئیتر هەموو خێزانێک بەجیا دانیشتبوون ئەوشتومەکانەیان پێبوو کەهێنابویانن لەگەڵ خۆیاندا.
شتومەکەکان چی بوون؟
نوێن و تۆزێک زەخیرەو خواردەمەنی بوو کەلە ئێران وەریانگرتبوو لێیان مابۆوە.
لەدوایدا ڕێگەیان پێدان ئەو شمەکانە لەگەڵ خۆتانا بەرن ؟

**لە کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە کوێ بویت؟**
لە سلێمانی بووم ئەوکات من خوێندکار بووم

**ماڵی باوکت لەوکاتەدا لەکوێ بوون؟**
لە هەڵەبجە بوون بەلام سوپاس بۆ خوا هەمویان سەلامەت دەرچون و چوبون بۆ ئێران بۆ (کرمان) ئۆردوگایەکە لە باشوری ئێران لەپاش ماوەیەک خوشکەزایەکم چوبوو هێنابونی بۆناحیەی سەرپاز لەوێ نیشتەجێبون، ئەوکاتە من لەسلێمانی بووم خوێندکاری پۆلی سێ بووم ئاگاداری بارودۆخی هەڵەبجە زۆر نەبووم تا 1988/4/9 لە سلێمانی مامەوە، بەلام لە بەشی ناوخۆی خوێندکاری هەڵبجەیی هاورێم هەبوو کە رۆژانە باسیی ئەوەیان دەکرد کە چەند کەس مردوە لەهەڵەبجە بۆیە لەتوانامدا نەماو رۆیشتم بۆ سنور لە قاسمەرەشەوە رۆیشتم بۆ ئێران بە قاچاخ بۆ سەردەشت، لەوێ پێشمەرگەم بینی کە لە سەرگەڵو بەچەکی کیمیایی برینارکرابوو، زەکەری ئەوەنە شۆڕ ببۆوە کەسێکی تر بۆی هەڵگرتبوو ئەوە زۆر ناخۆش بوو بۆ من. پاشان چوم بۆ (سەریاس) تاماوەیەک لەوێ مامەوە لە ماڵی خزمەکانم وە ماڵی باوکم دوای ئەوانیش هاتن بۆ سەریاس و لەوێ نیشتەجێبوین.

**تۆ دەتزانی کەماڵی باوکت ماون؟**
بەڵێ پێشتر من دەمزانی لەرێگەی خزمەکانمەوە زانیبووم.

**کە تۆ لەسلێمانی بوویت کەی زانیت هەڵەبجە کیمیاباران کراوە ؟**
ئێمە هەرئەو رۆژە زانیبومان لەپاش ئەوەش ئەچوین بۆ عەربەت بۆهەواڵ بەلام قەدەغە بوو برۆیت بۆ ئەولا عەربەتەوە .

**ئەوکاتەی لە سەریاس بوون گوزەراتنان چۆن بوو؟**
لەوێ لە خێمەدا دەژیاین خواردن و نوستن وتەنانەت خۆشتنیشمان هەر لەخێمەدابوو. خێمەیەک بۆ خێزانێکی شەش حەوت نەفەری وەک ئێمە .

کاک عەلی و دوو کوڕی خاڵۆزام لەگەڵ بوو بەناوەکانی جەمال و نەریمان وە کوڕێکی تر بەناوی عەجەم لەگەڵمانا بوو کەدەمناسی زۆربەی ئەوانی تر ناسیاو بوون ئێستا زۆریان لەژیاندا ماون

ناو پاسەکە هیچ پەنجەرەیەکی تری تیابوو؟

جگە لەوپەنجەرەیەی کەباسم کرد یەک کونی بچوکی لەژێرەوە تیابوو کەبەقەد سەد فلسیەک بوو.

ئەوکونە بەڕای تۆ بۆچی بوو؟

بەڕای من بۆ هەواو بۆ میز کردن بوبێت چونکە زۆر ڕۆیشتین وە لەڕێگە کە دەوەستا نەیان دەهێشت دابەزین، وە یەک جار زانیمان ئەو شوێنە کوێیە کە لێی وەستا وەیش پرسیاریان کرد، ووتیان ئەمە دیوانیەیە .

لەوێ هێشتیان ئاو بخۆنەوە؟

نەخێر

پاشان بۆکوێیان بردن؟

دوای ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن لە جادەی قیر لایدا دەوری سێ چارەکێک بەخۆڵدا ڕۆیشت پاشان وەستاو دایان بەزاندین، لەوێ بینیمان چەندەها ژن و پیاوی پیر زەعیف و ڕەنگ زەرد لەوێ بوون.

کەدایان بەزاندن چیتان کرد؟

لەوێ لە نوگرەسەلمان دایان بەزاندین بە لیست ناویان دەخوێنینەوە بۆ هۆڵەکانیان بردین ئەو هۆڵانەی ئێمە هەمووی هەڵەبجەی بوون لەبەرامبەریشمان گەرمیانیەکان بوو کە پێش ئێمە هێنابویانن.

هەر هۆڵێک چەند کەسی تێدابوو؟

زۆری تیابوو لە دووسەد کەس زیاتر دەبوو.

ناو هۆڵەکان چی تیابوو؟

هیچ شتێکی تیانەبوو تەنها لە سێبەرەکان دائەنیشتین و باوەشێنی خۆمان دەکرد چونکە هیچی تیانەبوو.

نەخێر دەستیان گرت بەسەر هەموو شتێکدا چونکە کەدوای گواستینیانەوە بۆ سجن نەفەر نەفەر سواری پاسیان کردین نەیان هێش هیچ بەرین.

چەند ڕۆژ لەوێ مانەوە؟

سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە پاشان پاسی مەنشەئەیان هێنا بۆ ژن ومناڵەکان و پیرەکان و بۆ گەنجەکان ئۆتومۆبێلی سەوزیان هێنا .

ئەگەر بکرێت باسێکی ئەو ئۆتۆمۆبێلەم بۆ بکەیت؟

ڕەنگی سەوز بوو پێشی لەقەمەرە دەچوو بەشی دواوەی لە سەیارەی سەلاجە کەپسەکان دەچوو تەنها یەک بەنجەرەی بچوکی تێدابوو لای ئەو سەربازەی تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشتبوو کە دەوری بیست سانتیم ئەبوو، شیشی پێوە بوو لە دیوی دەرەوە لەناوەوەش پەردەی پێوەبوو ئێمە جارجار لەوێوە سەیری دەرەوەمان ئەکرد کە سەربازەکە لای دەبرد، لەناوەوە هیچ کورسیەکی تیا نەبوو دەبوایە یان بەپێوە بۆستی یان دانیشیت لەسەر عەرزەکەی.

لە شێوەی ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری (اسعاف) دەچوو؟

بەڵێ لەوە دەچوو بەڵام درێژتر وبەرزتر گەوریەکەی بەقەد ئۆتۆمۆبێلێکی دووتەنی دەبوو.

ئەوکاتی جیایان کردنەوە هیچ ئاماژەیەک هەبوو کە بۆکوێ و بۆ چ چارەنوسێکتان دەبەن؟

نەخێر هیچیان لەوبارەیەوە نەوت هیچ دیارنەبوو.

ژمارەتان چەند کەس بوو لەو پاسەدا؟

نزیکەی هەژدە بۆ بیست کەس ئەبوین.

لە ڕێگا لەناوخۆتاندا باسی چیتان دەکرد ؟

باسی ئەوەمان دەکرد کە لەوانەیە بەرەو مەرگمان بەرن

چەند کەسی ناسیاوت لەگەڵدابوو؟

لەڕاستدا نوگرەسەلمان هەموی هەر ناخۆشی بو بەلام ئەوەی کەزۆر کاری تێکردم ئەوە بوو کەئەو کورەی برام وبرایەکی کاک عەلی و یەک دوو مندالی تر هەبوو کەدەچون ئیشیان بۆ سەربازەکان دەکرد ئەوانیش سەهۆلیان دەدانێ، هەرلەوکاتەدا ژنێکی خزممان هەبوو لەوێ منداڵێکی لاوازو نەخۆشی هەبوو هەموجارێک بەو سەهۆلە دایکی سەهۆلاوی بۆدەکرد تۆزێک سەبوری دەهات و بەهۆی ئەوەوە توانی بژێت و دەربازی بێت ئێستا ماوە ئەومنداڵە گەورەبووەو بووە بە مامۆستا.

ناوی چیە؟

خەلات یونس .

واتا خەلات ئێستا دەربازبوی نوگرەسەلمانە؟

بەڵێ وە هەمووجارێک دایکی دەڵێت ئێمە مەمنونی ئەو کورەی براتین کە وەفاتی کرد لەوێ ئیشی دەکردوو سەهۆلی پەیدادەکرد.

پێشتر ئێوە یەکتریتان دەناسی یان لە نوگرەسەلمان بوون بەهاوڕێ ؟

نەخێر لەگەڵ مامۆستا عومەر یەکتریمان نەدەناسێ لەنوگرەسەلمان ناسیم و بوینە هاورێ بەلام لەگەڵ کاک عەلی وئەو خاڵۆزایەمان پێشتر هاوڕێی یەکتریووین و لە ئێرانەوە هەتا نوگرەسەلمانیش هەر پێکەوە بووین.

هەتا ئێستاش هەر هاوڕێی یەکترن ؟

بەڵێ .

تاکەی لەنوگرەسەلمان هێلرانەوە ؟

ئێمە دوا وەجبە بووین هەتا 1988/12/19 هەر لەنوگرەسەلمان بووین ئەورۆژە ئێمە لەوێ بەربووین . چوارمانگ زیاتر ماینەوە . بۆ زانیاریت وەجبەیان بەبەرتیل پێش دەخست من سەعاتەکەی دەستی خۆمم دایە شەمخی بۆئەوەی زوو بەریمان بکەن، سەعاتەکەشم داپێیان وپێشیشیان نەخستین خراینە دواهەمین وەجبەوە، ئەرێ بەخوا سەعاتی دەستی خۆم

ئەو شتەی بەسەرت هاتبێت لە نوگرەسەلمان و لەبیرت ناچێتەوە چیبوو؟

ئەوەی کە بیرم ناچێتەوە من و براکەم کە سیانزە ساڵ بوو لەگەڵ نەریمان و جەمیلی خاڵۆزام جارێکیان پارەمان دابوو بەپۆلیسەکان گۆشتێکی قوتیان بۆهێنابن، ئێمەش ویستمان گەرمی بکەینەوە لە هۆڵەکان کاغەزی لێبوو دامانگیرسان بەلام دوکەڵەکەی چوە ژورەکەی حەجاج وشەمحیەوە بۆیە هاتن بەشەق هەموویانیان برد بەلام دوای براکەمیان بەردا لەبەر ئەوەی منداڵبوو، بەلام ئێمەیان بە عەمودێکی درکاویەوە بەستەوەو لێیان دەداین وە ناخۆشترین شت لەوکاتەدا بوو کەبراکەم وویستی ئاوم بۆبێنێت بەلام نەیان هێشت.

ماوەی چەند بەو عەمودانەوە مانەوە؟

تا ئێوارە نزیکەی حەوت هەشت سەعاتماینەوە

.

دوای ئەوەی کەلێیان کردنەوە هیچ ئینزارێکیان دانێ یان هیچیان پێ ووتن ؟

نەخێر کەلێیان کردینەوە ئیتر ئێمە گەڕاینەوە بۆ هۆڵەکان ، ئەوەشم لەبیر چوو کەمن لەگەڵ خێزانی ماڵی کاک عەلی هاتینەوە چونکە من و ئەوکورەی برام بوین ئەویش منداڵ بوو.

ئەوکاتەی لەتەواری سلێمانی بوویت نەتزانی بڵێیت من خوێندکارم؟

ئەوان گوێیان لەوە نەدەگرت ، ئەوکاتەی کەلە تەوارێ بوین ئەو کورەی برام لەتەلبەنەکانەوە ڕۆیشت بۆ ماڵێکی خزمم لەچوارباخ .

چۆن هێشتیان بڕوات؟

چونکە منداڵ بوو زۆر گوێیان پێ نەدا بەلام لەدوایدا هاتەوە لەماڵی خزمەکەمان بەن نەبوو ئیتر چارەنوسی وابوو دوای لەنوگرەسەلمان وەفاتی کرد.

چ شتێک هەیە کەلە نوگرەسەلمان کاریگەری زۆری هەبوبێت حەزبکەیت باسی بکەیت؟

نوگرەســـەلمان ؟ئایـــا کەس دەیتـــوانی بچێـــتە دەرەوەی نوگرەسەلمان ؟
کەس نەیـدەتوانی خۆبشرۆیشـتایە لەوسـەحرایە چـی دەکـرد؟ نەیـدەتوانی دەربچێـت ، بەڵام مـن ئەوکـاتە منـداڵ نەبـووم تەمەنـم 21 سـاڵ بـوو، یەکــدوجار بــۆ ناشــتنی تەرم یەکێــک لەوانە بۆناشتنی کاک ئەنوەر برای کاک عەلی چوومە دەرەوە .
خەڵک زۆر دەمردن ؟
بەڵــێ ئەی چـۆن رۆژانە خەڵــک دەمــرد بەخــوا رۆژێک حەڤدە کەس مردن هەتا یەکێکیـان ژنێک بـوو لەکـاتی شـۆردندا زینـدوو بـووەوە، دوایـی بەریش بوو هـاتەوە لەم سـاڵانەدا کۆچی دوایـی کرد .
کێ بوو ئەو ژنە ناوی چییە ؟
ژنێکـی لای خۆمـان بـوو هەڵەبجەیـی بـوو نـاوی نەفییە بوو لەم سێ چوار ساڵانەی دوایدا کۆچی دوایـی کـرد، حەڤدە مردوویـان لە نوگرەسـەلمان ریزکرد بوو بیان شۆرن ئەو یەکێک بوو لەوانە کە ئاویـان پێداکردبوو زینـدوو بـووەوە . ئەوەی شۆردبووی دایکی ئەم مامۆستا عومەرە بوو .
ئەو ژنە ئێستا لەکوێ نێژراوە ؟
لێرە لە گۆرستانی شەهیدان .
دوای ئەوەی کە لەنوگرەســـــــــەلمان بەردران بردیانن بۆکوێ ؟
بردیـانین بـۆ نـاو شـاری سـەماوە . لەوێ ئێتـر وەزعمـــان زۆر بـــاش بـــوو خـــواردنی باشـــیان پێـدەداین دەمـــانتوانی بچـــین بـــۆ بـــازاڕ، لەوێ تەلەفۆنی سەرجادە هەبوو پارەت تێدەکرد پەنجا فلســـت تێـــدەکردو قســـەت پێـــدەکرد، بەوە دەمانتوانی تەلەفۆنیش بکەین .
چۆن دەتانتوانی بچن بۆ بازاڕ ؟
دووکەس دوکەس پــۆلیس لەگەڵمـــان دەهـــات ، دەچووین پێداویستی خۆمان دەکڕی یان هەبوو تەلەفۆنی بۆکەسوکاری دەکردو دەگەڕاینەوە.
مـارکەیەکی زۆر بـاش بـوو سـتیزن بـوو. بەقەت هەموو دنیا دڵم بەو سەعاتە خۆش بوو .
دات بە پۆلیسەکان ؟
دام بە حەجاج
دات بەحەجاج یان بەشەمخی ؟
نەخێر دامبە شەخصی حەجاج خۆی .
بەڵام ئەو کەســـەعاتەکەی لێـــوەرگرتی پێشـــی خستی ؟
ناوی نوسین ناوی هەرسێکمانی نوسی .
ئێـــوە دەتـــانزانی کە ئەوانەی لەپـــێش ئێـــوەوە دەرۆنە دەرەوەی نوگرەسـەلمان بـۆ بەربـوونە ؟
مـــــادم لەو وەزعەی نوگرەســـــەلماندابوون و بەتەواوی لەدنیـــای دەرەوە دابرابـــوون چـــۆن دەتانزانی لێبوردنی گشتی هەیە ؟
پێیـانوتین بەخۆمانیـان ووت کە لێبـوردنی گشـتی دەرچووەو بەرتان دەدەین .
لەدوای ئەوە دکتۆریـان بۆهێنـاین و تـارادەیەک خواردنیان باش کردین ئەو دکتۆر ( ) تەی باسم کرد هێنایان بۆلامان .
وتت ئەو دکتۆرە میسری بوو ؟
بەڵـێ .. میسـری بـوو زۆر کەسـێکی بـاش بـوو، هاوکارییەکی باشی کردین .
پێشئەوەی لێبـوردنی گشـتی دەربچێت دکتۆریـان دەهێنا بۆلاتان ؟
نەخێر هەرگیز دکتـۆری چـی راسـتی ئێمەیـان بـۆ مردبوو بردبووە ئەوێ .
بەڵام مــن هەنــدێک بەڵگەنــامەم لەلایە (بەیـــان وەفات ) بەڵگەی مـردن واژۆی دکتـۆری لەسـەرە ئەی ئەوانە چۆن بوون ؟
نـا هەرگیـز شـتی وانەبـووە ئـێمە دکتۆرمـان بـۆ نەهـاتووە تەنهـا دوای ئەو لێبوردنەگشـتییەکە بـۆ چارەسەری کاتی ئەو دکتۆرە میسرییەیان هێنا .
کەسـێک کە ئەوسـا منـداڵ بـووە، باسـی ئەوەی بۆکردم کە جاربەجار توانیوێتی بچێتە دەرەوەی نوگرەســـەلمان ئایـــا تـــۆ قەت چـــویتە دەرەوەی

هـــاتبوونەوە لەســـلێمانی دادەنیشـــتن لەوێ کە بەریاندام چوومەوە بۆماڵی باوکم لەسلێمانی .
ماڵیان لەچی گەرەکێک بوو ؟
لەپشتی مزگەوتی گەورەوە بوون لە خانوویەکی گڵـــدابوون مـــاوەیەک لەوێ بـــووین دوایـــی گواستمانەوە بۆ گەرەکی شێخ محێدین .
هیچ وەرەقەو شتێکی بەربونیان پێنەدان ؟
هیچ هیچیان پێنەدام .
قسەی خۆش یان هی ناخۆشیشیان پێنەوتی ؟
هیچیان نەووت .
هەر ئەو کەســـانە بـــوون کە جـــاری پێشـــوو ســـــوکایەتیان پێتـــــان دەکـــــردو رەوانەی نوگرەسەلمانیان کردن ؟
بەڵی هەر ئەوانە بوون.
ببـــورە باســـی مردنـــی بـــراکەت کـــرد لە نوگرەســـەلمان بەڵام بۆت باس نەکردم چۆن و بەهۆی چی کۆچی دوایی کرد؟
بـراکەم لەنوگرەســەلمان کـۆچی دوایـی نەکـرد، لەوێ پـــێکەوە بـــووین، کەهـــاتینەوە لێـــرە بە روداوێک کۆچی دوایی کرد .
مامۆســـتا تـــۆ ئەمە یەکەمجـــارە دەربـــارەی ئەنفالکردنتان دیدارت لەگەڵ سازبکرێت ؟
بەڵـێ هەتـا ئێسـتا لەگەڵ کەسـی تـر دیـدارم نەکردووە .
ئەی قەت خـۆت بیـرت لەوە نەکـردووەتەوە کە ئەوەی بەسەرت هاتووە بینوسیتەوە ؟
وەڵاهی راستی وەکو نوسین لەخەیاڵمدایە بەڵام نەمنوســیوە، ئەوە کــاک عەلــی دەزانــێ هەروا چوارسالێکیشە خەریکی ئیشی ئەو کۆمەڵەیەین .
مامۆستا گیان من دەمەوێ مەبەستەکەم رونتر بکەمەوە، ئەوکاتەی تاوانی کیمیابارانی شارەکەت رویـدا تـــۆ حســـابکە مامۆســـتایەک بوویـــت لەبەرئەوەی دواهەمین ساڵی خانەی مامۆستایان بوویـــــت، قەت بیـــــرت لەوە نەکـــــردووە بەسەرهاتەکەت بنوسیتەوە ؟

هەر پۆلیس بوون لەگەڵتان دەهاتن یاخود ئەمن و ئیستخبارات ؟
نا ئەمن وئیستخبارات نەبوون پۆلیس بوون .
ئەی هەڵســـوکەوتیان چـــۆن بـــوو نەرم بـــوون لەگەڵتاندا ؟
زۆربــــــــاش بــــــــوون ئەوان وەک ئەوانەی نوگرەسەلمان نەبوون .
چەندێک لە ناوشاری سەماوە مانەوە ؟
وابزانم هەفتەیەک ماینەوە .
هـیچ کەسـێکی حزبـی بەعـس دەهـات قسـەتان بۆبکات ؟
نەخێر .
مەبەستم ئەوەیە هەندێک لەشایەتحاڵەکان دەڵێن رەفیــق حــزبییەک دەهــات قســەی بــۆدەکردین مژدەی ئازاد کردنی پیداوین و باسـی لێبوردەیی و دلفراوانــی ســەدامی بــۆکردوین و وتــوویەتی تێکـدەران کۆتاییـان هـاتووەو حزبـی بەعـس و سەرۆک لە ئێوەش دەبورێ .
کەس لەوانە نەهات بۆلای ئێمە . بەڵام خواردنی باشیان پێمانداو خۆشـۆردن و ئەمانەمـان هەبـوو وەزعمـان باشـتر بـوو لەوێ خەسـتەخانە هەبـوو ئەوەی نەخۆش بویایە دەیانبرد بۆ چارەسەر .
دوای ئەوەی هەفتەیەک لەوێ مانەوە ئیتر چییان لێکردن بردیانن بۆکوێ .
دوای ئەوە ئینجـا هێنایـانینەوە بـۆ تەواریـیەکەی سلێمانی .
ئێوەیـــان نەگێـــرایەوە بـــۆ تـــۆپزاوا یەکســـەر هێنایاننەوە بۆ تەوارییەکەی سلێمانی ؟
نانا نەیانبردینەوە بۆ تۆپزاوا .
ئەی لەتەواری سـلێمانی چیـانلێکردن ، چییـــان پێگوتن ؟
لەوێ یەکە یەکە ناویــــــان دەخوێنــــــدینەوەو دەیـــانگووت بـــرۆن . مـــن وەکـــو خـــۆم کەناویانخوێندمەوە وتیان لەکوێ دادەنیشیت ؟ ووتـــم لەســـلێمانی ، ئەوکـــاتە مـــاڵی بـــاوکم

وتــت مــن نــوێنەری کــۆمەڵەی ئەنفــالکراوانی هەڵەبجەم ؟
بەڵی من نوێنەری ئەو کۆمەڵەیەم .
بەنیــازن چــی بــکەن و ئامانجتــان لە دروســت کردنی ئەو کۆمەلەیە چییە ؟
بەنیازی بەرێوەبردنی ئیشوکاری ئەوخەڵکانەین کە لەگەڵماندا بوون لەنوگرەسەلمان .
ئێـوە بەنیــازن کــار بــۆ بەدەســتهێنانی مــاف وئیمتیــــــازاتی ئەوکەســـــانە بـــــکەن کە لە نوگرەسەلمان لەگەڵ خۆتاندا بوون ؟
نەک ئیمتیاز چونکە ئیمتیاز جیاوازەو کاریگەری ئەنفال جیاوازە .
ئیوە دەتـانەوێ چـۆن کـار بـۆ کاریگەرییەکـانی ئەنفال بکەن ؟
دەمــانەوێ ئەونــارەحەتی و مەینەتــیەی بەســەر هەڵەبجەو ئەم میللەتدا هاتووە، حکومەتی عێراقی بهێنینە سـەرخەت و بزانن چۆن بـووە،میحنەتی ئەنفال چۆن بووەو نارەحەتی چۆن بووە، ئەوە بزانێ کە خەڵکانێک تێداچوون و بزانێ خەڵکانێک بەبێ کفن و دفن تێداچوون، خەڵکانێک هەبوون هاورایان کردووەو کەس نەچووە بەدەمیانەوەو مــردون، ئــێمە دەمــانەوێ ئەوانە بـۆ حکـومەتی عێراقی بسەلمێنین.
بووین .
وەکـو پێمـووتی ئەوەی هەتـا ئەم چەنـد سـاڵەی دوایش تەنها کاک عەلی بووە بەدەم ئەو کارەوە چــووەو هەر بەهەولــی ئەویــش ئەو ڕێکخــراوە لەساڵی 2011 دا دروست بوو.
ئەڵبــەت پــێش ئەوەی ئێــوەش ئەو کــۆمەڵەیە دروسـت ببێـت ڕێکخراوکـۆمەڵەی تـر هەبـوون، قەت خۆتــان پێنەناســـاندوون بڵـــێن ئـــێمەش ئەنفالکراوین ؟
نەخێــربچینە لای کــێ ؟ ئێمەپــێش ئەوەی ئەو ڕێکخراوە دابمەزرێنین چوینە لای کاک سەعدون گاڵتەی پێدەهات دەیگووت پێم سەیرە ئێوەباسی ئەوەدەکەن کە هەڵەبجە ئەنفالی هەیە .

وەلا دەمانوســـی ئەوکـــاتەی خەریکـــی ئیشـــی کـــۆمەڵەکە بـــووین مـــامەڵەو شـــت دەهـــاتە بەردەستمان دەمانوسی چۆن نەمان نوسیووە ؟
ئێمەش نوسیومانە .
ئەوە مەبەستەکەی من نەبوو
ئەها وەکو یادەوەری دەلێیت ؟
بەڵێ ئەوە مەبەستی منە .
نـا بەخوا ئەوەیانم نەکردووە وەکو یادەوەری نەمنوسیوە .
مــن دەمەوێ هۆکــارەکەی بــزانم ئایــا هەســتت نەکردووە نوسینەوەیان بایەخێکی هەیە، یان هەر نەتویستووە ئەو یادەوەرییە تاڵانە بنوسیتەوە ؟
یان هۆکارێکی تر هەبووە ؟
وەک بـــــایەخ دەزانـــــم بایەخیـــــان هەیە، بەڵام نەمویستووە بچمەوە ناو ئەو یادەوەرییە تاڵانە .
دوای بیست و شەش ساڵ لە تاوانەکە پێشتریش کە دەتبینی گرنگی بە یادەوەری تاوانی ئەنفال وکیمیابــاران دەدرێــت هانــدەرنەبوون بــۆئەوەی یــادەوەری خــۆت بنوســیتەوە ؟ یــان هەســتت بەگرنگیان نەکرد ؟
نـــا هەتـــا ئێســـتاش بیـــرم لەنوســـینەوەیان نەکردووەتەوە .
باشــە دوای ئەوەی بوویـت بەمامۆسـتا قەت بـۆ خوێندکارەکانت باس ناکەیت ؟
بابا لەهەموو یادێکدا بۆیانم باس کردووە.
بێجگە لەرۆژانی یادەکان لەرۆژانی تر ؟
نا لەرۆژانی تر باسم نەکردووە بەڵام لەهەموو یادەکانـدا باســم کــردووە، هەمــوو قۆناغەکــانی ئەنفال و بەسەرهاتی خۆمانم بۆیان باسکردووە .
هەســـتی قوتابیەکانـــت چـــۆن بـــوو کە بـــۆت دەگێرانەوە ؟
وەلا قوتابی نازانێ ئەوان ئەو شتانە نازانن وەکو ئەوەیە خەوببینێ کە ئەوشتانەیان بۆ دەگێڕیتەوە .

کەکیمیابارانەکە بوو، دایکت وباوکت لەهەڵەبجە بوون و خۆت لەسلێمانی، بۆسۆراخیان بەرێگەی قاچاغ وبە رێگەیەکی پڕمەترسیدا گەیشتیتە ئێران، خۆشبەختانە دایکت وباوکت وخانەوادەکەتان سەلامەت بوون، بەڵام خۆت سەلامەت نەبوویت ؟ ئێستا تۆ هەستناکەی کە ژیانی تۆ وەک هەڵەبجەییەک وەک مرۆڤێک وەک کوردێک گرنگە لەکتێبخانەی کوردیدا هەبێ ؟

بەدڵنیاییەوە زۆر گرنگە هەقە هەبێ .

ئەی بۆچی ناینوسیتەوە ئایا هیچ کۆسپێک هەیە لەبەردەمت ؟

وەڵاهی مەگەر لەئێستا بەدواوە دەستبکەم بەنوسینەوەی .

بەهیوام ئەم میواندارییەی کە ئەمشەو من وتۆ یەکترمان تیدا ناسی ببێتەمایەی تەمەندرێژیت و چاپکردنی کتێبێک و بەسەرهاتی مامۆستا محەمەدو هاوسەفەرەکانی نوگرەسەلمانی تێدا بخوێنمەوە .

ئینشاالله بەهیوام .

ئێوە کۆمەڵەکەتان پێویستە گرنگی بەم لایەنەش بدات، چونکە ئێوە خۆتان هەم شایەتحاڵن و هەم کادری رێکخراوەکەتانن، بێگومان دەبێ ئاماری ئەنفالکراوەکانیشتان کردبێت.

لامانە هەموویانمان لایە، کێ چووە بۆنوگرەسەلمان کێ گەراوەتەوەو کێ لەوێ مردووە کێ پاش زیندان مردووە هەموویمان هەیە. نازانم مامۆستا سەلمان بۆچی نەیداوە پێت .

مامۆستا ئەگەر دواقسەت چییە ؟

زۆر سوپاس بۆ ماندووبونتان .

ڕەزامەندی ئەم دیدارە بڵاوبکرێتەوە ؟

بەڵێ ڕەزامەندم بڵاوبکرێتەوە .

راستە منیش توشی هەمان حاڵەت بوومەوە لەگەڵیدا، ئەوکاتەی پارتی چەپی سویدی هاتن بۆ کوردستان من یاوەریان بووم لەسلێمانی ئەوەم پێگوتن کە هەڵەبجەییەکان نزیکی 1500 خانەوادەیان بەرئەنفال کەوتوون و لەنوگرەسەلمان بوون، کەچوینە بەرێوەبەرایەتی شەهیدان یەکەم پرسیاریان لەبەرێوەبەری شەهیدان وئەنفالکراوان ئەو پرسیارە بوو، بەڵام بەداخەوە کاک سەعدون ووتی هەڵەبجە ئەنفالی نیەو هەڵەبجە رەمزی کیمیابارانە، باش بوو هەرئەوکاتە خەڵکێک هەبوو لەو دانیشتنەدا پشتگیریان کردم وتیان خۆمان لەنوگرەسەلمان زیندانی بووین .

زۆرگرنگە ئێوە کار لەسەربەڵگەو دۆکۆمێنت بکەن . ئایا هیچ وێنەو بەڵگە نامەیەکتان هەیە؟

ئێمە وێنەی نوگرەسەلمان هەیە، تەنانەت وێنەی خەستەخانەکەی سەماوەمان هەیە .

زۆرگرنگە ئەو وێنانە بڵاوبکەیتەوە بەپێچەوانەوە بوون بایەخێکی نابێت ئەگەر نەخرێنە ڕوو. کۆمێنتی خۆتانی لەسەر بنوسن بەئینگلیزی و بەزمانی عەرەبی .

لە دادگای باڵای تاوانەکان دۆسێی ئەنفالی هەڵەبجە وونە، ئایا ئەو کاتەش ئێوە هیچ هەوڵێکتان نەدا ئەم دۆسێیە بەر نەبەردەم دادگای باڵای تاوانەکان ؟

نەخێر .

خۆتان بەلاتانەوە گرنگ نەبوو یان چاوەروانی ئەوەتان دەکرد، تیمێکی دادگاکە بێت و لێتان بپرسێت ؟

وەڵاهی من کەسم پێشک نایات چوبێت بۆ ئەومەبەستە چووبێت بۆدادگاو کەسیش پرسیاری ئەوەی لێنەکردووین، من نازانم ڕەنگە کاک عەلی شارەزاتربێت . مەگەر ئەوبیزانێت .

مامۆستا تۆ خۆت خاوەنی چیرۆکێکی تایبەتی لەسۆنگەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، خۆت خوێندکاری خانەی مامۆستایان بوویت،

## فەرید عەبدوڵا عەزیز:
## هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم ئەوستەمکارییەی بەعسیەکانم لە بیرناچێتەوە.

٢٣ی ئایاری ٢٠١٤ هەڵەبجە ڕادیوی نوێ

دیمانە : عومەر محەمەد

دوو ساڵ لەمەوپێش برایەکی زێدەخۆشەویستی هەڵەبجەیی باسی کاک فەریدی بۆکردم، ووتی ئەو پیاوە لەکۆی خانەوادەیەکی سیانزەکەسی تەنیا بۆخۆی دەربازی بووەو کەسوکارەکەی هەموویان ئەنفالکراون جەختی کردووە ووتی پێویستە تۆ ئەوە بزانیت کەوا کەسوکارەکەی فەرید ئەنفالکراون شەهیدی کیمیابارانین، هەرئەوکاتە پرسیم دەتوانین ببینین ؟ وتی فەرموو سواری سەیارەکەم بوین و زۆری نەبرد لە بەردەم قاپی فەرید عەبدوڵا ڕاوەستاین و دوای ئەوەی لە ئۆپلەپیرەی ئەنفال دابەزین ماندونەبوونیمان لێی کرد، ئەوسا ماندو هیلاک دیاربوو پێموابێ سەرقاڵی خانووچاککردن بوو، کاک فەرید ئەوەندە بەماتی و خەمباری هاتە بەرچاوم هەرگیز نەمدەتوانی پێی بڵێم من ئەمرۆ لە هەڵەبجەم و ڕەنگە بۆمن درەنگ ئەم دەرفەتە ڕێک بکەوێتەوە، بۆیە هەرئەوکاتە مامۆستا ئەرسەلان عابد بەیەکتری ناساندین و بەڵێنم پێدا لەدەرفەتێکدا بێمەوە سەردانی بکەمەوەو دیدارێکیش سازیکەین ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی بەڵام تێبینی ئەوەی دامی کە ئەو تەنها ڕۆژانی هەینی دەتوانێ و ماوەی ئەوەی دەبێت ئەو دیمانەیە سازبکەین . هەرچەندە من ئەو پیاوەم لە بیرنەچوو هەمیشە هەستم دەکرد دیداری ئەنفالستان لەگەڵ ئەوپیاوە درەنگ کەوتووە. هەمیشە هەستم کردووە کە دیدارێکی پێویستە . خۆشبەختانە بەرواری ٢٣ی ئایاری ٢٠١٤ دەرفەتی ئەوەم بۆرەخساو بۆیە هەرئەو ڕۆژە تەلەفۆنم بۆکردو ئەویش ڕەزامەندی دەربڕی و منیش لە سلێمانیەوە بەرێکەوتم و عەسرێکی زوو لە ئۆفیسی ڕادیوی دەنگی نوێی ئەم دیدارەمان سازکرد . ئەوەی لەخوارەوە دەیخوێننەوە دەقی دیدارەکەی من و کاک فەرید عەبدوڵایە .



**کاک فەرید من زۆر دەمێک بوو بەڵێنم بە بەرێزت دابوو بێمە هەڵەبجەو دیمانەیەکت لگەڵدا سازبکەم، هەرچەندە زۆر دواکەوتم بەڵام خۆشبەختانە وا ئەمرۆ بەڵێنەکەم دەبەمە سەر بەهیوام بتوانین بەشێک لە مێژووی بەسەرهاتەکەت تۆماربکەین و بڵاوی بکەینەوە، دەمەوێ ئەوەشت پێبڵێم کە ئەم دیدارە بۆ ساڵنامەی ئەنفالستانە تۆماردەکەین .**

پێشەکی بەناوی خوای گەورەو میهرەبان بەخێرهاتنی بەرێزت دەکەم سوپاست دەکەم کە من لەبیربووە. خۆت دەزانی ئێمە خراپمان لێقەوماوە ئەنفالکراوین و لەکیمیابارانیش هەر هەمانە ماڵی مامەم

**ببورە مەبەست لە ئەوان کێ یە پێشمەرگە یان پاسداری ئێرانی ؟**

پێشـــمەرگەو پاســـدار هەردوکیـــان پـــێکەوە بوون، بەڵام چەکەکەی کە دەیدا لە دەبابەکان بە پاســـدارەکان بـــوو، دیـــار بووهێرشـــەکە گەورەبوو نەیانتوانی پێشی پێبگرن، سـەرەتا کە عەسـکەری عێراقـی تێکشـکان رایـانکرد هـاتنە ئێرە لای مـاڵی ئێمەوە بیانەیەک بـوو، مەرکەزی پۆلیس بوو دوایی حکومەتی ئێران روخانـــدیان، نەک هەرئەوە زۆربەی بینـــای دائیرەکان حکومەتی ئێران روخاندنی .

**بەڵێ دوای ئەوە چی رویدا ؟**

دوایی کە سەربازە عێراقیەکان زانیان بەرگە نـاگرن ئـالیرەوە بەجادەی عەنەبدا رۆیشـتن بەرەو عەنەب و تەپەکـــورە، بەڵام هەتـــا گەیشـتنە نـاوعەنەبیش راجیمە بادوایـانەوە بـوو، دەیکوتـان ئیتـر کە گەیشـتنە ئەوێـش پاسـدارو پێشـمەرگە چواردەوریـان گـرتن و گەمارۆیانـدان هەرچـی سـەیارەو شتیشـیان بـــوو ئەوەی کە نەشـــکابوو هەموویانـــان کـۆکردەوەو ئەوسەربازانەشـیان هەمـــووی گـــرت و لەرێـــگەی ئەحـــمەداواوە بەدیلـــی بردنیـان بـۆ ئێـران. برێکیشـیان هەروا لەنـاو باخەکانـدا خۆیـان حەشـاردابوو، دیـاربوو چاوەڕوانی دەرفەتێکیان کردووە دەربازبن، بەڵام ئەوانیش برێکیان کیمیایی کوشتنی .

**چۆن ئەوە دەزانی تۆ هیچیانت بینی کیمیایی کوشتبێتی ؟**

بەڵێ لە عەنەب بینیمن کیمیاییی کوشـتبوونی، چونکە پێشـەوەی کیمیـاییەکە بوەشـێنێ ئێمە خۆمـــان کـــۆکردەوە لەبەرئەوەی ســـەیارەو تراکتۆرمـان هەبـوو، کـاکەم تراکتـۆرو بـاوکم پیکابێک و خۆشـم ئەوکـاتە لۆرییەکم پێبـوو، تێداچوون لەکیمیابارانەکە خۆی و دوومنداڵی شەهید بوون.

**بـــالە مـــاڵی خۆتـــانەوە دەســـت پێـــبکەین لەسـەرتاوە لەنـاوی سیانی خۆتەوە دەچینە ناو بەسەرهاتەکەتەوە .**

من ناوم فەرید عەبدوڵا عەزیز.

تەمەنت چەندە

**لەدایکبـــووی 1964 گونـــدی بەڵـــخەی هەورمـــانم ئێســـتاش نیشـــتەجێی شـــاری هەڵەبجەی شەهیدم .**

**دەمـێکە لە هەڵەبـجە دادەنیشـن یـان دوای ساڵی 1991 ؟**

دەمـێکە لێرەین پێشـتر حکومەت گونـدەکانی سەرســـنورەکانی داگـــرت ئـــێمەش بەرئەو هەڵمەتـــــی راگواســـــتنە کەوتـــــین ولەوساوەهاتووینەتە ئەمشارە .

**کەواتە کاتی کیمیابارانەکە لێرە بوون ؟**

بەڵێ کاتی کیمیابارانەکە لێرەبووین سـەعات دەوری یەکـی شـەوی 15 ی ئـازار بـوو، مـن هەسـتام چـووم بۆمـاڵی بـاوکم ووتـم بـاوکە هەستن وەزعەکە باش نیەو وادیارە هێرشـە، هەرواش بـــــوو، تەقە لەهەر چـــــوارلای هەڵەبـجەوە دەسـتی پێکرد، ئاگاربارنێک بـوو هەرمەپرسـە، هەرلە نـاوچەی بەڵـخەوە بـۆ شـــرام و تەوێـــڵەو ئەحمەدئـــاوا لەهەمـــوو لایەکەوە دەنگی تەقەو تۆپ دەهـات، تادەهـات ئەوان نزیـک دەبـوونەوە، هەڵـبەت سـوپای عێـــراقیش بەرگریـــان دەکـــرد، هەقـــیقەت بەرگرییەکـــــی زۆریـــــانکرد، بەڵام ئەوان جۆرەچەکێکیان پێبوو رێک ئەیدا لەدەبابەکـان پەکـی دەخسـت و دەیتوانـدەوە ئـێمە لێـرەوە سەیرمان دەکرد دنیا روناک ببووە دەمانبینی .

نەرمین وهێمن باوکیشیان حەمید عەزیز، لەگەڵ خەسوویدا هەموویان لەو شوێنە شەهیدبوون تەنهاکچێکی ماوە ئێستا ئەویش تاقانەیە. ئەوانە هەموویان لەلای قلیج شەهید بوون . ژنەکەی و برایەکی ژنەکەشی بەلایەکی تردا رۆیشتبوون لەیەک دابڕابوون. کچێکی تری مامەم بەکۆڵی دایکیەوە بوو نەیانزانیبوو کە مردووە، هێنابوویان لەویێ زانیبویان کە کیمیایی کوشتوویەتی ئیتر هەرلێرە لە حەوشەی مەکتەبێکدا خاڵۆی و ئەوان ئەسپەردەی خاکیان کردبوو.

**ئەوان نەیانزانیی بوو کەوا کیمیایی بەریان کەوتووە ؟**

بەڵێ زانیبوویان بەڵام نەیانزانیبوو ئەوکچەی کوشتووە، هەربەکۆڵی دایکیەوە مردبوو کیمیاییەکە کوشتبوی .

**ئەی هەتا ئێستا تەرمەکەی هەرلەومەکتەبەدایە ؟**

نا دوای ساڵی 1991 هەربەجلەکانی بەریەوە دەرمانهێنایەوەو بردمان لە شەهیدان جارێکی ترئەسپەردەی خاکمان کردەوە .

**وتت ئەومامەشت کەواشەهید بوو تەنها یەک کچی ماوە ؟**

بەڵێ تەنها نەسرین ماوە ئەویش تاقانەیە .

**کەواتە ماڵی خۆتان بەرکیمیایی نەکەوتن ؟**

نەخێر کەسمان بەکیمیاییەکە شەهید نەبوو، بەڵام ئێمەش بەرکەوتین تەیارە هات لەبەلخەش کیمیایی وەشاند، نەک هەرلەبەڵخە تەنانەت لەتەوێلەو بیارەش وەشاندبووی تەیارەکان بەسەرماندا دەهاتن و بۆمبیان بەردەدایەوە، بەڵام چونکە بای هەبوو شوێنەکەمان بەرزبوو وەک نزمایی نەبوو نزیکەی 14 ماڵی ئەم گەڕەکەی خۆمان بەشایەدن دەزانن ئیتر لەوانە خزم ودراوسێمان کۆکردەوەو بارمان کرد بردمانن بۆبەلخە، هێشتا کیمیاییەکە نەوەشابوو.

ببورە ماڵەکان وەک بیرت بێت ماڵی کێ وکێ بوون ؟

هەمووی خەڵکی ئەم گەرەکەو هەمووی خزمی خۆمان بوون . ماڵی دادەقەتێو ماڵی کاک سەلام وماڵی کاک شێرزادوماڵی خاڵۆعوسمان (ئەو ئەمری خوای کرد لەئێران) ماڵی خاڵۆیەکی ترم داودو خاڵۆئەحمەدو برێکی تریش خەڵکی ناسیاوئەوانەو هەندێکی تریش نەمان دەناسی سوارمان کردن و بردمانن بۆ بەڵخە لەوێ دامانن وخۆمان هاتینەوە، ئەو مامەمان (حەمید عەزیز مەحمود) کە ئێستا شەهیدی کیمیابارانە جێمابوو، وتمان ئەویش دەهێنین و برێک خزم وکەسوکاری تریش دەبەین، بەڵام لە رێگا پێیانووتین کیمیایی داوێتی لە هەڵەبجەوخەڵکێکی زۆری کوشتووە، کە هاتین ئیتر هەرخەڵک بوو کەوتبووە ئەو دەشتە هەبوو بەسەیارە هەبوو بەپێ، ئیتر خەڵک تەواو شڵەژا بوو، مامەشم هەتا عەنەب هاتبوو، بەڵام لەرێگەکە لەنزیک گوندی قلیج بەکیمیاییەکە شەهید ببوو.

**هەرخۆی شەهید ببوو یاخود خانەوادەکەشی ؟**

خۆی وکورێکی وکچێکی لەوێ شەهید ببوون .

**ناوی کورو کچەکەی چی بوون ؟**

و مەیتمان لەرێی خۆمان لادا هەتاوای لێهات نەمانتوانی لایانبەرین .

**بۆچی نەتانتوانی ؟**

لەبەرئەوەی زۆربـــــوون خۆنەشــــــدەکرا بەسەریاندا برۆین وبیانشێلێن ئێمە لۆریمان پێبوو . تەرمەکانیش زۆریان لەسەرجادەکە کەوتبـــوون بەزۆری لەنزیکـــی باخەکـــانی عەنەب . ئیتـــر گەرایـــنەوە بەناوعەنەبـــدا ویستمان بێین بەڵام ئەوێش تەرمی زۆری تێداکەوتبوو مـن و خـاڵۆم بەیەکەوە بـووین، باوکیشـــم بە پیکـــابەکەی خـــۆی لەگەڵ ئەو خـزمەی خۆمانـدا بـوو، ئیتـر هەرتەرممـان لادەدا ئەوەنـدەی بۆماندەکرا دەمانشـاردنەوە بەڵام لەتواناماندا نەبـوو ئەو هەمـوو تەرمە بشارینەوە.

**هـیچ لەوانەی لاتـان دەدان زینـدوونەبوون هەموویان گیانیان دەرچوو بوو ؟**

بـــا دوان ســـیانێکیان گیانیـــان تێـــدامابوو ئەوانەمـــــــان هەڵگـــــرت وکردمــــــاننە ســــەیارەکانمانەوە. تەنــــانەت یەکێکیـــان بەوحاڵەشــەوە منـی ناسـییەوە وتـی: فەریـد هەڵمگـــرن راســـتی ئـــێمە لەو حـــاڵەدا واپەشـــۆکابووین نـــاوی خۆمانمـــان بیـــر چووبووەوە کەچی ئەو ژنە منی ناسییەوە .

**ناوی چی بوو ؟**

نەسرین رەحیم بوو لەگەڵ خوشکێکی تریدا نـازانم نـاوی ئەویـانم بیرنەمـاوە . مـالێکی تربـوون کـاک عزەتـی نـاوبوو، بـاوکی کـاک فایەق و دایکیشی بوون سوارمانکردن بەڵام کەهـــاتینەوە بۆنـــاو هەڵەبـــجە ئەوان وتیـــان دادەبەزیـــن ووتمـــان ئـــێمە دەچیـــنەوە بـــۆ هەورامان ووتیان نایەین ئیتر ئەوان دابەزین . لەنـــاو عەنەبیشـــەوە کە هـــاتین دە پـــانزە بنیشێتە سەرمان بۆیە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبـوو لەسـەرمان، تەنـانەت دایکـم رشـایەوە بەکیمیاییەکە . بۆنێکی خۆشی هەبوو.

**بۆنەخۆشەکەی وەک چی وابوو ؟**

وەک بۆنی سێو وابوو.

**ئەی کەواتە ئەوکەسـانەی مـاڵی ئێوە بەچـی شەهید بوون ؟**

ئەوانەی مـــــاڵی ئـــێمە لەئێـــران بـــــوون لەگەرانەوەدا بـۆعێراق هەموویـان گیرابـوون وئەنفالکران .

چەند کەس بوون ؟

22 خێزان بوون پێکەوە .

**ببورە مەبەستم ئەندامانی خێزانەکەی خۆتانە چەند کەس ئەنفالکراون ؟**

12 کەس .

**ئەگەر ناوەکانیانم پێبڵێیت ؟**

نـــاوی ئەنفالکراوەکـــانی خانەوادەکەمـــان براکانم (فەرهاد، فەتـاح، عەلـی، فەلاح، نەوزاد، ئـازاد)خوشکەکانیشـم (هـدیە، زکیـیە، شـادییە، نادییە) لەگەڵ دایکم (محتـاب حەمە ئەمین) و باوکم .

ببـورە باکەمێـک بگەرێیـنەوە بـۆ دواوەوە ووتـت ئێمەگەراینەوە بـۆهەڵەبجە بـۆئەوەی مـامم وخزمـی تـربهێنین دواتـر زانیتـان کە بەکیمیایی لەهەڵەبجە دراوە.

**ئینجا چیتـان کـرد هـاتن یـان گەرانەوە بـۆ بەڵخە . ؟**

نەوەڵا نەگەرایـنەوە لەگەڵ بـاوکم و راسـتی بیـرم نەمـاوە کێـی ترمـان لەگەڵدا بـوو، ئیتـر شـەومان بەسـەردا هـات کە نزیـک بـووینەوە لەلای باخەکـــانی عەنەب مەیتمـــان دەبینـــی لەسەرجادەکە ، ئیتر لاماندەبردن، هەر هـاتین

هەرچەندە قنعایشم پێبوو بەڵام نەمدەتوانی بیبەستم چونکە پێی تەنگە نەفەس دەبووم .

**(دەمامک)، قینعات لەکوێ دەستکەوتبوو ؟**

ئەومعسەکەرانەی نزیکمان هەیانبوو پێشتر لێم وەرگرتبوون .

**ببورە بائەو پرسیارەم بیرنەچێت تەرمەکان ڕەنگیان چۆن بوو ؟**

هەندێکیان لەگوێچکەیانەوە خوێن هاتبووە دەرەوە بەڵام بەزۆری دەمیان کەفی کردبوو. شتێکی گرنگت بۆبگێڕمەوە خاڵۆیەکی دایکم هەبوو محمود بەگ لەگەڵ خاڵۆ مستەفا ئەوان پێکەوە بوون لەنزیکی عەنەب ئەو لەوێ بەکیمیاییەکە مردبوو بەڵام خاڵۆ محمود بەگ بەهۆی ئەوەی بەردەوام جگەرەی کێشابوو کیمیاییەکە کاریگەری بەسەرییەوە نەمابوو چونکە دەڵێن ئاگر بۆ نەهێشتنی کاریگەری کیمیایی باشە . ئەویش چوارساڵ پێش ئێستا ئەمری خوای کرد .

**ئەوکاتە ژمارەی خانەوادەکەتان چەند کەس بوون ؟**

بەمنەوە سیانزە کەس بووین شەش برام و چوار خوشک و دایکم و باوکم .

کە لەبەڵخە بووین دوو ڕۆژ لەوێماینەوە باوکم ووتی ئێوە لێرە مەمێنن بڕۆن بۆ ئێران، ئیتر ئێمە ڕۆیشتین باوکم ودایکم و برایەکم لە بەڵخە لەگوندە کۆنەکەی خۆماندا مانەوە. وتیان ئێمە لێرە دەمێنینەوە ئەگەر وەزعەکە بەرەوباشی چوو باخەکانیش ئاودەدەین . بەڵام لەبەرئەوەی ئێرانیەکانیش زور لەوێ نەمانەوە پاشەکشەیان کرد، ئیتر باوکم وئەوانیش لەوێ نەمانەوەو هاتن بۆ ئێران لەوێش ئیدارەیان نەکرد ماوەی سێ مانگ لە ئێران مانەوە ئەوان گەڕانەوە بۆ تەرمێکمان بینی لاماندانە لاوە، لەناو ئەوەندا بوو کە سەربازە عێراقییەکانمان بینی جلی مغاویرییان لەبەربوو ئەوان ئاوسابوون . ئەوانە هەر ئەو ڕۆژەی هێرشەکە بوو هیلی کۆپتەر دایبەزاندن لەوبانەوە دیاربوو خۆیان لەناو باخەکاندا حەشاردابوو بەڵام ئیتر ئەوانیش تێداچوون . ئیتر کە گەیشتینەوە ناوهەڵەبجە دەتگووت ڕۆژی قیامەتە کەس بەکەسەوە نەبوو یەکێک دەهاتەوە بۆناو هەڵەبجە یەکێک دەرۆیشت، سەیارەکەم لەسەرجادە وەستاند ووتم کێ سەردەکەوێ سواربێت ئیتر پرم کردەوە لەخەڵک، باوکیشم سەیارەکەی پڕکردبوو لەخەڵک بەڵام ئەمجارە لە عەبابەیلێوە ڕۆیشتینەوە . چونکە ڕێگەی عەنەب کیمیایی لێدابوو خەڵکی زۆر کوشتبوو بۆیە بریاماندا لەوێوە بڕۆینەوە . ئەوەش ڕێگەیەکی سەربازی بوو زۆر سەخت بوو، تەنانەت بەقوڵی ئاوێنەکانیشەوە خەڵک خۆی هەڵواسیبوو، لەپشتی کوشنەکەمەوە کە بۆشاییەک هەیە خەڵکی تێدابوو. ڕێگەکە زۆر سەخت بوو تەیارەش هەر بەئاسمانەوە دەسوڕایەوە دەبوو زوو لایتەکان بکوژێنمەوە، کە دەرۆیشتنەوە دەبوو لایت هەڵبکەمەوەو بکەومەوە ڕۆیشتن، ئەو ڕێگایە هەموو سەعاتێک ڕێگایە من بەسێ سەعات ئەو ڕێگایەم بڕی . بەتایبەتی ڕێگەی تاوێرە زۆر زەحمەت بوو لۆفەی وای تێدا بوو دەبوو دوجار بەگ دابنێم ئینجا بسوڕێمەوە خەڵکێکی زۆر زۆرم بارکردبوو، جادەکە بەدیوی ئەودیودا زۆر سەرەولێژ بوو، سەرما بوو چاویشم قورس ببوو، دیاربوو کە ئەو تەرمانەمان لادابوو کاری تێکردبووم

هەروا دوسێ ڕۆژی مابوو تەواوبێت باوکم ووتی بەخوا ئێمەش دەڕۆینەوە . هەرچەندە مامەم زۆری پێ ووت کورە مەڕۆرەوە ئێرەتان باشترە پێی ووت تۆ پارەومالێکی زۆرت هەیە، بەخوا کە هاتەوە چوار لۆری بەس غەرازی بارکرد، بایی سەدهەزاردیناری عێراقی شتی سەند لەگەڵ خۆی هێنایەوە بۆ عێراق ئەویش ڕۆیشت فەوتا. بەقسەی مامەمی نەکردو هاتەوە بەڵام سێ چوار ڕۆژ بوو لێبوردنەکە تەواو ببوو، ئیتر ئاوایان لێهات .

**بە دیاریکراوی نازانی چی ڕۆژێک بوو لەوێوە بەرێکەوتن ؟**

نەبەخوا بیرم نایات بەڵام لێبوردنەکە چەند بوو ؟

**٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بوو . بۆماوەی مانگێک بوو .**

ئێ کەواتە هەتا 10/6 بووە ئەوان دوای ئەوە هاتنەوە . وابزانم 10/27 بوو کە هاتبوونەوە هەرئەوانیش نەبوو 22 خێزان بوون، ئیتر هەرلەتەوێڵەوە یەکسەر بردبویانن بۆ تەوارییەکەی سلێمانی ولەوێ هەروا سێ چوار ڕۆژێک هێشتبویاننەوە، ئیتر ڕەوانەی تۆپزاوایان کردبوون، ماوەی سێ مانگیش لە تۆپزاوای لای کەرکوک مابوونەوە.

**چۆن ئەوزانیارییەت دەستکەوت کەس هەبووە لەگەڵ ئەوان بوبێ بلێت سێ مانگ لە تۆپزاوا بوبین .؟**

بەڵێ هەیە، ماڵی کاک ئەحمەد لەوێ بوون ئەوان بەوەرقەی شەهیدی قادسیە بەربوون لەوێ پێیانوتبوون کێ شەهیدی هەیە ؟ ئەوان ووتبوویان ئێمە کورێکمان شەهیدە .

عێراق ئیتر ئەوە بوو کە هەموویانیان گرت و هەتا ئیستا چارەنوسیان نادیارە . ئەو برایەم کە لەمن گەورەتر بوو دڵی بەهاتنەوەوە نەبوو نەیدەویست بێتەوە بۆ ئەمدیو، بەڵام مامەم هات ووتی دەبێ تۆش بڕۆیتەوە، چونکە باوکت وئەوان بەبێ ئیدارەناکەن ئیتر کەوتنە خۆکۆکردنەوەو منیش خۆم ئامادەکرد بۆئەوەی لەگەڵ ئەوان بگەڕێمەوە . نوسراویان بۆمنیش کردبوو، بەڵام من ووتم بەخوا من تاقەتی بەزمورەزمی عەسکەری و فیراریم نەماوەو ماندووبووم بەدەست عەسکەری و سجن و بێنەوبەرەی حکومەتەوە باوکم ووتی دەتۆمەیەرەوە .. ڕاستی من ئەوکاتەش خانەی خۆم جیاواز بوو. منیش ماڵم پێچابووەوە هەرئەوەندە مابوو ماڵ باربکەم . بەڵام من خوا نایە دڵمەوە دیاربوو قسمەتم لەگەڵ ئەوان نەبوو، باوکیشم پێی گووتم تۆمەیەرەوە .

**ببورە ئێوە لە چ ئۆردوگایەک یشتەجێ بوون ؟** ڕەوانسەرەوە، هەروا چارەکێک دەبێ . لەوێ هەندێک قاعەوشتی تێدابوو ئێمە لەناو ئەو قاعانەدا بووین .

ئێمە لەشارەدێی هەسەن ئاوا بووین .

**کەواتە ئێوە لە ئۆردوگاکاندا نەبوون ؟**

نەخێر ئێمە لەئۆردوگانەبووین . لەبەرئەوەی ماڵی مامەم دکتۆر یوسف لەوێ بوو ئێمەش چوینە ئەوێ مامەم پێشمەرگەی پارتی بوو .

**ئێوە چۆن لەخۆتانەوە بریارتاندا بگەرێنەوە یان پروپاگەندەیەکی لێبوردن هەبوو؟**

بەڵێ لێبوردنێکی گشتی هەبوو ئەوەی مانگی ئەیلول خەڵکێکی زۆر بەو لێبوردنە گەڕانەوە بەڵام ماڵی ئێمە کەمێک دواکەوتن، باوکم لەوکاتەدا دڵی پێوەی نەبوو بگەرێنەوە کەچی

دەیگــووت مــن مــاڵی بــاوکتم بینیــوە، لەتەلبەندێکـدا بـوون لەنـاو سـەربازگەیەک بوون، هەتا وتیشی باوکت دەستی شکاوە، بەڵام ئەوە هەر پروپاگەندەیەک بوو، چونکە ئەوانەی ئـێمە جیـاواز بـوون، لەوەناچێـت ئەوانەی ئێمەیـان بردبێـت بـۆ نوگرەسـەلمان لەوەدەچێــت هەریەکســەر لە تــۆپزاواوە بردبێتیانن زیندەبەچاڵیان کردبن .

ووتت ئەوان 22 خێزان بوون ئەی نەتزانی ئەو 22 خانەوادەیە بەهەموویان چەند کەس بوون ؟

نــابەخوا بەژمــارە نــازانم بەڵام پێــنج خانەوادەیان خەڵکی دێکەی خۆمان بەلـەی هەورمان بوون .

کێ و کێ بوون ئەو خانەوادانە .؟

ماڵی کاک فەریق و ماڵی کاک میکایل و ماڵی بـاوکی و مـاڵی بـاوکی مـن و مـاڵی کـاک سـلێمانیش بـوون ئەوان خەڵکـی سـەرگەت بوون.

**کەواتە خانەوادەکـــانی ئێـــوەش وەک کوروکچەکـانی حسـێن شـا تەنها بـراون بـۆ تۆپزاواو لەوێوە ئیتر بێ سەروشوێنکراون .**

بەڵـێ بەڵـێ هەربەیەکەوە بـوون، منـداڵەکانی حسـێن شـاوماڵێکی تـریش هەرلەگەڵ ئەوانـدا بوون، ماڵی باوکی مامۆستا عومەر ئەویش هەمووکەسـوکارەکەی ئەنفـالکراون و ئێسـتا تاقانە ماوەتەوە .

**مەبەسـتت مامۆسـتا عـومەر خۆشـی ئەنفـال بوو؟**

بەڵــێ ئەویــش وانە دەڵێــتەوە، کەســوکاری ئەنفالە

**ئەوەی مـن باسـی دەکەم شـاعیرە عـومەر محەمەد سوبحان ؟**

**ئەحمەد کێیە خەڵکی ئێرە بوون ؟**

بەڵـی خەلکـی ئێـرەن ئەحـمەدی تەرەپیـازی پێدەلێن لێرە بەوە ناسراوە . ئیتر باوکیشم ووتبووی ئێمەش شەهیدمان هەیە ووتبویان کـوا بەلـگەکەت بێنە بابەرتـان بـدەین بەڵام باوکم هیچ وەرقەیەکی پێ نەبوو.

**جا شەهیدتان هەبوو یان هەروا وتبووی ؟**

بەلێ من نەنکم بە تۆپی ئێران شەهید بوو. بەڵام هـیچ وەرقەیەک بەڵگەیەکی پێنە ببـوو، ئەگەر وەرقەیەکــی پێبــوایە ئەوانیشــیان بەردەدا. ئەوەشـــم بیرچـــوو کە لەعەربەت خزمـــی خۆمـــان بینیبویـــانن بەڵام ئەوان نەیانزانیبوو ئاوایان لێدێت. کەسێکی ترهەبوو ناوی حەربییە بوو، مامەم زۆر هەوڵی دابوو بەریانبدات ئەو حەربییە ژنێکی بەعسی بووە مامەم ناسیبووی چوو بۆلای پێی ووتبوو بۆ زوو نەهــاتی ئەوانەی تــۆ باســیان دەکەی هەموویــان لێـرە بـوون بەمنـداڵەکانیانەوە، گواستراونەتەوە بۆ سەماوە تۆ زوو قسەت بکـردایە هەوڵـیکم بـۆ دەدایـت بەریانبـدەین . چـونکە کەمـن لە ئێران بـووم مـامەم هەوڵـی زۆری بۆدابوون بەڵام بێسود بوو.

**کــێ دەزانــێ کەســوکارەکەت بــراون بــۆ نوگرەسەلمان ؟**

هەرئەو ئافرەتە بە مامەمی وتبوو.

**وتبووی بۆ سەماوە یان بۆ نوگرەسەلمان ؟**

هەرئەوئــافرەتە بەعســیە کە حەربیــیەی نـاوبووە وتبـووی بـراون بـۆ سـەماوە بەڵام مەرج نیە بردبێتیانن بۆ نوگرەسەلمان.

**هیچ کەسێک کە لەنوگرەسەلمان گەراوەتەوە کەسوکاری تۆی نەبینیوە ؟**

نەخێــر کەس نەیبینیــون، بەڵام هەنــدێک پروپاگەنــدە هەبــوو بۆنمــونە کــابرایەک

ئەوکاتە ئاگادار بوون کە خرابوونە مزایەدەوە ؟
بەڵێ مامەم ئاگاداربوو ئەو چوبووە مزایەدەکەشەوە وتبووی باbزانم کێ دەیکرێت .
**ئەی پێی نە وتبوون کە ئەوە ماڵی خەڵکە ..؟**
ئەی کاکە لۆری سنەوی هەیەو رەقمی هەیەو ملکی خەڵکە کەسێک کە دەیکرێت نازانێ ئەوە ماڵی خەڵکە ؟ دەبێت بیزانێت .
**ئەی مامەت نەیزانی بوو کێ کڕیبونی ؟**
باچۆن نەیزانیبوو خەڵکی سلێمانی بوون یەکێکیان ماڵی لەزەرگەتە بووە، بەڵام من بۆخۆم چووم بۆ کەرکوک سەیرم کرد سنەویەکەی هەربەناوی خۆمانەوەیە بەڵام بەنوسراوی دائیرەی ئەمن تەحویلکراوە .
**جۆری سەیارەکان چی بوون ؟**
سکانیاو ئاخچەم بوون . تەنکەرێکیش بوو بەڵام ئەوەیان مامەم خۆی فرۆشتبووی .
دوای ئەوەی حکومەتی بەعس لێرەنەماو حکومەتی **هەرێمی دامەزرا تۆهیچ سکاڵایەکی یاسایت لەسەر ئەوجاشە عەلی لوت ماسی نەکرد ؟**
نەوەڵا سکاڵای چی بکەم دامە دەستی خوا بائەو حەقی خۆی لێبکاتەوە .
**ئەی تۆ ئەگەر قەرەبووی ئەنفال بکرێتەوە بەبێ سکاڵای یاسایی چۆن دەتوانی قەرەبوو وەربگریتەوە ؟**
داوامانکردووە سکاڵامان لەرێگەی کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجەی شەهیدەوە کردووە ( ) وەزارەت و (دەزگای شەهیدان)( )یش لەوە ئاگادارن ووتوومانە ئێمە سامان وسەیارەوشتمان زۆر فەوتاوە .

نەخێر ئەوە نیە ئەوەی من باسی دەکەم عومەرسلێمان قادر . کاک عەلی مستەفاش هەروەها هەموو کەسوکارەکەی ئەنفالن .
**ئەویش بەتەنیا ماوەتەوە ؟**
نا نابەتەنیا نیە، ئەو خۆی و سێ خوشکی دەرچوون .
**کاک فەرید من ئەوە دەزانم کە ئێوە خانەوادەیەکی خۆشگوزەران بوون لەهەڵەبجە. بەڵام ئەنفال ئاوای لێکردن .**
بەڵێ پێموایە باوکم پێنجەمین کەسی دەوڵەمەندی هەڵەبجە بووە، ئەوکاتە بێجگەلەوەی لەلای خۆم بوو، باوکم پیکابێکی پێبوو، تراکتۆرمان هەبوو، چوار لۆریشمان لەلای سایەق بوو لە سلێمانی، خەڵکێک ئیخباری کردبوو کەئەو لۆریانە هی ماڵی ئەنفالکراون عەلی لوتماسی چووبوو لە سایەقەکانمانی سەندبووەوەو بردبوونی رادەستی حکومەتی کردبوون، حکومەتیش دوایی خستبونیە مزایەدەوەو بەخەڵکی فرۆشتبوون .
**سایەقەکان کێ وکێ بوون ؟**
سایەقەکان یەکێکیان حەسەن قادر بوو، یەکێکی تریان لەلای لوقمان حەسەن بوو، ئەمە دوو یەکێکی تریشان لای کاک ئەورەحمان بوو لەم ماوەیدا مردوئەمری خوای کرد، کاک حەسەنیش هەر مردووە، تەنها یەکێکیان لەژیانداماوە بەڵام پێش ئەوەی بمرن چووم بۆلایان وتیان هەتا تاوانمان بوو لەلای خۆمان بوون و پاراستبوومانن بەڵام ئیتر کە جاشی حکومەت هات لێی سەندین دەسەڵاتمان نەما، دواترئەوانە لەسلیمانی خرانە مزایەدەوە.

دوای دووسـاڵ ، مـن هەرلەوێ بـووم ئینجـا گەرامەوە .

**تۆ دەتزانی کەسوکارەکەت بەچ چارەنوسێک گەیشتوون ؟**

دوای شـەش مانگ ئینجا زانیم زۆر خەفەتم خوارد. وەزعم تێکچوو، توشی کەئابە بووم ، وەزعێکـی زۆرخـراپم هەبـوو، نـازانم چـۆن ئەورۆژانەم بەرێکـــرد خوایارمەتیـــدام و ســـەبوری دام ئەوکـاتە تەنهـا کورێکمـان هەبـوو، ئێسـتا گەورەبـووەو ژنـم بۆهێنـاوە، ئەوکورە تەنها سەبوریم بوو.

**کەس نەبـوو لە ئێـران هاودەنگیـت بکـات و دڵتبداتەوە ؟**

بەڵێ ماڵی مـامەم لەوێ بوون ئـامۆژنم زۆر دڵی دامەوە ئەو زۆربۆم باش بوو، بۆخۆشی پـورزای دایکـم بـوو . ئەوان دڵخۆشـییان دەدامەوەو بۆخۆشـــم لەوێ ســـەرقاڵی ئیشوکاربووم ئیشی لۆری وبارم دەکرد.

**کـێ ئەو هەواڵەی پێـدایت و چـۆن پێیـان ووتیت ؟**

مامۆسـتا بـرایم کـاغەزێکی نـاردبوو بۆمـاڵی خـاڵۆی ئەوانیش هەر پورزای بـاوکم بـوون بەیەکەوە بـــوون لەگەرانەوەدا پـــێکەوە گیرابـــوون، ئەو هەواڵەکەی نـاردبوو. ئیتـر ئەوانیش بەمنیـان ووت کە ئەو 22 خێزانەی کە لە سـنوری تەویـڵەوە رۆیشـتوونەتەوە هەموویان گیراون .

**ئیتـر ئەو ئاگـاداری کردبـوونەوە لەوەی کە ئێوەش نەیەنەوە ؟**

بەڵـێ نوسـیبووی ئەوانەی پـێش لێبـوردن هـاتوونەتەوە هەموویـان بـراون بـۆ سـجن و خـواردنی خراپیـان پیدەدەن و ئـاوی سـوێرو ئەوانەی دوای لێبـوردنیش هـاتوونەتەوە بـێ

**باســـی ئەوەت کـــرد کە باوکـــت لەکـــاتی گەرانەوەدا غەرازێکی زۆری هێناوە ؟**

بەڵـــێ بەڵـــێ غەرازوکەل وپەلێکـــی زۆری هێنابوو بایی سەدهەزاردیناری ئەوکاتە شتی هێنابوو.

**ئەوەش هەمووی دەستی بەسەردا گیرا ؟**

بەڵێ هەمووی فەوتاو نەبینرانەوە . بەسەیارە تایبەتیەکەی خۆشیەوە .

**باسی کۆمەڵەی قوربانیانت کرد، کۆمەڵەی قوربانیانی ئەنفالیش هەیە .**

بەڵێ ئەندامم لەو کۆمەڵەیە .

**کـۆمەڵەی قوربانیـــانی کیمیابـــاران نـــالێم کۆمەڵەی ئەنفالەکانی هەڵەبجە .؟**

هـــی ئەنفالمـــان جیـــا نـــیە هەرئەوەیە بـــۆ کیمیایاباران بۆ ئەنفالیش هەرئەوەیە.

**کـۆمەڵەی قوربانیـــانی کیمیابـــاران نـــالێم کۆمەڵەی قوربانیانی ئەنفالی هەڵەبجە ئەوەی کاک عەلی عارف ئەوان سەرپەرشتی دەکەن ، ئایا تۆنازانیت کۆمەڵەیەکی واهەیە ؟**

لەکوێیە لێرە ؟

**بەڵێ لێرە لەهەڵەبجە .**

مـــن ئاگـــاداری نـــیم و کەســـیش ئاگـــاداری نەکـردوومەتەوە، بەڵام ئەنـدامم لەکـۆمەڵەی شەهیدانی هەڵەبجە .

**مەبەسـتت کۆمەڵەی قوربانیـانی کیمیابـارانی هەڵەبجـەیە ئەوەی کـاک حـیکمەت وئەوان سەرپەرشتی دەکەن ؟**

بەڵێ من ئەندامم لەوێ ئەوەی تر کە تۆباسی دەکەیت ئاگادارییـان نەکردووم نەمبیسـتووە. هەقە ئاگادارییـان بکەیـت بـۆئەوەی بـزانن کە خەڵکی تریش هەیە لەهەڵەبجە ئەنفالی هەیە .

**تۆ هەتاکەی لە ئێران مایتەوە ؟**

زۆر ناخۆش و ترسناک بوو، کوردی تێدا بوو عەرەبی تێدابوو، ئەمنەکان ئەوەندە دڵرەق و نائینسان بوون، هەرچی هەست و سۆز هەبوو نەیانبوو، کردیانینە ژورەوە بەوانەی ناو سجنەکەی ووت ئەمانە دەناسن سجنەکان وتیان نایاناسین .

**ئەوانەی تر چی بوون سجنی سیاسی بوون یان وەک ئێوە بوون ؟**

یەکێکیان کورد بوو ووتی من شەش ساڵە لێرەم کەسوکارم نازانن ماوم یان نەماوم، بەبیجامەوە هاتمە دەرەوە بۆ نانکرین، ئەوە شەش ساڵە لێرەم . یەکێکی تری تێدابوو ئەویش هەر کورد بوو دوان سیانێکی کوردی تێدا بوو، هەیان بوو دەیگوت من شەش ساڵە لێرەم و هەیانبوو دەیگوت سێ ساڵە لێرەم . ئێمە زۆرنەماینەوە ماوەی 45 شەوماینەوە بەڵام کە دایانین بە دادگا، ئازادیانکردین و رادەستی ئینزیباتخانەیان کردینەوەو ناردمانیانەوە بۆ وەحدەکانی خۆمان.

**ئەی شێوەی دادگایی کردنەکەتان چۆن بوو نەیان ووت ئێوەمان بۆچی گرتووە ؟**

دوو حاکم بوون، یەکێکیان زۆر تورەو توندبوو، ئێمە چاومان بەسترابوو ئەوانمان نەدەبینی حاکمەکە وتی : تۆکەسوکارت پێشمەرگەیە، ووتم نەخێر پێشمەرگەنین، ووتی ئەی بۆچی چونەتە ئێران ووتم ئێمە نەچووین ناوچەکەمان گیراوەو وەک دیل رەوانەی ئێران کراوین، کەسوکاریشم هاتوونەتەوەو گیراون ووتی درۆمەکە باش بوو حاکمەکەی تر ووتی راستدەکات کەسوکاریی گیراون. ئیتر نەیانهێشت زۆر بمێنینەوە وتی بیانبەنەوە بۆ قاعەکە ئیتر سەروشوێنکراون . ئیتر خۆشت باشتر دەزانی کە ئەوانەی لەنوگرەسەلمان گیرابوون چییان لێبەسەرهاتووە، کاک ستارپالانەیی بۆی گێڕامەوە کە ئەوانەی گیرابوون چۆن ئەشکەنجەیانداون ووتی ئافرەتێک دوگیان بووە بەلەقەداویانە لەسکی بۆئەوەی منداڵەکەی فڕێ بدات . تەرمەکانیش دەدرانە دەم سەگەوە کە بەریش بووین بردیانین زۆرخزمەتیان کردین و بردیانین بۆلای دکتۆرو چەند رۆژێک خواردنی باشیان پێماندا بۆئەوەی کەمێک ڕەنگ و رووهەڵبهێنینەوە ئینجا بەریانداین .

**ئەی کەگەرایتەوە بۆعێراق چیت لێ بەسەرهات و چۆن دەژیایت ؟**

کە گەرامەوە وەزعم زۆر خراپتر بوو، چوم لەسلێمانی ماڵێکم پێکەوە نا خانوویەکم بەکرێ گرت، چونکە خۆم فیراربووم یەکسەر گرتیانم بە عەسکەر، لەپێشەوە رەوانەی دهۆکیان کردم، بەڵام زۆر نەبوو کە عەسکەربووم، لەیەکە سەربازییەکەی خۆمدا بانگیانکردم و گرتیانم، رەوانەی ئەمنی بەغدایانکردم، لەدهۆکەوە بەسجنی رەوانەی موصلیان کردم لەوێشەوە بۆ کەکوک ئینجا ناردیانم بۆ شعبەی پێنج لەبەغدا، من و دوکەسی تر بووین هەر کوردبوون و خەڵکی لای خۆمان بوون، یەکێکیان تەمەنی سەروی پەنجا ساڵ بوو بەیەک کەلەچە بەیەکەوە بەسترابووین، لەئەمنی بەغدا دەستی دەلەرزی زۆردەترسا، ئەو دەیگوت ئیعدامان دەکەن، منیش پێمگووت ئەگەر خوارازی لەسەر بوو با ئیعدامان بکەن، چاومان بەسترابوو بردیانینە ژێر زەمینێکەوە لە شعبەی پێنج

سلێمانی پیکابێکم کرِی کاسبیم پێدەکرد، ئەو رۆژەی راپەریــن لەســلیمانی بــوو مــن لە گـۆخلان بـووم، وەزعەکە زۆر ئاسـایی بـوو سەیتەرەوشـت وەکـو خـۆی وابـوو، هـاتین لەعەربەت ووتیـان مەرۆنەوە بـۆ سـلێمانی شــەڕەو وەزع شـێواوە، بەڵام ئـێمە هـاتین هەرلەعەربەتەوە سـەیارەکەم پرکـرد لەخەڵـک دەبل کابینەیەکم پێبوو داوەو پێشـەوەش هەر خەڵکـی تێـدابوو دیـاربوو جـادە چـۆڵ بـوو کەس نەدەچــوو بۆسـلێمانی . کە گەیشــتینە سـەیتەرەکەی سلێمانی هێشـتا عەسـکەرەکان هەر لە شوێنی خۆیان بوون، کاتێکمـان زانی خەڵک و پێشمەرگە هاتن سـەیتەرەکەیان دایە بەرگوللە و هـەرچی عەسـکەر لەسـەیتەرەبوو رایانکردو چوونە ژورەوە، ئیترئێمە لەوکاتەدا دەرچـووین و رزگارمـان بـوو. ئیتـر ئەوەبـوو لەســــــلیمانی ئەمنەکـــــان هەر دوو رۆژ مقاومەیـان کـرد سلێمانی گیرا . ئێمە ماڵمـان لەلای دائیرەی ئەنفالەکە بوو ئەویش گیرا .

**بەشداری راپەرینت نەکرد بەتایبەتی گرتنی دائیرەی ئەنفالەکە ؟**

نەخێر نەوەڵا بەشداریم نەکرد.

**دلنیــام لەوەی روخــانی رژێــم و دادگــایی کردنــی ســەدام و رژێمەکەیــت بەلاوە زۆر خۆشــبووە، بەڵام مــن پێمخۆشــە هەســتی تایبەتی خۆتم پێبلێیت ؟**

بەخـوا ئەوەنـدەم پێخـۆش بـوو، وامـدەزانی کەسـوکارەکانم هـاتوونەتەوە، ئـاخر گـرتن وکوشتنی منداڵ وپیر، گرتن و کوشتنی ئەو هەموو ژن و منداڵانە چ دینێک قبوڵی دەکات، ئـاخر ئینسـان تەعدا لەژن و منـداڵ دەکـات ؟ بەعسـیەکان ئەوەنـدە دڵـرەق بـوون ئەوەنـدە خـراپ بـوون هەتـا ئەو رۆژەی دەمـرم زوڵـم زۆری نەبـرد هێنایـانین بـۆ ئینزیباتخـانەی حارسـیە. ئەوێـش بەهەمـان شـێوە خەڵکێکـی زۆری تێـدا گیرابـوو، یەکێـک لەو قاعـانەی حارسیە کوێتیەکانی تێدا بوو، بەچـاوی خـۆم بینـیمن ئەوان بەتەنـکەر ئاویـان بۆهـاتبوو ئەوەبـــوو کوێتیەکانیشـــیان وەک ئەوانەی خۆمان بێسەروشوێنکرد.

**چۆن زانیت ئەوانە کوێتییەکانن ؟**

پێشـئەوەی بگیـرێین زانیبومـان کوێتیەکـان گیـراون، لەوێـش جـل وبەرگـی عارەبیـان لەبەردابـوو، بەعەرەبی قسـەیان دەکـرد، ئیتـر باســیان کــردن ووتیــان ئەوانەی قــاعەی ئەوبەرمان ئەوە ژن ومنداڵی کوێتیەکانن .

**کەواتەی تۆ ساڵی 1990 گیراویت ؟**

بەڵــی مــن کە هــاتمەوە یەکســەر گیــرام بەعســــــــکەرولەوێش گرتیــــــــانم و بە کەلەپچەکـراوی هێنایـانم بـۆ ئێـرە شـوعبەی پێـنج لە ئەمنـی بەغـدا. دوایـی بە تفسـیرات ناردیـانینەوە بـۆ کەرکـوک لەوێشــەوە بـۆ موصـل، ئینجـا هەر بەسـجنی بردیانینەوە بۆ فرقە، لەوێش دوو شـەو سـجن بووین ئینجـا ناردیانینەوە بۆ وەحدەکەی خۆمان لە سوارە تــوکە . مــاوەیەک لەوێ عەســکەر بــووم بە بریــاری 140 خزمەتــی ســەربازییەکەیان هەڵپەساردین ناردیانینەوە بۆ تەجنید ووتیـان بـرۆنەوە چـاوەروان بـن مـاوەی سـاڵێکی تـر بانگتـان دەکەیـنەوە بـۆ خزمەتـی سـەربازی، ئیتر من هـاتمەوە بۆ سلێمانی هێشتا مـاوەی سـاڵەکەمان تەواو نەبـوو کە راپەرینـی سـاڵی 1991 رویـدا. مـن هەر ئەوکـاتەی راپەریـن رویـدا هـاتمەوە بـۆ هەڵەبـجەو دەسـتمکردەوە بەچـــاککردنەوەی خانووەکەمـــان . دەمەوێ ئەوەش بــاس بــکەم کە مــن هــاتمەوە بــۆ

**سوپاست دەکەم ئەوە هەستێکی جوانە کە پێشخۆت باسی دەردی ئەوانی تردەکەیت، من سەبارەت بەخۆت پرسیارم کرد ؟**

بۆخۆشم دوساڵی تەواومن موچەی کەسوکارەکەم وەرنەگرت دەیانگووت تۆ موچە ناتگرێتەوە، وەرە 12کەست ئەنفال بکرێت و پێشت بلێن موچە ناتگرێتەوە ؟! بەراستی ئەوە زۆر جێگەی نیگەرانی و گلەییە . خەڵکیش هەیە تەنها کەسێکی ئەنفالکراوە هەروەک من موچە وەردەگرێت ئەوەش جوان نیە بۆ حکومەت .

**ئەی خەڵکی شارەکەت گەرەکەکەت ؟ کوردبەگشتی چۆن سەیرتان دەکات بەچاوی رێزەوە سەیرتان دەکات یان بەزەیی پێتاندا دێتەوە ؟**

خەڵک بەگشتی باشە کەدەزانن کەسوکاری ئەنفالین زۆر رێزمان دەگرن . من مەمنونی هەموو ئەوانەم کەرێز لەکەسوکاری ئەنفال دەگرن .

**بیرورات چی بوو بەرامبەر ئەو رێزلێنانەی کە بۆتاقانەکانی ئەنفال وکیمیابارانکرا ؟**

زۆرکارێکی باش زۆرمان پێخۆش بوو، هەلبەت خۆشە خەڵکێک یان حکومەت ئێمەی لەبیربێت و رێزلێنانمان بۆ بکات . بەتایبەتی ئەوفەرمایشتەی بەریزت زۆر جوان و لەجێی خۆی بوو کە تاقانەی ئەنفال و کیمیاباران نەکرێن بە پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش، چونکە خێزانێک بەتەنیا یەک کەسی مابێت هەقی خۆیەتی ژیانی پارێزراوبێت .

**پرسیارێکم ماوە دەبوو زوتر بمکردایە ئێوە کەلە ئێران هاتنەوە چون لەسلێمانی نیشتەجێ بوون، ئەی ساڵی چەند لەسلێمانیەوە گەرانەوە بۆهەڵەبجە ؟**

وستەمی ئەمانەم لەبیرناچێتەوە. بۆ ئێمە کە بەبازگەیەکی ئەو بەعسیانەدا تێدەپەرین کەس هەبوو خۆی بە پیاو بزانێ دەی وت من بەشەرم ؟ هیچ رێزێک بۆ بەشەرمابوو ؟ بەڵام با هەڵەی کوردی خۆشمان باس بکەین، کاکە پێشمەرگەش هەڵەی بوو ئەگەر خەڵکیان پێنەدەپارێزرا بۆچی واماڵی خەڵکیان وێرانکرد، من زۆرم لەوانەی گەرمیانیش بیستووە دەیانگووت پێیانوتووین بۆ کوێ دەرۆنەوە بن باڵی حکومەت خۆمان دەتانپارێزین، بەڵام کە تینیان بۆهات نەیانتوانی کەس بپارێزن وخۆیان هەڵاتن .

**ئێستا لەدوای بیست وشەش ساڵ کۆمەڵگای کوردی وحکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن سەیرتان دەکات ؟ ماف وئیمتیازتان چییە ؟**

بەراستی ئیهمالییان زۆرە کەموکورییان زۆرە، نەک هەرلەگەڵ ئێمە لەگەڵ پێشمەرگەی خۆشیان لەم ماوەیەدا چوومە لای پێشمەرگەیەک 30ساڵی تەواو پێشمەرگە بووە، وتی چومەلای بەرپرسەکەم (ناوی پارێزراوە) هیچی بۆ نەکردووم ئاخر دور لەرووی تۆ خەڵک هەیە جاش بووە ئیمتیازو موچەی بەرزی هەیە ئەویش بەو تەمەنەوە خاوەنی ماڵ ومنداڵێکی زۆرە پشتگوێیانخستووە و هیچیان بۆی نەکردووە. پێویستە حکومەتی هەرێم بە خۆیدابچێتەوە هەرکەسێک مافی بەسەر خەڵک و حکومەتەوەیە مافی خۆی پێبدات . ئیتر ئەوەش دەزانم کە حکومەتەکەشمان هەلومەرجی باشی نەبووە کێشەی گرفتی زۆر بووەو بەکورتی نەیانهێشتووە بەپەرژێتە سەرئەوەی لابەلای شەهیدان و ئەنفالکراوان و کەسانی وەک منیش بکاتەوە.

سالّی 1991 کە راپەرین بوو ئێمە یەکسەر هەر زۆر زوو گەراینەوە بۆهەڵەبجە .

**تۆ ئێستا چەند منداڵت هەیە ؟**

مـن حەوت منـدالّم هەیە، دووکچـم چـونەتە مـالّی خۆیـان و کـورێکم ژنـی هـاوردووەو لەمـالّی خۆیـدایەتی کچێکیشـم فەوتـی کـرد، تەرمەکەیمان لەئێران ناشتووە.

**بۆچی کۆچی دوایی کرد نەخۆش بوویـان کاریگەری کیمیایی بەسەروە بوو ؟**

نەخێر بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد ماوەی مانگێک لە خەسـتەخانە بەدیـارییەوە بـووین لەگەڵ یەکچێکـی ترمانـدا دوانە بـوون، ئێتـر ئەویـان مـردو لەویّ ناشـتوومانە . ئەوەکەی ترمان ماوە .

**هیچکـام لەمنـداڵەکانت بەنـاوی خوشـک وبراکانتەوە نەناوەتەوە ؟**

نەوەڵا دڵـم نەهـات بەڵام پـورێکم کچێکـی بەناوی دایکمەوە ناوناوەتەوە .

**من هیچ پرسیارێکم نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت هەیە باسی بکەیت ؟**

**من زۆر سوپاست دەکەم**

**قـایلی ئەم دیـدارەی ئێسـتا تۆمارمـانکرد بڵاوبکرێتەوە ؟**

بەڵـیّ قـایلم چۆنـت پێباشـە بـڵاوی بکەرەوە . باخەڵک بزانیّ سـتەمی سـەدام و بەعسیەکان چـۆن بـووە کەسـوکاری ئەنفالکراوەکـان و ئەوانەی ئەنفالکراون چییان بەسەرداهاتووە.